# گول

عەبوو ڕاوەند



ڕۆمان

کتێبی ژنەفتن

١١

# گوڵ

عەبوو ڕاوەند

# گول

عەبوو ڕاوەند

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd

ناونیشان: گول

نووسینی: عەبوو ڕاوەند

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا

تابلۆی ڕووبەرگ: هاوار ئەمینی

مێژووی بڵاوکردنەوە:

هەولێر، نیسانی ٢٠٢٢

چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی

١٥١ لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

من هیوام ناوە پێویســـــت ناکا بۆ ناســـــینی من یان وێنـاکردنم زۆر بیر بکەنەوە، لەو کەســـــانەم کە ڕۆژانە ئەیانناســــیت و ئەیانبینیت. زۆرن لە دەور و بەرتان وەک خزم و کەسەکانی خۆتان، لە هەر شوێن و شار و جێگا و بنەماڵەیەک لەم کوردستانە کەسێک وەک من هەیە، زۆرن ئەوانەی وەک منن، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی زۆر کەسی وەک منی لە جێگا جیاوازەکانی ئەم وڵاتە دروســت کردووە، ســەرم بە کاری خۆمەوە ناوە و ســـــەرەڕای ئەوەی کە ئەزانم دۆخی زۆرینەی کۆمەڵگا لە من باشــترە هێشــتا هەر بۆڵەبۆڵ ناکەم و دۆخەکەم وەک خۆی قەبووڵ کردووە، لەوانە نیم کە نە زۆر ڕازی بم و نە نـاڕازییەکی بەرچـاو، نە لەوانە زۆر دوورم کە زۆر نـاڕازین نە لەوانەش کە زۆر ڕازین، تێبینیی خۆم هەیە لەســـــەر هەردوو لایان. شـــایەت بتوانم بە خۆم بڵێم کە ناڕازیم، ناڕازییەکی بێدەنگ، بەڵام ئەوە شــــتێک نییە لە

ئێستادا زۆرینەی خەڵک بە ڕواڵەتیش بێت نارازی قسە ئەکەن، نارازی قسەکردنێک کە بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان و لە دڵی کۆمەڵگا بکرێنە دەر و پێگە و کار و ژیانیان بخاتە ژێر کاریگەری و مەترسییەوە.

ئەم دۆخە بە من ڕاسەی نایەت، من هەر بارم چل مەنە، بە هەر بارا بڕۆم بازنەکەم لە خۆم تەنگتر کردۆتەوە، بەڵام بەڕاسی من لە کام لام، زیاتر بە کام لادا ئەیکێشم، لە ڕاستیدا بێلایەنمان لەم کۆمەڵگا نەماوە، دۆخەکە وەک شەڕی دەستەویەخە وایە، با باش بیر بکەمەوە شەڕناوجیشم کردبێت هەر بەشدار بووم تێیدا، با بزانم بە قسەکردنی کام لایان زۆر دڵخۆشم و ڕام ئەکێشێت، کێشەکە تازە نییە تا هەڵوێستێکی ڕوونت لە سەری نەبێت.

ئەمە بە من ناکرێت ئەم هەموو ڕایی ڕایی و بیر و داڵغە بە من ناکرێت تا زووتر لە دەستیان هەڵ بێم باشترە، من هیوام خۆم باش ئەناسم هەمیشە تا ئێرا ڕۆشتووم، ناڵێم کە بیرم نەکردۆتەوە و دۆخەکەم دەرک نەکردووە، بەڵام پێم وایە تا ئێرا پارێزراو ئەبم، لێرە بەولاوە گەر دەسەڵات و کۆمەڵگاش پێت نەزانن و ئەشکەنجەت نەدەن، تۆ خۆتی

که خۆت ئازار ئەدەیت و ئەکەویتە ناوچەی سـوورەوە، لێرە بەولاوەس کە شەیتان زەفەرت پێ ئەبات، شەیتان کە لەناو بیر و خەیاڵەکاندا هەمیشە خۆی مەڵاس داوە.

نـاتوانم زۆریش خۆم لۆمە بکەم و بە خۆم بڵێم حیز و سـڵامەت، ناکرێت ئەم عالەمە لە خۆم بکەمە دوژمن و وابزانم چاوی من لە هی هەموو کەس ڕەشترە. سەرم بە هەموو کونێکدا کردووە تـا ڕادەیەکی زۆر لە زۆربەی شـتەکان ئاگادارم و لەو داخ و دەردانەی کە خەوت لێ ئەزڕێنن و هەمیشـە دوای ئەوانەش توانیومە خەوێکی ئاسوودەشم هەبێت، ئەتوانم بێژم کە زیاتر لە منداڵیدا یا تا تەمەنەکانی شـازدە و حەڤدە ئەو دیمەن و ڕووداو و کێشـانە عەزابیان ئەدام، ئەو کاتانە زۆر نەمەتوانی جڵەوی هەسـت و بیرکردنەوە و هیچ شـتێکی خۆم بگرم، ئێسـتا دامەچڵەکێنێـت، بەڵام دڵخۆشـییەکی چکۆلەش ئەتوانێ ئەوانەم لەبیر بباتەوە، بۆ درۆ بکەم من کەسـێکی وام. بە زۆر خۆم ڕاگرتووە لەوانەیە هەر کـات جڵەوی خۆم لە دەس بدەم، بڵێی ئەم خەڵکەش وەها بن کە ڕووداوێک یا بیرکردنەوەیەک بتوانێ لە ڕەوتی ژیانی ئاسـاییی خۆیان لایان بدات و بیانکاتە کەسێکی سەرکەش و جڵەوی هەموو شـتێک لە دەس بدەن. لە ڕاسـتیدا هەرچەن لە دوورەوە

زۆر ئارام و سـەقامگیر ئەنوێنم بەڵام بەشـێکی زۆری ئەو خۆ دوورگرتنەم ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەسـتیـارییەم و ئەکرێت زۆر زوو بەری خۆمم پێ نەگیریەت و دۆخەکە لە خۆم بکەمە ئاور.

ئەوەندەش ئاگادارم کە لەم سـەردەمەدا ئەبێت زیاتر بەری خۆت بگریت لە حەقێقەت و ڕاسـتییەوە نەگلێیت تا لە درۆ و وەهمەوە.

لەوەتەی ئاوزاوم و پێگەشـتووم تا کاری ماڵ بووە بە دەوری ماڵەوە بووم و لە نەبوونیشـیا ڕێگەی کارکردنم گرتۆتە بەر لە هەر شـوێنێکی ئەم کوردسـتان و ئێرانە بووبێت. زۆر جێگا ڕۆشـتووم و زۆر کەسـم ناسـیوە لە مرۆڤە پەراویز و دوورەدەسـت و دەگمەنەکانی هەژاری و برسـێتی، زۆر شـەوم لە گەڵیاندا ڕۆژ کردۆتەوە و لە گەڵیاندا خەوتووم و خواردوومە و خەبەرم بۆتەوە.

هەر کامەیان و چیرۆکێکی بڕوا پێنەکراویان لە ڕابردوو و بنەماڵە و ژیانی خۆیاندا پێ بووە، مرۆڤ تا زیاتر خەڵک بناسـێت زیاتر ئەزانێت کە دنیا لەوەی کە لە مێشـکی ئەودایە بەرینترە. ئەو کات هەموو شتێکت لە بەردەستتدایە، پێویسـت ناکات بۆ ناسـین و بەئاگابوون لە دەرد و

ڕەنجەکانی خۆت و دەوروبەر دەست بۆ ئەدەبیات و مارکس و هیچ کەسێکی تر درێژ بکەیت و بیخوێنیتەوە، تێ ئەگەی، بەڵام تۆزێک دێر، لە هەموو شتێ تێ ئەگەی، بێ ئەوەی بۆ تێگەشتن چووبێتی تێ ئەگەی، بەڵام تۆزێک دێر، تێگەیشتن وایە شتێکی ڕوون نییە تا تۆ بە ئاسانی بتوانی بە ڕوانینێک بیبینیت، تێگەیشتن تاریکییە، تا چاوت بە تاریکییەکە دانەیەت و ڕەشی و تارمایی نەزرینگێتەوە تۆ تەنیا ئەتوانی چێوی لێ بکوتی و هیچ، تێگەیشتن ڕواڵەتێکی هەس کە تا کۆتایی تەمەن یەتەوە پێش چاوت و هەر تاوە و خاڵ و نیشانێکی ئەبینی، تێ ئەگەی بەڵام هەر ساڵە و هەر بیرکردنەوەیەک تەنیا بەشێکی. تا زیاتر تێکەڵ ببیت لەگەڵ ئەم خەڵکە ئەزموونەکانی ئەوان ئەبنە ئەزموونی تۆ، خەمەکانی ئەوان ئەبنە خەمی تۆ، خەونەکانیان بە خەونی تۆ، سنوورەکانت گەورەتر ئەبن تا جێگەیەک دوور ئەبنەوە کە ئیتر تۆ خۆت نازانی تا کویا تۆی، ئەبیتە ئیمپراتۆرییەک لە خۆت.

بە شێوەیەکی گشتی خۆمم ناساند و بیر و بۆچوونەکانی خۆمم بۆ وتن، لە ڕاستیدا هەروام پێم وایە بۆ ناسینی هەر کەسێک ئەکرێت لە چوار قسا ڕوونی بکەیتەوە و بێژیت

چۆنە و چۆن نییە، بنەماکانی ژیان خۆیان زۆر دیارن ئیتر ڕوونە تۆ کێیت بە شەرتێک بنەماکان بناسیت.

مرۆڤی ئەم سەردەمە مرۆڤی سڕ هەڵماڵراوە با بیشی شارنەوە، بەڵام ڕوونە ئەگەر لەو ڕەخنانە لەسەر خۆت نەترسی، ئەکرێت هەر بە خۆت و شانس و هەل و دەرفەتەکانی خۆتا لە ژیانی ئەویش تێ بگەیت، لە چ شتێک خۆی لا داوە و بۆ چ شتێک خۆی کوتاوە. مرۆڤی ئیمڕۆ بە تەواوی ڕەنگ و ڕەگەز و دین و داب و نەریتە جیاوازەکانی بەو هەمەڕەنگییەوە ئەتوانی ڕەش و سپی هەڵیان بسەنگێنی.

وەک وتم زۆر جێگا گەڕاوم و زۆر کارم کردووە و کەسی سەیر و سەمەرەم زۆر تێدا ناسیوە، ئێستاش لە دوای ئەوەی کە ژیانی هاوبەشم دروست کردووە دیسانەوە نەبوونی و ترس لە داهات و داهاتووم تەنگی پێ هەڵچنیوم و لە بەش و پارچەیەکی تری ئەم خاکە گرساومەتەوە، خاو و خێزانم بەجێ هێشتووە و هاتووم. چیرۆکەکەی من لێرە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لێرەوە دەس پێ ئەکات لەم کەسە تازانەوە و ئەم جێگە تازە کە هاتووم و ناسیومن.

من ئەوم لەو مەیدانە ناسیبوو، چەن ڕۆژیک بوو لەوێ ئەمبینی، جـاروبـار لەنێو هوتێلی کرێکـارەکـانـدا ئەمبینی، تەنیا، هەمیشـــــە تەنیا. بە ئەســــتەم لە کەســـێک نزیک ببووایەتەوە، هەمیشـــــە خۆی دوور ئەگرت، ترســـــی لە نزیکبوونەوە هەبوو، تـــا ڕۆژێــک بە ڕێکەوت پێکەوە لە جێگایەک کارمان کرد، لێی نزیک بوومەوە، لێرەوە دەستی پێ کرد، لەم قسانەوە:

مردن لەو شوێنەوە دەس پێ ئەکات کە وردە وردە خەڵکی خەریکن لە بیرت ئەبەنەوە، بوونت ســـەرنجڕاکێش نییە بۆ هیچ کەس، بە ئەنقەســــــت پەراوێزت ئەخەن، کەســــــانی دەوروبەرت بە توندوتۆڵی ئەگرن، لەگەڵیان کەیفخۆشن، تا تۆ زیـاتر بە لەبیرکرانی خۆت، بە مردنی خۆت، بە هیچی خۆت بزانیت.

بێ سێ و دوو ڕێک و ڕاس دەستی بەم قسانە ئەکرد، وەک ئەوەی هیچ ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش لە ژیانیا نەبووبێت بۆ گێڕانەوە و بیگێڕێتەوە. لە ژیان تەنیا سێبەرێک، تارماییيەکی لە بەرچاو و بیر مابوو، ژیانی جۆرێک بوو وەک ئەوەی هەموو عەرز و عاسمان و دەوروبەری بە قسە تەنرابێت، پڕ بێت لە دەنگ، لە قسە، لە چپە و سەر بەیەکەوەنان کە برێ جار هێندە ڕوون و ڕەق کە بەسەر نانەوەشت بنایە سەگ بۆی پێوە نەئەکرد، برێ جاریش تەنیا چپە، سەر بەیەکەوەنان و ڕوانینی دوو کەس بوو، ژاوەژاوێکی بێ ئەمان دەوریان تەنی بوو.

ڕێبڕانیت ئەکەن تا ڕۆژێک هەرەس بە تەنیاییشت یەنن، چۆک دائەدەیت، خۆت تەحوێڵی کۆمەڵگا ئەدەیتەوە، تەسلیمی بیرەکانیان ئەبیت، ئەبیتە یەکێک لەوان، قوڕیش ئەخۆیت، ناچاریت لەگەڵ ناقابلترین کەسەکانیشیان هەڵسوکەوت بکەیت. لەگەڵ ناقابلترین هەڵسوکەوتەکانیان. لێرەوە دوو جۆرە مەرگ تاقی ئەکەیتەوە، دوو ئیزراییل گیانت ئەکەون یەکێکیان کۆمەڵگا و ئەویشیان خۆت، خۆت

که دەستت بە کوشتنی خۆت کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە داڕزان ئەکەیت، هەست بە ڕسوایی ئەکەیت، دۆڕاوی و ئەیانەوێت زیاتر بتدۆڕێنن، ئەبیتە گەمەجاڕیان و ئەگەر دەرفەتیان هەبێت شـــۆخی شـــۆخی گاڵتەت پێ ئەکەن، وەچنگیـان کەوتووی، خوێنتیـان خواردووە و ئەیـانەوێـت ئێسقانت بکرۆژن.

تەنیـایی ئەوە نییە کە تۆ خۆت لە خەڵکی دوور گرتبێت، ئەمە جۆرێـک هێزە لە تۆدا، لە دۆخ و دەســـەڵاتی تۆدا، هێشـــتا کەســـانێک پێویســـتی بە تۆیە، موحتاجی تۆیە، بە پـارەی تۆیە، بە ڕوخســــــار و جوانی تۆیە، ئەمە تەنیـا ڕوخســـاری تەنیاییە، نازکردنە بەســـەر تەنیاییدا، هێشـــتا دەوروبەر پەراوێزیان نەخســـــتووی، لێرەوە دەســــت پێ ئەکات تۆ خۆت دوور بگریت و دەوروبەر خۆیان دوورتر بخەنەوە، تۆڵەی هەموو کەموکوورییەکانیان لە تۆ بکەنەوە، تۆ کە لە خۆت و ئەم جیهانە نامۆیت و لە دار و بەرد و ئینســـانی ئەســـڵەمێیتەوە، ئەیانەویت جیهانی شـــاریاوەی خۆیشت لێ بشارنەوە، نامۆتر و سڵۆکترت ئەکەن، دەستت ئەگرن تا سەرلێشێواوی، تا سەرگەردانی و وێڵت ئەکەن.

کاتێک کە قســـەی ئەکرد، ئەوەندە پشـــتەســـەری یەک قســـــەکانی لە دەمییەوە ئەهاتنە دەر کە ئەموت ئێســـــتا ئەخنکێت، ڕێگەی هەناســـەدانی بە خۆی نەئەدا. بەڵام دوای قســـــەکـانی تۆزێـک بە خۆیـدا ئەهـاتەوە لە دڵەوە هێزی ئەگرت، تۆزێـک بە خۆیـدا ئەهـاتەوە و ئەو ڕوخســـــارە هەڵپڕوســـقاوەی ڕەنگی ئەگرت و ســـوور ئەبووەوە، وەک ئەوەی کە شـــایەت بتوانێ لە ڕێگەی قســـەکانییەوە خۆی نەجات بدات. بە قســـــەکردن ئەحەســــایەوە، چەندین جار ئەمەی وتبوو کە قســـەکردن بەشـــێکە لە نووســـین بۆ ئەو، هەمان ئەو هەســـــتەی کە لە کاتی نووســـیندا بۆی دروس ئەبێت لە قسەکردنیشدا هەر ئەو هەستەم هەیە، هەمان ئەو شـتانەی کە لە نووسـیندا ئەیدۆزیتەوە، لە قسـەکردنیشـدا ئەیدۆزیتەوە، بەبێ ئەوەی کە خۆی ئاگای لەو شـتانە بێت و ئەو قسانەی پێشتر ئامادە کردبێت، وەک گرێکۆڵەیەک لە دەروونیا بێت و پێی نەزانیبێت و بەو قســـە و نووســـینانە بیکاتەوە. ئەیویســـــت پیشـــــان بدات کە چارەنووســـــی لە دەســــتی خۆیـدا نەبووە، ئەنـا ئەو جەوهەری ژیـان و

ســـــەرکەوتنی تیا بووە، ئەیویســـــت بێژێت کە ئەو تەنیا لە خەون و خەیاڵدا ســـــەرکەوتوو نییە، هەموو شـــــتێک لە ڕێگەی قســـــەکردنەوە چارەســـــەر ناکات، بەو هەموو هێز چنراویەوە داکۆکی لە خۆی ئەکرد ئەیویست بێژێ کە ئەو کەسێکی بە دەم ئازا و بە لاشە بیمار نییە، ئەو شتەی کە خەڵکی وەها بیریان ئەکردەوە لە ســەری. ئەو هێشــتا ئەو لافاوی کات و تەمەنە بە ســـــەریدا نەهاتبوو، لەو تەمەنەدا کە هەموو شــت و دۆخێکت پاســاو هەڵئەگرێت، گوناحبار نیت لە بەرامبەری ژیـانی خۆتـدا، بەڵام زۆر تێنـاپەڕێـت خۆت ئەبیتە یەکەم لۆمەکەر و سەرکۆنەکەری ژیانی خۆت کە هەڵبژاردنێکی دروستت نەبووە لە ژیانتدا. ئەو تەمەنەی کە تێیدا تۆ تەنانەت ئەتوانی بەرپرســـــیار نەبیت لە ژیانی خۆیشــت، ئەو کرابووە بەرپرسیار لە دۆخی ژیانی بنەماڵە و کۆڵەکە و مەرگ و مـانەوە و چـارەســـــەری گرفت و دەردەکانی ئەندامانی بنەماڵەکەی. وشـــــە وەک لافاوێ لە دەمییەوە ئەهاتە دەر، وەک لافاوێک ئەیبرد و حاڵی خۆی لەبیر ئەبردەوە، وەک لافاوێک لە دەمییەوە ئەهاتە دەر و بڕێک جار تەنانەت لە دەربڕین وشەکانا بە شێوەی دروس

تووشـــــی گرفت ئەبوو، بە هەڵە وشــــەکانی ئەوت بەڵام تێئەگەشتی مەبەستی چییە.

شـــــێوازی قســــەکردنی وەها بوو، بۆمبارانی ئەکرد، ڕێگەی خۆشـاردنەوەی نەئەدا. پێشـتر لەنێو ماڵی خۆیاندا بە قســـــە بۆمبارانی خۆیان کردبوو، کۆمەڵگا بە توانج و قسە بۆمبارانیان کردبوو، فەرمانبەر و مووچەخۆرەکان بە چاو و ڕوانین بۆمبارانیان کردبوو، لە هەر شـوێنێکەوە، لە هەر دەمێکەوە گولەیەک وێـڵ هـاتبوو بەر ئەو کەوتبوو. هەموو کەســـێکی بە تاوانبار ئەزانی، پێی وابوو هەمووان دەستیان لەم دۆخەدا هەیە، ئەم دۆخەی کە هەمووان پێیان دۆخێکی ئاسایی بوو، پێی وابوو هەر کەسە و گۆشەیەکی گرتووە، بە پێکەنینێـک، بە ئەرێیەک، بە ســـڵاوێـک، بە بێدەنگییەک. هەموو کەس و قسە و هەموو دۆخێک جێگای گومان بوو بۆی. بڕێ جار حەقیقەت و قســـەیەکی خۆی چەندین جـار دووبـارە ئەکردەوە و پەنـای پێ ئەبردەوە، جۆرێک ئەڵێی ڕاســتی گەر لە دەمەوە بێتە دەر بەشــێکی ئەمرێت و ئەبێتە درۆ، قسەکانی دووپات ئەکردەوە، دەنگی

هەڵئەبڕی، دەنگی گڕ ئەبوو، چەندین جار ڕاستییەکی بەبیر ئەهێنایەوە تا شـایەت لە دەمیا دووبارە زیندووی بکاتەوە. قســـەکانی جۆرێک بوو کە هەمووانی ئەگرتەوە، کەس نەبوو و نەیئەتوانی بێگوناح بێت و هەروا لێی بپەڕێتەوە، بۆیە جۆرێک بوو وا هەســـتت ئەکرد لەگەڵ تۆیەتی و هەموو ئەمانە بە گوێی تۆدا ئەداتەوە.

ڕەفتار و هەڵسوکەوتە نامۆکانی لێرەوە دەستی پێ ئەکرد، هەموو شتێک تفی کردبووەوە، دەستی لە ڕووییەوە نابوو، وەک وێنەی کەســـێک کە لە وێنەکەدا ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابێت و وێنەکە لە خۆی بیکاتە دەر، کرابووە دەر، لە جیهان کرابووە دەر، لە واتـا و بەهـاکـان کرابووە دەر، سەرشۆڕی بوو بۆ بۆ هەر واتا و بەهایەک، بۆ هەر جیهانێک، بۆ هەر زمان و نەتەوە و خاکێک، هەر کەســـێک لەگەڵی نزیکی بکردایە ئەویشـــی بە خۆیەوە ســـووک ئەکرد، وەک گولێک سەیر ئەکرا کە بیەوێت دەردی خۆی بەم جیهانەوە بنێت، خەڵکی ســـاڵانە کەفاراتی بینینی ئەویان دەرئەکرد، کەفـاراتی دراوســـێ بوونی ئەویـان دەرئەکرد، بووبووە

گوناحێکی کەبیرە، وەک خۆی ئەیوت من بە تەنیاییی خۆم دانایەم، بە تەنیاییی ئەم خەڵکە دانایەم، بە بەندبوونی خۆم لەم بەنـدیخـانە گەورەدا دانـایەم و چرکە لەگەڵ چرکە بێئۆقرە ئەبم و لە عەزرەتی مانەوەم هەر تاوە و هەڵەیەک ئەکەم.

هەر لە ســـەرەتاوە ناســـیبووم، لەوانە بوو کە ئەکرا زوو بناسـرێن، گرێی دڵیان لە لای هەر کەسـێک بکەنەوە، وەک لەشفرۆشێک کە لای هەموو کەسێک چیرۆکی ژیانی خۆی لە چەند ڕسـتـەدا و بە خێرایی ئەگێڕێتەوە، هەموو بکەر و جاکەشـــەکانی دەوروبەری ســـەرەتا و یەکێکیان وەک ڕزگارکەرێک ببینێت و دەربچێت. خۆیی پێ ناســـاندبووم، خۆیی گێڕابووەوە، کە بە قســـەکردنـدا ئەهـات لێی تێک ئەچوو چۆن دەمی ببەسـێت، بۆ بیبەسـێت؟ هیچ شـتێکی نەئەهێشتەوە، تەواوی ئەوانەی کە خەڵکی بۆیان بێواتا بوو ئەو ئەیگێڕایەوە، بەو بێـدەنگییە واهییەی کە بڕێـک لە خەڵکی و ڕۆشـنبیرەکان تووشـــی ئەبن باوەڕی نەبوو، لە بەرابەر شـــتێکی گەورەتردا بێـدەنـگ بوو، بێـدەنگییەکی گەورەتر. کە بە بێدەنگیشـــدا ئەهات نەیئەزانی چۆن دەمی

بکاتەوە، بۆ بیکاتەوە؟ ئەوەندەی کە هێمن بوو، ئەوەندەش تووڕە، ئەوەندەی کە شـــەرمن بوو، ئەوەندەش ڕوودار، ئەوەنـدەی کە خەمۆک بوو، بڕێ جـار دوو هێنـدەش دڵخۆش، ناتەبا بوو لەگەڵ خۆی، لەگەڵ هەستەکانی خۆی، پێکەنین باشـــترە یا گریان؟ خەم باشـــترە یا دڵخۆشـــی؟ تاریکی باشترە یا ڕووناکی؟ مەرگ باشترە یا ژیان؟

بریا ئەبوو هەرکەسە و ڕابردووی خۆی لە پشتەوە ئەبوو، ئەبینرا، لە بەردەستی ئەبوو، ڕابردووت دوات بکەوتایە. کە قســـەی ئەکرد ڕابـردووی لە دەمـیـیەوە ئەهــاتە دەر، چەشتبووی، تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی چەشتبوو، تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی لە دەمەوە ئەهاتە دەر.

هەمیشـــە ماتی کردبوو، لە ڕاســـت و دروســـتی کارەکانی خۆی گومـانی هەبوو، نێوانی ڕاســــــت و درۆی لێ تێک چووبوو، حەق و ناحەق، ڕاسـت و درۆی نەمابوو، حەق و نــاحەقی نەمــابوو، هەمووی بووبووە نێوان، نێوانی ئەو نەبوونە، نێوانێکیشـــــی نەمابوو. وای لێ هاتبوو لەســــەر کارەکانی خۆی پرســـیاری لە خەڵکی ئەکرد، خەڵکی چۆن بیر لە ئەو ئەکەنەوە؟ ئەو کوڕێکی چۆنە؟ بڕێ جــار

ســــــاکــارترین شــــتەکــانی ژیــانی لەبیر ئەچووەوە و ئەســــتەمترینەکانی ئەکرد، نێوانی ئەســــتەم و ســــاکاری نەئەزانی، هەموو شــتێک بۆی ئەســـتەم بوو. چەندین جار ئەمەی وتبوو جگە لە تارماییەک هیچ هەڵبژاردنێک بۆ من بوونی نییە، دەســــت بە هەرچییەوە بدەم وەک مار پێمەوە ئەدا، هەمیشــــە چاوەڕوان بوو کە کەســـێک ســـاکارترین ڕێنمــاییەکی بۆ ژیــان بکــات، هــانی بــدات و تەنــانەت ڕێگەیەکی هەڵەش بووبێـت دڵنیـای کـاتەوە و پـاڵی پێوە بنێــت، ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کــات و شــــوێن و حەقێقەت و درۆدا لێی تێک ئەچوو.

هەمیشـە لە گۆشـەی چۆڵی مەیدانەکە دائەنیشت، لەوێ کە کەمتر کرێکارێک لێی ئەوێســــا، کەمتر خاوەن کارێک لێی ئەگەڕا. توانای نەبوو لەنێو ئاپۆڕەی کرێکارەکاندا بوێسـێت و هەر کە ماشــینێک وێســا هەڵمەت بۆ کاری ئەو ڕۆژەی ببات. لێشاوی کرێکارەکان کە بە دار و دیوار و لق و پۆپی ماشـینەکاندا شـۆڕ ئەبوونەوە، ون ئەبوو، ژێر پێ ئەکەوت.

تــاقــی کــردبــووەوە. کــاری دەس نەکەوتــبــوو، داڕزا و سەرشۆڕتر گەڕابووەوە.

لەو چەند ڕۆژەی کە لەوێ بوو تەنیا دوو ڕۆژێک کاری دەس کەوتبوو. بەیــانییەک کە مەیــدانەکە چۆڵ بووبوو، کــاتێــک مەیــدانەکە چۆڵ ئەبوو، ئەوکــات ئەوتوانی خۆت بدۆزیتەوە، خۆت چاو بکەی، ئەبووە بیابانێک. پێش ئەوە لەنێو تەنیــایی و بەوبەختی کرێکــارەکــانــدا خۆیی شاردبووەوە، ئەو تەنیایی و بەوبەختییەی ئەوان لە تەنیایی و بەوبەختییەکەی ئەمی کەم کردبووەوە، بڕێ جار تەنیایی و بەوبەختی کەســانی دەوروبەرت ئەبێتە دڵخۆشــی بۆت، لە دڵەوە ئەڵێیت کە منیش وەک ئەوان، ئەوە تەنیا من نیم کە وەهامە، هەمووان وەهان، ئەو بارە قورسە لە سەرشانت لا ئەبات کە تۆ بە هەڵەی خۆتی بزانیت، بەڵام کاتێک کە هەمووان ئەچن ئەبیتە تەنیــاترین تەنیــا و بەوبەختترین بەوبەخت، ئەو کات ئەزانیت کە لە هەموو شــــتێکدا وەک ئەوانیت بەڵام بە کۆمەڵێک زام و دەردی زیاترەوە. چۆڵ ئەبوو مەیدانەکە، گەورەتر ئەبوو، لەوکاتەدا بەرچاو تەنگ ئەبوو بە کارە قۆڕ و پیســــەکانی ئەوان، لەبەر خۆیەوە

ئەیوت مەگەر چی ئەبوو، چیم لێ کەم ئەبووەوە، با منیش وەک ئەوان خۆم بە کەسـێکدا هەڵبواسـیایەت، ئەو خۆ بە زل زانینەی کە لە مندا هەیە چییە، ئەتەوێت نیشـــان بدەی کە تۆ  لەمە زیاتر چیتری. تۆ چیت لەو کرێکارە باڵابەرز و ناوشـــان پان و چاو و برۆ ڕەشـــانە زیاترە، ئەتەوێت بێژیت هەموو ئەم خەڵکە ســـووک و تڕۆیە تۆ نەبێت، ئەم بۆ و قیز و بیزەت لە کـار و ژیـان چییە؟ بە چیتەوە ئەم هەموو پیشـە و پیشـەوەر و بازاڕی و فەرمانبەر و دوکتور و پارێزەر و نووسـەرە ئەبەیتە ژێر پرسـیارەوە؟ تۆ کێی؟ بە چیتەوە ئەم هەموو تێبینییەت هەیە، ئەم هەموو نەفس و دەمـارەت بە قوونی خـاڵییەوە لە چییە؟ بڕوا بە کـام کارنامەت بکرێت و کام پێشـــنیارت بۆ ئەم دۆخە هەیە؟ ئەتەوێـت ئەم خەڵکەش وەک تۆ وابێـت، بڕۆ، تۆ کوڕی کابرایەکی گا و گووی بێزراو و دەم پیســـیت کە جگە لە جوێن و برسێتی هیچی تری نەزانیوە و نەبینیوە.

مەیدانەکە چۆڵ ئەبوو، دڵی پڕ ئەبوو، خەریک بوو بتەقێت، ئەتوت ئێســـتا لە ســـینگییەوە دێتە دەر، تەنیا پێویســـتە

بجووڵێت و هەنگاوێک هەڵبگرێت، ئەو ئەتەقێت لە سینگیدا. لەو کاتانەدا هەستی بە تەنیایی و بێکەسی و بەوبەختی خۆی ئەکرد، وا هەستی ئەکرد خوێنێک لە سینگ و دڵ و دەمارەکانی دڵیدا خەریکە بەر ئەبێت، بەربوونی خوێن لە ناوەوە. زۆری لێ چووبوو لەو خوێنانە.

ئەگەڕایەوە و بێهیوا ئەبوو، لە چکۆلەترین هیوا و ئارەزووەکان بێهیوا ئەبوو، ئەو بێهیواییە بوو، باوەڕ کەن ئەو بێهیواییە بوو وای لێ کردبوو، مرۆڤ کاتێک تەواوی هیوا و ئارەزووە چکۆلەکانی خۆی لەدەست ئەدات خۆی بە هیوا گەورە و ئارەزووە گەورەکاندا هەڵئەواسێت، یانی ئەو کاتەی کە چەرمەکە سەگ ئەیبات. ڕووخاویت و هەموو شتێکت لەدەست داوە و ئەتەوێت بەوانەوە خۆت بگریتەوە. بێهیوا بوویت و خۆت بە چەمک و ئارەزووە گەورەکاندا هەڵواسیوە، لە دڵەوە لە خۆت تەریق ئەبیتەوە، بوێرانەش ناوێریت باسی ئاواتە گەورەکانت بکەیت، خێرا بە قوڕگتدا ئەچن، هەزار وڵامی بزر و ئامادەیان هەس بۆت، بۆ ڕۆژێک ئەگەڕان تۆ ئەو باسە بکەیت و خێرا وڵامت بدەنەوە. وڵام نە، بە تانە، کەموکووڕییەکانت بە بیر

یەننەوە، هەژاری و کەموکووڕییەکـانـت دژ بە ئـاوات و ئامانجەکەت بەکار دێننەوە، لەوێ ئەزانی تۆ کەســێکی کە هەر ئاوات و ئامانجێکیشـــت هەبێت ئەوەش بە خۆتەوە ســـووک و ترۆ ئەکەیت. بۆیە ســـاڵەهاس هەوڵت داوە بیشـاریتەوە، بیر و بۆچوونت، هیوا و ئاواتت، تەنانەت ئەو کـاتـانەش کە ســـووکـایەتی بەو بـاوەڕانەت کراوە هەر ئـاشـــکرات نەکردوون و وەک جەلادێک لە نـاخی خۆتـا شـــاردووتەتۆ و پەروەردەت کردووە. بۆیە هەوڵ ئەدەیت دەوڵەمەنـد و مـاقووڵێـک، لانی کەم ئەوانەی کە خەڵکی ڕێزیان لێ ئەگرن بە درۆش بێت، وەک لایەنگر و هاوبیری خۆت پیشـــان بدەیت. بە درۆش بێت ئەیکەیت و لە دڵەوە ئاواتەخوازیت ڕۆژێک پاڵپشتییەکیان لەو بارەوە لێ ببینیت.

وەهایە کە هەمیشـــە چەوســـاوە و بەوبەختەکان بەدوای چەمکە ئینســـانی و هیوا گەورەکانەوەن و دەوڵەمەند و سـەرمایەدارەکان گاڵتەی پێ ئەکەن، وەک من کە ئەمەوێت ورد و خاشـەکانی ئەم کەس و ڕووداوە بنووسـم و قەوی و ســـاقەکانی جێ بهێڵم بۆ ئێوە. ژیان وایە دۆڕاوەکان کـاتێـک هیچیـان بە دەســـتەوە نـامێنێـت دوای واتـا

ڕاســـتەقینەکەی ئەکەون، کە وەک تارماییيەک تا لێی نزیک ببیتەوە زیاتر خۆیت لێ دوور ئەخاتەوە، ژیان وەک ڕێچکە و پێچکەیەک ئەیبینیت و لێت ڕوون نـابێتەوە، بە دوایـدا ئەڕۆیـت و ون ئەبێـت، ئەتبـات تـا جێگەیەک کە چیتر نە خۆت ئەدۆزیتەوە و ئەو ژیـانەش چیتر وەک ڕێچکە و پێچکەیەکیش نایەتەوە بەر چاوت و هەموو شـت و شـوێن و زەمان و جێگایەکت ون کردووە و ئەوکات ڕوون ڕوون هەموو شتێک ئەبینیت.

بەیانییەک کە مەیدانەکە چۆڵ بووبوو ماشـــینێک لە تەنیشتی ئەوێسێت، شیشەی ماشینەکە ئەداتە خوارەوە و لێی ئەپرســـێت کە کار ئەکات؟ هەوڵ ئەبێت وەک ئەوەی تەواوی کرێکارەکان لێشـــاویان هێنابێت، ئەترسـێت. ترس لەوەی کە مەبادا شـارەزای کارەکەکەی ئەو نەبێت. سـوار ئەبێت وەک زیندانییەک کە خەریک بن لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان بیگوێزنەوە. ســـواریەکات پیاوێکی ڕووناکبیر بێ ئەوەی ڕووناکییەک بخاتە بیرەکانی ئەمەوە. پیاوێکی ڕووناکبیر و ڕوونبێژ لەوانەی کە بە خۆیاندا ئەپەرمنەوە هەموو باسێک بێنە بەرۆ و هەموو قسەیەک بکەن، لەوانەی کە لە هەموو شتێکدا شارەزان، لەوانەی لە ئاستی زانیاری و ئەزموونەکانی خۆیان ڕازین و گەیاندوونیەتییە باوەڕێک کە داکۆکی لەســەر بکەن، ســیاســییەکی ســانتیمانتاڵ کە

بزەیەکی ئاوێتەی هەر لێکدانەوەیەکی ئەکرد تا بتخاتە نێو ڕوودەربایسـیۆ و هەموو قسـەیەکی بە دروسـت بزانی، (لەوەتەی بووبووم بزە لە نێوانی دوو کەسدا ڕووی دابوو کە یان ویسـتبوویان گاڵتەیەکم پێ بکەن، یان شـتێکیان شاردبووەوە لە قسەکانیانا، بزە کە جۆرێکە واهەستەکەی پلانێک لە ئارادایە و کەسـێک ئەیەوێت بەکارت بێنێت یا هەڵەیەکت کردووە و پێت نەزانیوە، نە وەک زەردە ئاوێتەی شەرمە و نە لە دڵەوەش دێ. پێشتر پێی وتبووم کە زەردە هی مەلا و دیندارەکانە و بزە هی سیاسی و بازاڕییەکان، بزە جۆرێک پێکەنینی زۆڵانەیە.) لەوانەی کە هەرچەنێک بیشـارنەوە لە ڕوانینەکانیانا تۆزێک بەزەیی بە نسـبەتی خۆت بەدی ئەکەیت، کەمی خۆت لە چاو و دۆخیدا ئەبینی، بە نهێنی بە ڕووتدا ئەیهێنێ کە تۆ کێی؟ ڕووناکبیرێک پڕ لە سـادە و سـاکاری و سـەخاوەت و حەماقەت. گێل. پێویسـتی بە قسـەکردنی نەبوو، بە شـێوە و ڕواڵەت و ڕوخسـاریا تەنانەت ئەتزانی کە بیروبۆچوونی چۆنە، بگرە لایەنگری کام حزبیشە.

ئەتزانی کە ئەگەر بیەوێت دڵت بە دەســـــت بێنێت لە کام ڕێگاوە دێت. بەڵام تەواوی ئەو باس و لێکدانەوە و قســانە بۆ ئەوە بوو کە درگــایەکی بۆ نزیکبوونەوەی زیــاتر کردبێتەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی شتێکی تری ئەدا، شتێکی تری ئەوت بەڵام نەیئەزانی کە چۆنی دەربڕ بکات و بڕوا و متمانەت بەدەست بێنێ.

هەر هەوڵی نزیکبوونەوە و قســـــە و باســـێک زیاتر ئەیخســـــتمە گومانەوە لێی، ئەیترســـــاندم، زیاتر لە هەر کەســـێک لەم کەســـانە ترســـابووم لە ژیانما، ئینســـانی ســـەرکەوتوو، لەوانەی کە پێیان وایە هەل و دەرفەتەکانی ژیانیان زۆر بەباشـــی قۆســـتۆتەوە، فرەوێژ و چالاک، لە ڕادەبەدەر چـالاک، ئەوانە کە زۆر زوو لەگەڵ هەمــوو کەســـێکدا گەرم ئەیگرن، ســـەر بە هەموو کونێکدا ئەکەن، گەر کەســـێکی خراویش نەبن ڕەفتـار و هەڵســـوکەوتە هەڵەکانیان ئەتخەنە گومانەوە و دووشـکیت و ئەترسـیت و ناتوانی بڕوا و متمانەیان پێ بکەیت.

کاری ئەو ڕۆژەی تەواو ئەبێت، ئێوارە ئەیگەڕێنێتەوە نێو هوتێلەکە و ژمارەکەی لێ وەرئەگرێت تا ئەو چەن ڕۆژە کارەی کە باسی کردبوو هەر ئەم بۆی بکات.

وەڕز و ماندوو ئەگەڕێتەوە لەســـــەر تەختی نێو هوتێلەکە پاڵ ئەکەوێت، بێزارە و قین لە خۆی ئەکێشـــێت کە ئەبێت بە ناچاری بە دەم ئەو کەســـــانەوە بڕوات و ڕێزیان بۆ دابنێت. نەیئەزانی چی بکات لەوەی کە ئەوان ئەو خەڵکە زیرگن و پیسخۆرانە ئەویان بە شـەرمەزارترین شـێوە، لە پەســـتترین ئاســـتدا بینیوە، لە کاتی پاڕانەوە و زەبوونیدا بینیوە، بگرە زۆر جار کەوتووەتە ململانێوە لەگەڵیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەو شـەرمەزاری و پیسییانە. ئەمە بوو ئەو خەڵکەی وا لێ کردبوو تـــا ئەو ڕادەیە دەمپیس بن لە ئاســـتیدا و هیچ قســـــەیەکیان نەگێڕنەوە لە بەرامبەریدا، شـــەڕی ئەکرد، شـــەڕی بۆ نزمترین ئاســـتی خۆی ئەکرد. لەســـــەر تەختەکە پاڵ ئەکەوێت، عادەتیە چاو لە خاڵێکی نـادیـاری ڕووبەڕووی خۆی ببڕێت و خـاڵێکی نـادیـاری دەروونی خۆی تیا تەماشـا بکات، خۆی بداتە دەسـتی ئەو نادیارانە و لە باســـــە دیار و ڕوون و هەزار بارەکانی ناو

هوتێلەکە خۆی بشـــارێتەوە، دوای هێڵی ڕوانینەکەی خۆی بکەوێت و خۆی ون بکات. ئەو هێڵە لە ڕوانین کە "هیچە".

به جۆرێک دڵخۆش بوو کە گەشـــتبووەوە نێو هوتێلە کۆنەکە، کاتێک بە ناو شەقامە قەرەباڵغەکاندا گەڕابوونەوە، بە دەوری مەیـدانە پڕ لە خەڵکەکەدا ســـووڕابوونەوە. هەســـتی ئەکرد لەنـاو خولخولۆکە و تەنوورەی ئـاوێکدا ســـووڕ ئەخوات و لە ناکاوێکدا هەڵئەلووشـــرێ و نوقم ئەبێت.

کاتێک ســـەفەری ئەکرد و شـــوێنێکی تازەی ئەبینی یەکەم پرسیاری ئەوە بوو کە پیشەی زۆرینەی خەڵکی ئەم شارە چییە، دۆخی ژیانیان چۆنە و چ کارەن؟ لە ئەم بەوبەختترن یا خۆشـــبەختتر، لەم هەموو پیشـــە تازەیە کە لە ژیاندا سەری هەڵداوە کام پیشەیان هەیە و بە چییەوە سەرقاڵن، بە ڕوانین بە ڕواڵەت و ڕوخســـاریـانـدا هەوڵی ئەدا بیدۆزێتەوە کامە بەزاز و خەیات و وەرزێر و کرێکارە و ئەندازیار و پزیشـکە. شـایەت لەبەر ئەوە بووبێ کە خۆی هیچ پیشـــەیەکی نەبووبوو و بەر لە پرســـینی ناوەکەی

هەمیشـــــە و لە هەموو جێگایەک جۆری پیشـــــەکەیان لێ پرسیبوو.

لە چوونە دەرەوە ئەترســـــا، چوونە دەرەوە، بــازنەی تەنیاییيەکەی گەورەتر ئەکرد، دانیشـــتووانی تەنیاییيەکەی زیاتر ئەکرد. ســـــەرەتاکان وەها نەبوو لە قەرەباڵغی نێو شـــەقام و بازاڕەکان تێری نەئەخوارد، لە لێ ڕوانینی یەک بە یەکیان، لە خۆ هەڵساوین لە تەموو و لاق و شانەکانیان.

لەســەر تەختەخەوە کۆنەکەدا ماندوو کەوتووە، هەستی بە ئازاری نێو لەپی دەســـــتی و ژێر قاچەکانی ئەکرد، ژێر قاچەکانی کە گەرم گەرم بووبوو، جار جار تەماشـــــای ئەکرد کە نەکا لەویەوە ئاگرێک بەربێتە گیانی، وەها ماندوو کە نەیئەزانی لە کام بار پاڵ بکەوێت، دابنیشـێت، هەڵسـێت، ڕابکشــــێت یـا بڕوات. هەســـــتی بە گەڕانی خوێنی نێو دەمارەکانی لەشـــــی ئەکرد، ماندووێتی کە خێرایی گەڕانی خوێن ئەباتە ســـەرەوە و خوێنیشـــی تووڕەیە، وا هەســتی ئەکرد کەسێک لەنێو دەمارەکانی لەشیدا هەڵدێت. ماندووە، پلێک گۆشـــــت لە لاڕانیدا چڵ ئەخات، وەک ئەوەی بیەوێت خۆی لە لەشی جیا بکاتەوە، چڵ خستنەکە بە لەشیدا بڵاو

ئەبێتەوە، وەک ئەوەی هەموو لەشـــی بەو شـــێوەیە خۆی بحەســـێنێتەوە، دەچێتە ســـینگی، لاقەکانی، دەســـت و چاوەکانی، لەم ئەندام بۆ ئەو ئەندام، هەموو لەشـــی چڵ ئەخات، هەڵ ئەخاتەوە، وەک زینوویەک کە خەریک بێت ببرژێت، ئەبرژا، برژابوو، پێس و دەســـتەکانی برژا بوون، هەڵقرچابوو، ســـووتانەکەی بەردەوام بوو تا لە داهاتووا لار ئەبوو، ئەتوایەوە و بە لەشـی خۆیدا ئەهاتە خوار، برژا بوون، پێســـت و دەســـتەکانی برژا بوون، لەبەر هەتاو و ســـەرمادا برژابوون، گۆشـــت و ئێســـکەکانی برژا بوون، کرێکارەکان هەموویان وەهان، هەموویان برژاون، بوونەتە بریانی. هەڵی ئەخســتەوە، وەک مریشـکێکی ســەربڕاو، لە خوێن و ماندوویێتیا هەڵی ئەخستەوە.

پێڵووەکانی لەسەر یەک ئەنێت، وەک ئەوەی بە بەستنی چاوەکانی بیەوێت حەســـانەوە لە لەشـــیدا بهێڵێتەوە و نەهێڵێت لە هیچ کونێکی گیـانییەوە بچێتە دەر و هەموو هێڵەکانی پەیوەندی و قســەکردن لەگەڵ دنیا بەو شـێوەیە بچڕێنیت. وەک ئەوەی بە بەســـتنی چاوەکانی بیەوێت هەموو کونەکـانی گیـانی بگیرێنێت و نەهێڵیت چیتر هیچ

قســـــە و باس و وێنەیەک بچێتە نێو گیانییەوە. چاوەکانی ئەبەســــێت و لە چاوی بازبووی دەروونییەوە ئەڕوانێت. دێتەوە بیری ڕەفتارە مەشـــــکووکەکانی خاوەن کارەکەی، شێوازی جووڵاندنی دەست و لێوەکانی، ڕێگە ڕۆشتنەکانی، جووڵە لە ســــەریەکەکانی لاقی، دیار بوو بێئۆقرە بوو بۆ وتنی شــــتێک. لە پشــــتی ئەم قســــانەوە کۆمەڵێک شــــتی نەوتراوی ئەوت، لەو قســـە و ڕەفتارانە کە لەم کۆمەڵگایەدا تەنیا ئەبێت بە ئاماژە تایبەتەکانیا بیاندۆزیتەوە. لە چاوی نهێنیی دەروونییەوە، لە چــاوی نهێنیی بیرییەوە بۆ هەڵسوکەوتەکانی خاوەن کارەکەی ئەڕوانی، بە بیرکردنەوە لە ڕەفتــار و جووڵەکــانی خــاوەن کــارەکە و ئەوەی کە ماندوویێتی چەنێک هەســــتە ســــێکســــییەکانی مرۆڤ ئەجووڵێنێت و چــالاکی ئەکــاتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، کــاتێک بە خۆیــدا دێتەوە لێی هەســـــتــاوە. ئەو بەڕاســــتی نازانێت لە کەیەوە لێی هەســــتاوە، مێژووی لێ هەســتانی خۆیی بیر نییە، هۆکاری لێ هەســتانی خۆیی لا نییە. کاتێک لەنێو ئەم بیرانەدایە، دایکی لە ناکاو لە مێشکیدا ئەبینێــت کە بە بەرهەیوانە چۆڵەکەی پــاڵ دیوەخــانەکەدا ئەڕوات و چــاوێکیش لە ئەم ئەکــات کە لە لای یەخەچــاڵە

زەردە کۆنەکە ڕاوەســـتاوە، ئەو ســـاتەی کە ئەم لەســـەر تەختەکەدا پاڵ کەوتووە، هەر ئەو ساتەس کە دایکی هەموو ئێوارەیەک لەو ساتەدا بەو شوێنەدا تێئەپەڕێت تا کایەنەکە. خۆی بە لادا ئەخات، نەکا لە بیری خۆیەوە چاوی لە کێر و بیری هەڵســـاوی ئەم بێت بەو ڕوانینە مەشـــکووکەکەی ڕوانینی ناو بیرەکەی ئەم ببینێت.

بەیانی ئەو ڕۆژە بە زەنگی گووشـــییەکەیدا خەبەری بووەوە، هەرچەن چەن جارێک پێش زەنگی گووشـییەکەی خەبەری بووبووەوە و هێزی هەڵســـانی نەبوو، خەواڵوو بوو، لەناو جێگەکەیدا بیری لە هەڵسـانی خۆی لەو سـاتەدا ئەگەر خەبەر ببوایە چی ئەکرد، دێتە نـاو زینـدەخەوەکەی شـــێوەی لەبەرکردنی جلە کارەکانی و چوونەدەرەوەی لە هوتێلەکە و ســـەر مەیدانەکە و ســـاردی هەوا و تاریک و لێڵەی بەیانی و سـکی برسـی خۆی، بە جۆرێک ترسـی لە کار و ئەو شـــتانە هەبوو کە شـــەوانەش خەونی بە کاری بەیانی خۆیەوە ئەبینی، حەســانەوەی بۆ نەبوو لە دەسـتی مێشـــکی ئاڵۆزی خۆی، لە دەســـتی ترس، ترس لە هەموو ڕۆژێک دووبارەکردنەوەی کارەکانی لەشـی خۆی، ترسـی لەپی دەســـتی لە کلکی پارچ و بێڵ و پیکەکان، ژێر پێ و

لاڕانەکانی، هەر کە بیری لە کار ئەکردەوە مووچرکەیەک بە گیانیدا ئەهات و بە گازەرای پشـــتا بۆی ئەکەوت، کۆمەڵێک ئەندامی ترساو بوو. بیرکردنەوەی ناو جێگەکەی هەڵســـــانی چەندین بەرامبەر بۆی قورس کردبوو، چەن چرکەی تر کاتی بە خۆی ئەدا، خولەکێک، تا شـــایەت لەو خولەکەدا هێز بگرێت و بحەســـێتەوە یا بە شـــێوەیەک دەرفەتێک بە برێ ئەندام بدا هاوکار بن بۆ هەڵســـانی. بە دەنـگـی زەنـگەکەوە ڕائەپەڕێـت، بە دەنـگـی زەنـگـی تەلەفوونەکەوە ڕائەپەڕێت، جۆرێک وڵامی گووشـــییەکە ئەداتەوە وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێت خەبەر بێت، نەکا خـاوەن کـارەکەی تووڕە بێـت و لە کرێکـارێکی خەواڵوو خۆشـی نەیەت. وەها کە کرێکارە شـوکرکەر و کۆن و بە سـاڵاچووەکان فەخری زوو خێزی بەوانی دی ئەفرۆشـن، کرێکـارەکـان کە یەکـدی هەرزانفرۆش ئەکەن و خەوی یەکدی ئەزڕێنن.

پێی وتووە کە لە شـــەقـامی خوارەوەی مەیـدانەکە چـاوەڕێی ئەکـات. بەپەلە بە پلیکـانەکـانی نێو هوتێلەکـا

ئەڕواتە خوارەوە، لە ڕاڕەو و ڕاپلەکا بەڕووی کرێکـارە تەمەنڕۆشـــتوو زووخێزەکاندا ئەچێت، ئەو کرێکارانەی کە بە چرچوچاوێکی خەواڵوو و شـــپرزەو ئارامەوە لە دەرگای ژوورەکـانیـان یەنە دەرەوە بۆ میزکردن و شــــۆردنی دەموچاوی بەیانیان، لە دڵەوە خۆزگا ئەخوازێت بە تەواوی ئەوانەی لەنـاو پێخەفە گەرم و نەرمەکانیـانـدا خەوتوون و نایەنە دەرەوە. لەو کاتەدا کە ئەیەوێت بە خاوەن کارەکەی بگات و بڕوات، بە مێشـــکیدا دێت و بیری ئەکەوێتەوە کە ئەو شـیعر ئەنووسـێت، لە مێشـکیدا ئەڵێت شـیعر ئەنووسـم بەڵام شـــاعر نیم، لەبەر خۆیەوە، مێشـــکی بۆ خۆی، کە هەمیشــە خەریکی شـیکردنەوە و ڕاڤە و بڕین و دوورینی ڕووداو و کەســـەکـانە، خۆی لە بیرکردنەوەکەشــــی ئەپـارێزێـت، پێ هەڵئەگرێـت وەک ئەوەی بیەوێـت بە پێ هەڵگرتن خێرا لەو بیرە خۆی ڕزگـار بکـات. چ گرنگییەکی هەس کە خاوەن کارێک بە شاعر بوونی ئەو بزانێت، کوێی بە شـــــاعر بخوات، مزگەوت بڕووخێ محرابەکەی هەر ئەمێنێتۆ، بیشـزانێت بە گاڵتەوە بانگی لێ ئەکات شـاعر. ئەو کە تا ئێسـتاش نووسـراوەکانی لە دەوروبەر و نزیکترین کەسـەکانی خۆی شـاردووەتەوە، لەو دۆخەیدا شـاعربوون

تەواوکەری ئەم قسـه نەسـتەقە بوو بۆی: "ڕێوی نەئەچوو بە کونا هەژگیشـی ئەبەسـت بە خۆیۆ"، لەبەر خۆیشـیەوە ئەیوت ئەسـڵەن کوێی باشـە لە کاتژمێر پێنجی بەیانیدا بیر لە شـیعر نووسـینی خۆت بکەیتەوە، لە حاڵێکدا ئەوەی ئەزانی شـاعر بە تەنیا نابێتە شـاعر، هەمیشـە پێویسـتت بە چەن کەسە بۆ شاعرکردنت، ئەو بە کێوە خوی بکردایە، بە کـام جلوبەرگەوە دەرکەوتـایە، ئەو کە تەنـانەت کـاتێـک ئەچووە کتێبفرۆشـییەکانیشـەوە، لە کاتی جەنجاڵی و پڕ بوونیدا خۆی ئەدزییەوە و نەئەچوو، کۆنەدڕ و شـان کز، کە لە جەمعی ئەوانـدا زۆر دیـار بوو لە خۆی تەریق ئەبووەوە، دیـار بـوو لە دوورەوە دیـار بـوو، کـتـێـب خوێنەکانیش ڕوخسـاری تایبەتی خۆیان هەیە، شـاعرەکان روخسـار و قەڵافەت و سـام و هەیبەتی تایبەتی خۆیان هەیە، دیـار بوو وەک کتێبێـک کە کەوتبێتە نـاو قوڕ و چلپـاوەوە و دواتر لاپەڕەکـان و کتێبەکە هەڵماسـی بن، هەڵنەماسـی بوو بەڵام چرچ بووبوو. چ گرنگییەکی هەس کاتێک کە ئەڕۆیتە سـەر کار و کرێکاریت بیرت بکەوێتەوە کە ئەنووسـیت، لە کـاتێکدا هەمووان لەنـاو شـەقامە قەرەبـاڵغەکـانـد، لە قەراخـی دەریـاکـانـدا، لە کـاتـی

جگەرەکێشـــــاندا، لەو کاتانەدا کە هیچ کارێکی تریان نییە بیریان ئەکەوێتەوە کە شـــاعرن، شـــێعر هەمیشـــە وەک تاوانێک وابوو کە کردبێتی و بیشـــارێتەوە و بەڵام هەر لە چاویا دیار بێت، هەمیشـــە گومانێکی لای خەڵکی دروســـت کردبوو، کردبوویە گومـــانێ، هەر ئەو گومـــانە بوو کە نەیئەهێشت خەڵکی بەزەییان پێیدا بێتەوە.

بە ڕاســـتەی شـــەقامەکەدا ئەڕواتە خوارۆ ئەیبینێ کە دەستێکی لەسەر لێواری درگای کراوەی ماشینەکە داناوە و قاچێکی بەرز کردۆتەوە و لەناو ماشـــینەکەیە و ئەو دەســـــتەکەی لێ هەڵ ئەتەکێنێت، تا بەو ئاماژەیەدا خێرا بیبینێت و بیناسێتەوە.

بە بینینی هەنگاوەکانی خێراتر ئەکاتەوە، لە ناخەوە خۆی کۆ ئەکاتەوە تا بە شـێوەیەکی زۆر ئاسـایی سـڵاو بکات و داوای لێبوردن بکات کە لەوێ زۆر ڕایگرتووە، شێوەیەکی زۆر ئاســـایی، ئەگەر ئەو شـــێوەیەکی بۆ ئاســـایی هەبێت. یەکێک لەو شتانەی کە ئەو بەردەوام پێوەی ئەیناڵاند و بە هیچ شـــێوەیەک بۆی نەئەکرا و بەری خۆی پێ نەئەگیرا

ئەو تەعارف و شەرمە زۆرەی بوو، ئەو تەعارف و شەرمە بێجێگە کە لە زۆربەی خەڵکی ئەکرد، تا جێگایەک کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەست و پێی خۆی گووم ئەکرد، وەها ئەشڵەژا کە بە دەیان وردە ڕەفتار و قسەی هەڵەی ئەکرد و هێندەی تر خۆی ئەدۆڕاند. تەنانەت لەو کەسانەش کە ڕقی لێیان بوو هەر شەرمی ئەکرد و ڕێزێکی لێ ئەگرتن. کە دواتر بیرکردنەوە لەو کارە بە ئێش و ژانەوە ئەیتلاندەوە. شەرم نەخۆشینێک بوو تووشی بووبوو، بەڵام لە دڵەوە تا حەز بکەی خۆ بە زل زان و ئەو خەڵکەی بە نانخۆر و گووکەر و سووک و ترۆ سەیر ئەکرد. بە تایبەتی هەمیشە شەرمی لە شوێن و جێگای تازە، لە مرۆڤی تازە، ئەو شوێن و کەسانەی کە یەکەم جار  بوو ئەیبینین، شەرمی ئەکرد و ڕێزی لێ ئەگرتن، پێی وابوو هەمیشە شتی تازە جێگای ڕێزە، تەنانەت گەر خراوترین جێگا و کەسیش بێت.

برێ جار کەسی تازە لە لای جۆرێک بووە کە هیچ تاوانێکی نەکردووە، وەک کەسێک کە تازە لەدایک بووبێت، برێ جار تاوان تەنیا ئەو شتەس کە بەرامبەر بە خۆت

ئەکرێ، کەســی تازە لە لای کەســێک بووە بێئاگا لە تەواو تاوانەکانی دنیا، کەسێک کە هەموو شتێک لە دەرەوەی ئەو ڕووی داوە، بۆیە هەمیشە کە کەسێکی تازە و نەناسراوی ئەبینی خێرا ئەبووە جێگــای بــاوەڕی و دەســـتی بە قســەوباس و وردەکارییەکانی ژیانی خۆی ئەکرد، کەســی تازە و نەناســراو هەمیشــە لە لای کەســی جێگای باوەڕ و جیاواز بووە. نازانم شایەتیش قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسە تازانەدا بۆ ئەوە بووبێت کە ئەو کەسە لە زانیاری و بیر و بۆچوونەکانی خۆی ئاگادار بکاتۆ، هەمیشە سەرەتای هەر پەیوەندی و هــاوڕێیەتی و نــاســـینێکی تــازە جیــاواز و چێژبەخشــە، ناســینی هەر بیر و فکرێک، هەر کتێبێک، هەر شــێعرێک. مرۆڤ هەمیشــە پێویســتی بە کەســی تازەیە تا چیرۆکە چەن بــارە و نەبڕاوەکــانی ژیــانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، کەســـی تــازە وەک لاپەڕەیەکی ســـپی و نەنووســـراوە تا بە دەســـتی خۆت بینووســـیت و خۆت لە دڵیدا هەڵبگریت. زۆر لە ناو یەک بوون و یەک ناســـین و ئاوێتەبوون لە بەرچاو یەکدیت ئەخات و بێنرخ و ســـووک و ترۆت ئەکات.

چەن دەقەیەک لەوێ ڕایئەگرێت و پێکەوە قســـــە ئەکەن، دەستی لەگەڵدا لێئەداتەوە و بە شوێنی خۆیدا ئەگەڕێتەوە، منیش چـاوەڕێ بووم خـاوەن کـارەکەم بێت بە دوامـا، لەسەر مەیدانەکا بە یەک گەشتینەوە، پرسیم بۆ گەڕایتەوە؛

پێی وتبوو کە بڕواتەوە ماڵۆ نەڕواتە سەر کاری کەسی تر کە ئەو لە نیوەڕۆ بەدوا کەلوپەل گواســـتنەوەی هەیە و خۆی زەنگی بۆ ئەداتەوە و بە لایەکی تردا نەڕوات، ئەگەری هەیە زووتر لە نیوەڕۆش زەنگ بداتەوە بە جۆرێک بێ خەیـاڵی کردبوو کە کرێی ئەو ڕۆژەش هەمووی پێ ئەدات.

ســـەری داخســـتووە و لەبەر پێی خۆی زیاتر نابینێت، ئەوەندە ماندوو بووە لە بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێ کە ئیتر سەری داژەندووە، بەڵام بیرکردنەوە دەسهەڵگری نەئەبوو، بیری ئەکردەوە بەڵام ئەوەنـدە وەڕز و مـانـدوو بوو کە نەیئەتوانی بە چڕی بپەرژێتە ســەر باسـێک و بیرەکانی بە شــــێوەیەکی لێڵ و تـان و پۆ و لەنێو بیرۆکە و خەم و خـایلەکـانی خۆیـدا مەلەی ئەکرد، ئەم کـارەی، ئەم کـارە نیوەچڕەی، ئەم کارە لێڵەی، هێندەی تر خســتبوویە گومان

و ترســـــەوە، ترســـــەکانی لە خەیاڵەوە وردە وردە خەریک بوو ئەبوونە واقع . بەڵام وەڕزی و ماندوویێتی کە وەک ســـــەگێکی هار بەردەوام گیانی کەوتبوون، هیچ شـــــت و مەترســـــی و واتایەکی لە لا گرنگ نەهێشـــــتبوۆ. هەرچی ئەبێت با ببێت. ســـــەری داخســـــتووە نەکا ڕوانینەکان لە ڕوانینی هەڵساون، سواری ڕوانینەکانی بکەن، لە چاوییەوە زاڵ بن بە ســـەریا ئەوەندەی تر، ئیتر بەســـی بوو ڕوانین، ڕوانینی بەس بوو هەموو شـــــتێک لەو ســـــێ میلەوە، لەو گلێنە بچووکەوە چووبوو نـاو نـاخی، لەوێوە چووبوو لە مێشـــــکیدا کاوێژی ئەکردەوە، وێنەکانی کاوێژ ئەکردەوە، ڕەفتارەکان. ســـەری داخســـتبوو و بەو شـــێوەیەی خۆی شاردبووەوە، پاپۆکەی خۆیی خواردبووەوە، سەری بەنێو لاکی خۆیدا کردبوو.

ترس و گومانەکانی دەســـــهەڵگری نین، بۆتە کەســـــێکی ســـــاوێری کە هەموو شـــــتێک بە چاوی گومان و پلان و هەڕەشـەوە ئەبینێت. لە دڵەوەش بیری ئەکردەوە، بڵێی ئەم کابرایە بە سەر کاریەوە نەنێت؟ زەنگی بۆ بداتەوە؟ ئەگەر وابوو بۆ بە زەنگێک تێی نەگەیاندم، دێت و لەبەر خۆیەوە

ئەم بیری بەو بیریا هەڵەخات، ئەم بیری بەو بیریا ئەچێت. ئەکەوێتەوە بیری ماڵۆ، شــێوەی لێ ڕوانینی دایکی یەتەوە پێش چاوی، شێوەی لێ ڕوانینی کە جۆرێک بوو گیاندار و بێگیـان لە بەرامبەریـدا خۆی بە گونـاحبـار ئەزانی، هەزار جار لە دڵەوە بۆ پیشـاندانی بێگوناحی خۆی لە بەرامبەری دایکیدا لە دڵ و مێشـــکەوە قیژاندبووی و وتبووی منیش ئەمەوێت ژن بم، تۆ بم، دایک بم. وەک چۆن دایکم دوای مەرگی بـاوکم گریـابوو و قیڕانـدبووی و وتبووی ئیتر من باوکم، پیاوم.

ئەگەر ئەم کـابرا درۆی کرد چ وڵامێکیـان بـدەمەوە؟ بۆ بڕوام پێ کرد و بێ قسـە گەڕامەوە؟ باشـترە بچمە سـەر مەیدانەکە بە شوێن کارێکی تردا بگەڕێم.

کە لەنـاو ئەم بیرانەدایە بە زەنگی گووشـــییەکەیەوە دائەچڵەکێت، لەگەڵ داچڵەکانەکەدا سـەر بەرز ئەکاتەوە ئەم جارە ئەزانێت کە لە درگای هوتێلەکەدایە، لە گووشـــییەکە ورد ئەبێتەوە، هەر ئەوە، خاوەن کارەکەس؛

لە ڕاســـتیدا من کەلوپەلێکم بۆ گواســـتنەوە نییە، من هیج کارێکم بۆ تۆ نییە. لاڵ ئەبێت وشـەکان گلاوە گلاو و شـەلە

شـەل لە دەمییەوە یەنە دەر و پێی ئەگەن.  بەڵام بێخەم بە من پارەت ئەدەمێ، هەرچییەکت پێویست بێت، بەڵام ئەبێت هەموو ڕۆژێک...

ســــڕ ئەبێـت، ئـارەقێکی چیـاو دەر ئەدات، زەردەیەک ئەیگرێـت، نـاوچـاوەکـانی توزێـک ئـاوی تێ ئەزێـت و لە زەردی لای ئەبات و تۆزێک ئەئایســـێن، بە دەور و بەری خۆیدا ئەڕوانێت تا بزانێت لە کوێیە، خۆی بدۆزێتەوە، بە دەور و بەریدا بۆ وڵامێک بگەڕێت، بە هێواشـــی هەڵدێت تا وڵامەکەی لە خەڵکی بشـارێتەوە، وەک کەسێک کە زێڕێکی دۆزیبێتەوە و بیەوێت خێرا بیشارێتەوە.

چۆن متمانە بکەم، شایەت شتێکی لەژێر سەر بێت، ئەمە داوە. کوا لە ڕوخســـاریدا ئەو شــــتەم ئەبینی، هەرچەن لە دەیەقەی یەکەمەوە وەک خاوەن کاریش نەئەهاتە بەرچاوم، کێیە؟ چ کارەس؟ کێ ناڵێت کە ئەیەوێت بەم پێشـــنیارە ســــەرم بکات بە پەتێکەوە، ئەگەر وایە ئەم شـــار و وڵاتە کەسـی تێدا نەبووە و نییە من نەبێت، منی غەریب و چڵکن، وشـک و ڕەقهەڵاتوو و گول، کوا لە وەها کەسـانێک ئەچم تا وەها پێشـنیارێکم پێ بکات، لەم هەموو کرێکارەدا، لەنێو

ئەم شـــارەدا من! دوێنێش لەنێو کارەکەدا بۆم دەرکەوتبوو کە ئەو باخ و ســـــەرایە هی خۆی نییە و ئێمە کارمان بۆ خاڵۆی کردووە.

نازانێت چی بکات، بە کام بارا بڕوات، ئەگەڕێتەوە ســـەر مەیدانەکە، شـــــپرزەس. وەک ئەوەی تەواوی ئەو خەڵکە گوێیان لە تەلەفوونەکەی بووبێت و پێیان زانیبێت. ســـوور هەڵگەڕا بوو، ترسێک لە ڕەفتارەکانیا دەرئەکەوت. خۆی بە گوناحبار ئەزانی، لە خۆیدا ئەگەڕا کە کام ڕەفتاری بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم پیاوە وەها پێشـــــنیارێکی پێ بکات. شـــایەت بە شـــێوەیەک ڕەفتارەکانی ڕابردووی تیا ببینێت، مرۆڤ هەرچەنیش بیەوێت بیشـــارێتەوە بڕێ جار هەر بە زۆریش بێت سەر و گوێ دەریەنن لە ڕوخسارتەوە.

خۆی بە گوناحبار ئەزانی لەو کاتەدا هەرکەس داوای هەرچێکی لێ بکردایە ئەیکرد، وەک مرۆڤێک کە کەموکووڕییەکی هەبێت و بۆ پەردەپۆش کردنی عەیبەکەی ناچار ئەبێت بڕێک باج بدات، بڕێک کار بکات. بڕێک کەموکووڕی لە خەڵک و دەوروبەر قەبووڵ بکات. مێهرەبان ئەبن ئەو کەسانەی کەموکووڕییەکیان هەیە. تاوانبارن ئەو

کەسـانەی نوکتە و قسـەی خۆش زۆر ئەزانن، ئەیانەوێت شتێکی تر لە ناخیاندا بشارنەوە، هەر شتێک توورەییت لێ بگرێت بەرەو کۆیلەییت ئەبات، توورەیی کە هەمیشـە شتێکی نوێیە، لانی کەم بۆ ئەو وەها بوو. هەمیشە بە قسە و ڕوانینەکانی ئەوەی بە من ئەوت هیوا تۆ تاکەی ئەتوانی ئەو هێمنیەت لە بیر و فکر و ژیانتدا بپارێزی، با کێشەیەکی ئەوتۆش ڕووبەڕوو یەخەی پێ نەگرتبی. تا ڕۆژێک بتوانی ئەو هێمنیەت بپارێزیت تۆش کەسێکی جێگای گومانی بۆم.

ئەوەندە شـپرزەس کە ناتوانێ لەناو خەڵک و مەیدانەکە خۆی ڕابگرێت، ئەڕواتەوە نێو هوتێلەکە و لەسەر تەختەکە پاڵ ئەکەوێت.

لەسـەر تەختەکە پـاڵ کەوتووە و خەریکە لاپەڕەکـانی گووشییەکەی ئەداتەوە، تا بە شێوەیەک خۆی لەو کرێکارە کـار دەسـنەکەوتووانەی نێو ژوورەکەی بشـارێتەوە، هەمیشـە تا بوو لەنێو ماڵەوەشـدا بۆ پەناگرتن لە بڕێک کێشـەکانی ماڵەوە پەنای بە کتێب بردبوو، ئەو کتێبی وەها ناسـیبوو، تەنیا پەناگایەک و بەس، تەنیا کتێب و بەس.

ڕۆژانە لە کاتی کار و کاسپیدا بیری لە کاراکتەر و کەسایەتی نێو ڕۆمانەکان ئەکردەوە، شێعرە باشەکان ئەهاتنەوە بیری، لە تەواوی ژیانیا لەو کاتانەشدا کە نەیخوێندووەتەوە و کتێبی بە دەستەوە نەبووە، هەر خەریکی ڕاڤە و بیرکردنەوە بە کتێب بووە، ئەو پەناگا دەروونییە، ئەو چێژە چێژنەکراوە دەروونییە. بەڵام لەوێدا ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ خۆی هێنابووی تا تەنانەت بە خوێندنەوەی لاپەڕەیەکیش بێت ئەو هەست بە ڕەزایەت و ئارامییە دەروونییە بکات و واهەست بکات کارێکی کردووە، لەنێو جانتاکەیدا دەری نەهانیبوو و نەیوێرابوو هەر ئاشکراشیان بکات، چوون پێشتر لە کار و شیرکەت و جێگەکانی تردا دەری هێنابوون و ویستبووی بیانخوێنێتەوە، لێی کرابووە گاڵتە و تەنانەت کتێبەکانی بەر شەق درابوون، ئەو هەستیارییەی کرێکارەکانی پێشتر دیبوو، ئەوان دوژمنی ڕاستەقینەیان کتێبە و پێیان وایە هەزار وشەی ناو کتێبەکان یەک کردار ناهێنێت. بەڵام گووشی ئەو هەستیارییە دروس ناکات لایان و ئیتر بەو شێوە ناکەویتە بەرچاو. گووشییەکەی بە دەستەوە بوو، جار و باریش بە نهێنی چاوێک لە ژمارەکەی دارا بکات،

ئەم دوو ژمارە پێکەوە هەڵبســـەنگێنێت، چەن ژمارەیان هاوبەشـــە و چەندە لە یەکدی نزیکن. بۆ ئەم شـــتە خێرا دارای هێنابووەوە بیری و لە مێشکیدا لە یەکیدابوونەوە، چ پەیوەنـدییەکی بە ژمـارەکـانییـانەوە هەس، ئەگەر دوو ڕووداوی هاوشێوەش بن. پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسە، ئەم دوو کارە، ئەم دوو ژمارە، وەک ئەوەی چەندەی لە یەکچوونی دوو ڕووی کۆن و تازەی خۆی هەڵبسەنگێنێت. ئەم دوو کاتەی ئێستا و ڕابردوو. چ دەستێکی سێحراوی لە پشـــتی ڕووداوەکـانی مرۆڤەوە هەیە؟ لە پشـــتی تاقیکردنەوە و هەڵەکانەوە؟ بڕێ جار وەک ئەوەی تەواوی ئەو خەڵکە ئاگاداری کارەکانت بن بە داوا و ڕەفتارەکانیان ڕابردووی خۆتت بیر ئەهێننەوە، تا بزانن تۆ چەندە لەسەر خۆت ڕاســتگۆ و نەگۆڕیت تا دڵنیات بکەنەوە کە هەڵەکانی جارانت ئەکەیتەوە، پێت ئەکەنەوە، ئەوەت پێ ئەکەنەوە کە تۆ لە کردنیشـی دڵنیا نەبووی، تێی کەوتووی. بڕێ جار بە وتنی قســـەیەک و کردنی کارێک دڵنیا نیت کە ئەمەت لە ڕووی هەڵبژاردنی خۆتەوە کردبێـت، ســـوار ئەبیـت و ئەیکەیت تەنانەت ئەگەر بڕواشت پێی نەبێت.

لەســەر ژمارەکەی دارا ڕاوەســتاوە، چووبووەوە ســەر ڕابردووی خۆی و ڕاوەستا بوو. چەندین ساڵ بوو دارای لە بیری خۆی بردبووەوە، لە بینینی خۆی بواردبوو، لەو بیرەوەرییانە بوو کە نە تەنیا نەیئەگێڕایەوە نەیئەویست بە بیری خۆیشی بێنێتەوە، ترس لەوەی ئەگەر بە بیری خۆی بێنێتەوە کەســـــانێک پێی بزانن. بڕێ جار خەڵکی بۆ بە بیرکردنەوەکــانیشـــــــت ئەبەن، وەکوو مەعموورێــک بە دواتکەوتوون و بە ڕوانین و ڕەفتارەکانیان تێت ئەگەیەنن کە ئاگاداری کارەکانتن. لە بڕێک شــوێن کە ئەتبینن  وەک ئەوەی بەســەر تاوانێکەوە گرتبێتتیان قۆڵبەستت ئەکەن بە ڕوانینەکانیان.

ســڕ و مەنگ لەســەر تەختەکەدا پێچی لە خۆی ئەدا، لە قەف و لوولی خۆیدا کەوتبوو. وەک مارێکی سڕ پاپۆکەی خۆیی خواردبووەوە، ڕێک وەک مارێکی ســـڕ ماتڵ بوو کەســـێک بێت و پێی پێدا بنێت و بیگەزێت. چارەی ئەوە بوو. چارەی گەستن بوو، زۆر کەسی گەستبوو لە خزم و کەس و دەور و بەرییە ورگ شـۆڕ و قوون ماسـیوەکانی خۆی. گەســتبوونی بەوەی کە بە نەبوو ئەژماری ئەکردن،

ڕیگەی لە ڕێگایان جیا ئەکردەوە، ساڵەها بوو زوانی لەگەڵ زوانیاندا نەچەرخابوو. بێدەسەڵاتی ئەوی لەوێ هێشتبوۆ، هەمووان ئەوەیان ئەزانی. بێدەسەڵاتی و هەژاری کە هەم هێزت پێ ئەدات، هەم سووکت ئەکات، بێدەسەڵاتی و هەژاری کە زیاتر ڕەق ئەستوورت ئەکەن، زیاتر چاوت ئەکەنەوە، چاوی کوێربووت. هەژاری و بێدەسەڵاتی کە زیاتر دڵنیات ئەکەنەوە.

ئێوارە بوو لەسەر کارەکەی گەڕابووەوە، لەسەر کارە نوێکەی. پارەکەی وەرگرتبوو، پارە نوێکەی، جاروبار دەستی بە گیرفانیدا ئەکرد و دەستێکی لە پارەکە ئەدا. پەشیمان بوو لەوەی چما هێزی ڕەتکردنەوەی هیچ شتێکی نییە، توانای بڕیاردانی دروستی نییە، بۆ بەری خۆیی پێ ناگیرێت؟ هەستی بە هێشی ڕۆحی خۆی ئەکرد، ئەندامێکی نەبوو و نهێنی و شارياوە لە گیانیدا ئەیزریکاند، شەقی ئەکرد، تاقی ئەکردەوە.

دەستی لە پارەکە ئەدا و دائەڕزا، هەستی بە لاوازی و گەڕ و گولی و پیس و چەپەڵی خۆی ئەکرد، لەو کاتانەدا لە هەر کاتێک زیاتر لەو بەشی شاعربوونەی خۆی ئەدزییەوە، حەقی بەو کەسانە ئەدا کە گاڵتەیان بە شاعربوونی کردووە. ئەم بەشی ئەو بەشی ئەبردە ژێر

پرسیارەوە، مرۆڤێک بوو کە بەردەوام لەو درز و قڵیشانەوە کە بووبوونە لەشی خۆی لەت و کوت ئەکرد. ئەوە بوو کە نەیئەهێشت لە ئەو مرۆڤێکی یەک دەست و چەق، ساق و سلامەت، مرۆڤێک کە بتوانێت خۆی بە کۆمەڵێک بڕوا و ئەخلاق و چەمک و پێوەرەوە بناسێنێت، کۆمەڵێک درۆ و شتی دژ بە یەک بوو کە ڕاستییەکی گەورەیان پێک هێنابوو.

کار و ماندوویێتی وەکوو سڕکەرێکیان لێهاتبوو بۆی، زۆر دەرد و ئازاریان لە بیری ئەبردەوە. هەستێکی باشی بوو کاتێک کارێکی ئەکرد و ماندوو ئەبوو، ئۆقرەی ئەگرت و ئەخەوت و قینی لە خۆی نەئەکێشا، هیچ شتێکی ڕۆحی و زەینی ئازاری نەئەدا و ماندوویێتی هەموو شتێکی لەبیر ئەبردەوە و هەستی بە تاوان نە بەرامبەر بە خۆی نە بەرامبەر بە بنەماڵە نەئەکرد. بەڵام ئەم کارە نوێیە و ئەم پووڵە نوێیە بووبوونە بارێک بە سەریۆ، تەنانەت برێ جار بیری ئەکردەوە پووڵێک کە بەم ڕێگایە بە دەست بێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی خوشکەکەی کارتێکەری نەرێنی ئەبێت. بەو هەموو بێباوەڕییەوە هێشتا ترسێکی لە دڵدا

بوو، دڵنیا بوو کە ئەگەر دواتر شتێک بەسەر خوشکەکەیدا بێت، ئەو گرێی ئەداتەوە بەم پووڵە و بەم کارەوە، ئەم پووڵە بۆ خەرجی هەموو ڕێگایەک نابێت، ئەگەر ماڵەوە بەمە بزانن و ئەم شتە لە چاوما ببینن یا ببیبیستنەوە؟

لە تەواوی ژیانیا کارکردن یەکێک لەو تەنیا شتانە بوو هەستی سەربەخۆیی و ڕزگاری پێ دابوو، بە تایبەت ئەو جۆرە کارەی ئەو کردبووی بەڕاستی ئیتر خۆی بێمنەت کردبوو، یەکێک لەو شتانەی لە بیریا بوو هەمیشە ئەوە بوو کە جۆرێک بکات تا خاوەن کارەکەی بێمنەت بکات لەو پووڵەی پێی ئەدات. بەڵام لەم پووڵ و کارەدا هەستی بە سەربەخۆیی نەئەکرد و ئەیشاردەوە، ئەوێک کە هەمیشە کارەکانی خۆیی گێڕابووەوە و فەخری پێوە کردبوون، لەوانە نەبوو سەرچاوەی داهاتی ناڕوون بێت و نەزانێ چەنی بە چەندە، بەڵام لێرە وەک ئەو خەڵکەی لێ هاتبوو، بۆ ساتێکیش نەیئەتوانی وەک ئەو خەڵکە بژیەت، گرنگ نییە کە چییان شاردۆتەوە، گرنگ ئەوە بوو بۆی کە چۆن ئەتوانن شت بشارنەوە و بژیەن پێوەی. کە چۆن ئەتوانن کارێک بکەن هەست بە سەربەخۆیی نەکەن تێیدا، هەمیشە

بۆ پووڵ وەرگرتن گرێدراو بن بە جێگایەکۆ، یاســـــا و بنەڕەتەکانی ئەو شـوێنە نەشـکێنن و بە ترسـەوە بژیەن و هەمیشــــە چاوەڕوانی لوتف و کەرەم بن، لوتف و کەرەمی پوول. ئەویش لەم کـارەدا هەســــتی بە وابەســــتەی و گرێدراوی ئەکرد.

پێشــــتریش هاوشــــێوەی ئەم جۆرە کارەی کردبوو، لەم جۆرە پووڵەی هێنـابووەوە مــاڵەوەش پێیـان زانیبوو، تەنـانەت دایکی لەو پووڵە مەولوویی و خێر و خێراتی لێ کردبوو، مەولوویی بۆ خاس بوونەوەی کچە نەخۆشەکەی، پـوولـی مەلا و مـزگەوتـی لـێ دابـوو، لە پـوولـی ئـارق فرۆشـییەکەی ئەو، سـەرانەی مەلا درابوو و مزگەوتی لێ ساز کرابوو.

بوغز و قین وەک مـارێکی ڕەق لە گیـانیـا پێچی لە خۆی ئەدا و هەســـتی پێ ئەکرد، وەک مارێک قەپی بە قوڕگ و بینە قاقایدا کردبێت. کاتێک بە پوولی ئارق فرۆشــــی ئەو کارانەی لێ کردبوو نە تەنیا مەلا و مزگەوت و بنەماڵەکەی و دەوروبەر تەنانەت خواش بێدەنگ بووبوو، ئەمیش خۆی بێـدەنـگ بووبوو. ســـەرەتـا تەمـایەر بوو دەنگێـک لە

شـوێنێکەوە بێت، لە گۆشـەیەکی عاسـمانەوە، نەهاتبوو. بە پووڵ دەمی خوا و حەقێقەتی بەسـتبوو. پووڵ سـام و هەیبەت و قورسـییەک بە مرۆڤ ئەدات کە هەموو شـت و کەسـێک لە بەرابەریدا بێدەنگ ئەبن یا ئەگەریش دەنگ هەڵبڕن ئەوەندە بە ترسـەوە و نزم و نەوییە، کە بیسـتنی هیچ درزێک ناکاتە دەروونی هیچ کەسەوە. لەسەر تەختەکە کەوتبوو لە دڵەوە ئەیوت کە پووڵ پووڵە وەهـا کە خوا خوایە.

گەڕابووەوە تەنیـاییيە سـامنـاکەکەی خۆی، هەموو ئەوانەی کە شـاردبوویانەوە، کە دەردەکانیان لە بیری بردبووەوە، هەموویـان جێیـان هێشـتبوو لە دۆزەخی دەروونی خۆیدا. تازە گەڕابووەوە و زۆر هەستی بە نزیکی لە تاوان و کارە تازەکەی ئەکرد. هەر گوناحێک سەرەتاکان وەک زەخمێکی تازە وایە بە لەشتەوە و دواتر کۆنە ئەبێت و خۆش ئەبێتەوە و هەسـتی پێ ناکەیت و بگرە چێژ لە هەڵکەندنی بزمارتەی گۆشـت و خوێنی وشـکەوەبووی ئەبینی. هەسـتی بە تاوان ئەکرد بەرامبەر بە خۆی کە بۆ

پووڵ وەها کارێکی کردووە. تەنیایی کە جگە لە ویژدانی مرۆڤ هیچ شتێکی تری تیا نییە، ویژدان ئەو مێردزمەیەی ناخت کە کۆمەڵگا پەروەردەی کردووە، بە تاوانبارت ئەزانێ، هەڵەت پێ ئەکات تا بە هەڵەکانی تۆ خۆی زینوو بکاتەوە.

هەموو لەشی قورس بووە، وەک ئەوەی کە ویژدان و ڕۆح و عەقڵ ئەو لەشەیان جێهێشتبێ و قورسی خۆی کەوتبێتە سەر خۆی، کە هەمیشە باری ئەم لەشە بەسەر ئەوانەوەیە و هەستی پێ ناکەیت، ئەها کاتێک کارێک ئەکەی کە خۆت حەزی پێ ئەکەیت و پێی ڕازیت چەندە هەست بە سووکی لەشت ئەکەی و لە خۆت ڕازیت.

هەموو لەشـــــی قورس بووبوو، هەموو شـــتێک جێی هێشتبوو. تەنانەت ئەو تەختەش کە لە سەری پاڵ کەوتبوو ڕای نەگرتبوو، بە ســـــەرابی ڕۆحیدا داچووبوو. وەها بوو وەک ئەوەی پلە پلە دابچێت و بکەوێتە خوارەوە. بەبێ ئەوەی زاو بکاتە دەمییەوە لەناو ماندوویێتی و حەســرەت و برسێتیا خەو ئەیباتەوە.

ئیتر ئەمە بووبووە کاری هەموو ڕۆژێکی، ڕۆژێک جارێک، دوو جار، کاتی وەهاش بوو سێ جار بە ماشینەکەیۆ بە شوێنیدا ئەهات و ئەیبردە ئەو باڵەخانە چۆڵانەی کە هێشتا نیوەکارە بوون و تەواو نەکرابوون، ئەو باڵەخانە چۆڵانەی کە لە تەلەفووندا بە ماڵەوەی وتبوو خەریکی پاککردنەوەیانە، دڵنیای کردبوونەوە کە کارێکی باشی هەیە. ئەو باڵەخانە چۆڵانەی کە پێشتر هەزار جار لە نێویاندا لێی هەستابوو و بیری کردنی کەسێک داگیری کردبوو، کرێکارەکان وەهان هەمیشە کەلاوە و شوێنە چۆڵەکان بۆ گانکردن لە مێشکیاندایە، شوێن و ژوورە ڕازاوەکان هەستەکانیان ناجووڵێنن. ئەو ژوورە چۆڵ ناتەواوانەی کە پێشتر شوێنی دەسپەڕی ئەو بوون، ژوورە چۆڵ و فێنکەکان هەستەکانت ئەجووڵێنن و مێشکت بەرەو ئەو کارە ئەبەن.

هەموو ڕۆژێ لەوێ دەستی ئەکرد بە کردنی و لە دەمار و ماسوولکە سفتەکانی قوونی چێژێکی بێکۆتایی ئەبرد، شێتانە دەستی بە گاینی ئەکرد تا کێری لە قوونیدا لە گرێیەکی ڕەقی ئەدا و خاوەن کارەکەی بەمە سوێی

ئەهاتەوە و خێرا دەســـتی بە کۆکردنەوەی خۆی ئەکرد و پارەکەی ئەدایە و برێ جاریش لەوێ جێی ئەهێشـــت و نەیئەبردەوە نێو هوتێلەکە. تـا کـاتژمێرێـک بە ســـەریـدا ئەڕۆشت لێی هەڵ ئەهات و ئەچوو، بەڵام دواتر دەستی بە زەنگ لێدان ئەکرد بۆی، ئەو کەســانە تەنیان و لاواز، تەنیا و لاواز، ســـەرەڕای هەموو پووڵ و پارە و پێگەکەی تەنیا کەس بوو لە دنیا کە وردە وردە خەریک بوو بە ســـەریدا زاڵ ئەبوو. ڕۆژی یەکەم بوو کە بۆی ســـەخت بوو، چیتر وەکـوو پـیشـــەیەک لـێـی ئەڕوانـی. چەن ڕۆژی ئەوەڵ ســـەرەڕای پێویســـتییەکی زۆر بە پووڵ، ویســـتبووی پێی بڵێت کە نامەوێت بۆ ئەم کارە پووڵت لێ بسـێنم، نەیوتبوو و ســـەندبووی، بەڵام زۆر جار نەیئەزانی چی لە پووڵەکە بکات چۆن هەڵی بگرێت. وەری ئەگرت و بە حەســـرەتی وەرگرتن و خەرجکردنی پووڵەکەوە ئەتلایەوە.

لەســــەر تەختەکەی پاڵ ئەکەوت و هەردوو دەســــتی لەپشـــت ســــەرییەوە هەڵئەپێکا و ناوچاوی تۆزێک چرچ ئەکرد وەک ئەوەی بۆ تیشکی هەتاوێکی زۆر تیژ بڕوانێت. وەک ئەوەی کە درزێک بووبێتە ڕابردووی و لەو درزەوە بۆ ڕابردووی خۆی بڕوانێت.

چــاوەکــانی چووبوونەوە بە قووڵا، هیچ زرق و برق و تیشـــک و هیوایەک لە ڕوانینیا نەبوو، وشـــک و برینگ و چۆڵ ئەیڕوانی. ئەمە بوو کە هەمووانی ئــازار ئەدا. ئەم ڕوانینە دژ بوو لەگەڵ تەواوی هیوا و ئاوات و بەڵێنە تەڕ و هەتــاهەتــاییەکــانی ئەوانــا، تووی بێهیوای ئەچــانــد و هەمووانی تووڕە ئەکرد، تەواوی کۆمەڵگا بە گەشـــبین و ڕەشــــبینییەوە، بە گا و دەوڵەمەندییەوە، بە شـــــاعر و نووســەرییەوە، بە مەلا و بێدینییەوە، تەنانەت بەوانەش کە

خۆیـان بە جۆرێـک ڕوانینیـان وەهـا بوو، هەموویـان بێزاربوون لە وەهـا ڕوانینێـک. کۆمەڵگـای بەرەو پێش و پێشـکەوتوویان ئەویسـت، سـەرکەوتن و سـەرکەوتوویان ئەویســـــت، هیوا، هیوا، دەرمـانی هەموو نـاکـامییەکـان، هۆکاری هەموو نەهامەتییەکان. ئەبێت سەر بخەی کۆمەڵگا بە ڕوانینەکانت بە قســـــە و کارەکانت. ڕێباز، ڕێباز، ڕێگا، گۆڕان، گۆڕان لە چارەنووسـدا، لە چارەنووسـی خۆتدا، لە چارە نووسی کۆمەڵگادا، لە چارەنووسی نەتەوە و جیهاندا، لە چارەنووسی ئایین و دیندا.

ئەو ڕوانینی ڕســـــتەیەکی بۆش بوو. وەک ئەوەی لە چـاویەوە دڵی تەنگبووی ببینی، لە چـاویەوە کە لە درزی دیوار ئەچوو، تۆش ئەو ڕابردووەی لە پشـتەوە ببینی و لە پشـــــتەوە نووســـــرابێت لەم جیهـانەدا بە دوای گۆڕانی چـارەنووســـــدا مەگەڕێ. لەنێو ڕوانینەکـانیـدا نهێنییەک هەبوو، شــتێکی شــاریاوەی بینیبوو، شــتێکی لە چاویدا شاردبووەوە. هەروا کە لەسەر تەختەکەی کەوتبوو گوێی لە دەنگەکانی ناخی ئەگرت:

مرۆڤ خۆی لە گێژی ئەدا، خۆی لە تێنەگەیشتن ئەدات، وەها خۆی دەربخات باشـــترە، ئەنا ئەکرێت بە ڕوانینی کەســێک جیهان بدۆڕێنیت، بە ڕوانین لە ڕوانینی کەســێک هەست بکەیت چەندە لە ژیان دوور کەوتوویتەوە، مەودای خۆت و جیهان، خۆت و ژیان.

هەمیشـــە دوور ئەیڕوانی وەک ئەوەی ببینێت چەندە لە ژیان دوور کەوتۆتەوە. داهاتوو بەرەو دوا پاڵی پێوە ئەنا و ڕابردووش بەرەو دوا ئەیکێشا.

هەمیشـــە دەســـتێکی نادیار بەرەو دواوە پاڵت پێوە ئەنێ، هەمیشـــە شـــتێکی نادیار جێت ئەهێڵێ، لە تەواوی ئەو کاتانەشـــدا کە هەســـت بە ڕۆشـــتنی ناکەیت، بڕێک جار قورســـی ئەو جێهێشـــتنە لە یەک کاتدا ئەکەوێت بە ملتدا. دەســـتێکی نادیار، شـــتێکی نادیار، کە ســـەرەتاش لە گەڵتا نەخولقاوە بە دوایدا ئەگەڕێی، بە دوای شـــتێکدا کە نازانی چییە، نازانی کێیە، نەک ئەوەی کەســـێک یا کەســـانێک لە دەور و بەرتدا چووبێتن، هیچ خاک و ڕێگا و جێگایەک ناتگرێتە خۆی. بێ ئۆقرەی. هەموو شـــتێکت دۆڕاندووە،

بێئۆقرەی وەک ئەوەی لە یەک ســـــاتدا بە مل تەرمەکانی ناختا بکەوی. مەودای نێوان دوو هەســـــت، مەودای نێوان هەســـــتێک و جیهان، مەودای نێوان جیهان و هەســـــت و ئارەزووەکانت. بێ ئۆقرەی. هەموو شــت و کەسـێک جێی هێشـتووی، تۆ خیانەتت لێ کراوە، سـاڵەهاس خیانەتت لێ کراوە و نەتزانیوە، و ئازاری ئەو نەزانینە خەریکە بتکوژێ. بمرە. هەڵە نیـت. غەدرت لێ کراوە، زۆر ســــــاویلکەی، جیهانت لە دڵ و چاوی خۆتەوە بینیوە، تۆ بەکار هێنراوی، تۆ ئامرازێکی، تۆ سـەرت لێ شـێواوە، گاڵتەت پێ کراوە، با لە قولـت کراوە، ورد کراوی، ئەتـک کراوی، لە کۆڕی هەڤـالانـت کراویتەتە دەر، لە بنەمـاڵەت، لە کۆمەڵگـات، پەراوێز خراوی، تۆ تەنیـایـت، نـاتوانی ڕووبەڕووی هیچ شـــــتێک ببیتەوە، تەنانەت ناتوانی ڕووبەڕووی خۆیشـــــت ببیتەوە. تەنیای.

هەموو کردەوەیەکت هەڵەیە، ئەگەریش هیچ کردەوەیەکت نەبێت هەڵەیە، تۆ تاونباریت و دەســــتت لە مێژووا هەیە، بەوەی کە دەســـتت نییە، دەســـتت هەیە، تاوانباری کە لەم ســـەردەمەدا ئەژیت، تاوانبار ئەبووی گەر لە ڕابردووشــــا

بژیایەی، هەژاری تاوانە، تاوانێک کە نازانی بەرامبەر کێ کردووتە جگە لە خۆت. تۆ بۆ تاوان خولقاوی، تەنانەت ئەو تاوانانەش کەوا هەستەکەی دەستت تێیاندا نییە، تۆ کەسێکی خۆلادەری، کەسێکی ترسنۆکی، حیز و سلامەت ئەژی، کەسێکی تووڕەی، بە هیچ دۆخێک ڕازی نیت، زوو بڕیار ئەدەی لەسەر کەسەکانی دەوروبەرت، تۆ سەبوور نیت، تۆ بڕێ جار کە ئاوێتەی ڕەوتێکیش ئەبیت هەڵەی. دارێکت بە دەستەوە گرتووە هەر دوو سەری گوواوییە.

تۆ هەڵەی، هەڵە ڕێگای خۆی لە تۆدا دۆزیوەتۆ، لە تۆدا خۆی تاقی ئەکاتەوە کە بزانێ هەڵەس یا نە، تۆ هێندە لاوازی کە هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە خاس و خراپییەوە دەس لە درگاتەوە ئەنێ، هیچ کات نەوتوانیوە دەس لە ڕووی خراپەوە بنێیت و بڵێی تۆ خراپەی، یا بڕێ جار پڕ بە پێستی خۆی ڕاستی تەرێق بکەیتەوە و بڵێیت تۆ درۆیت. تەنیا لە تۆ لە کەسێکی وەک تۆ ئەم جۆرە هەڵە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە ئەبینرێت، لە ئینسانی هەژار و تەنیا، کە هەموو کەس بە خۆیدا ئەپەرمێتەوە بە جۆرێک بیکوژێت، بە جۆرێک زاڵبوونی خۆی بە سەریدا بسەپێنێت،

تــاوانەکــانی خۆی بکــاتە ملی، کەموکووڕییەکــانی خۆی. ئەرێ عەبوو پڕ بە پێســــتی تۆیە ئەم کارانە، ئەم هەڵانە. وەک ئەڵێن بەرە لە شــوێنی تەنکییەوە ئەدڕێت. تۆ شــوێنی تەنکی ئەم ژیانەی، ئەو درز و شــەقارەی کە بۆتە لەشــی مرۆڤەوە و پێی نـازانێت. تۆ مرۆڤ نیت. ئیدەئـالیکت بۆ ژیان نییە، ئیدەئالیکت بۆ ئینســــان نییە، بۆ ڕەفتارەکانی ئینسـان نییە، بەبێ هیچ ئامانجێک ئەژیت، لە هەموو شـتێک تێر ئەبیت جگە لە هەڵە و دەرد و ڕەنجی خۆت.

پێشـــتر پێی وتبووم، هیوا ئەو دۆخەی من باســـی لێ ئەکەم دەوڵەت و دەمودەزگاکانی نین، ئەوە ڕاســتە کە من بە ڕوونی لەگەڵ ئەوانەدا کێشەم هەیە، بەڵام ئەوەی باسی ئەکەم خەڵکێکە، خەڵکێکی بەڕێکەوتوو کە تازە پێویســتیان بە هیچ دەمودەزگا و دیکتاتۆرێک نییە بۆ پاڵپشـــتیکردن و ڕێخۆشـکەری و بەرچاوڕوونی پێدانیان، خۆیان خۆڕسـک بەبێ هیچ زۆر و زەبەنێک وەک ســـــەروازێکی دڵســــۆز ئەرکەکانیان جێبەجێ ئەکەن.

بە خۆتت ئەوت هەر وەک ئەوم، بەڵام ئەوێک کە پێشــــتر کوشــــتم لە نـاخمـا و نەمهێشــــت گەورە بێت تـا نەبێتە

بەربەست لە ژیانمدا. زۆرینەی ئەوانەی بە بیر و مێشکی ئەمدا دێن و داگیری ئەکەن، هەر ئەوانەن کە دێن و ئەبنە داڵغە و بێدەنگی لە منا.

دەست و قاچێکی لە تەختەکەوە شۆڕ بووبووەوە، سەری تۆزێک بە پشتا کەوتبوو و دەمی کرابووەوە لەسەر سەرینەکەیا، وەک ئەوەی هیلاکی و مەرگ و پەشیمانی و ڕابردوو و دەنگ و بیرەکانی ناخی دەمیان هەڵچڕیبێت. دەست و قاچێکی و سەری بەم لاو لای تەختەکەدا شۆڕ بووبووەوە وەک ئەوەی توابێتەوە، ئەندامەکانی لەشی لە یەک جیا بووبێتەوە و هیچ هاوکارییەک لە نێوانیانا نەمابێت، ئەستەم بوو کۆکردنەوەی ئەو ئەندامانە پێکەوە، پێکەوە کارکردنیان، پێکەوە لکاندنەوەیان، دروستکردنەوەی مرۆڤێک لێیان. شکابوو، توابووەوە، داڕزا بوو، ئەریٚ داڕزان.

بەم شێوە چەندین کاتژمێر بێ دەم و زوان ئەکەوت، هێز و توانای هیچ شتێکی نەئەما، ئەبووە پلێک گۆشت، پلێک گۆشتی ڕزیو، وەک ئەوەی تەواوی ئەو هێز و توانایانەی

کە لە شـوێنە جیاجیاکانی ڕابردوو لە دەسـتی دابوون لەو کاتەدا هەموویان یەکیان گرتبێتۆ و لەو سـاتەدا لە لەشـی بچنە دەر.

ئێسـتا هیچ کات شـوێن پێیەکی پتەوی نەبوو بۆی، هەر دڵشـکانێک، هەر دەرد و ڕەنج و ئازارێک تووڕی ئەدایەوە ڕابردووی خۆی، برێ جار دەرد و ڕەنجێکی تازە هەموو دەرد و ڕەنجە کۆن و پێشـووترەکانت بۆ زینوو ئەکاتەوە، وەک نەخۆشـینێکی نهێنی لە ناختا سـەر هەڵئەدەنەوە، ڕۆح و لەشـت ئەبێتە حەشـری برین و ڕەنجەکانت، هەموویان پـێکەوە گـرێ ئەدەیـتەوە هەر هەمـان بـرینە کـۆن و چکۆلەکانی پێشـتر بۆتە برینێکی گەورە و ناسـۆر. یەک کات و یەک جێ تێکڕا بیر بە هەموو برین و شـکستەکانت ئەکەیتەوە یەک جێگە بە سـەرتـا ئەبـارن و هیچـت لە بەرامبەریاندا پێ ناکرێ. کاتێک هەڵەیەک ئەکەیت تەواوی هەڵە و کەموکووڕییەکـانی ڕابردووت زینوو ئەبێتەوە و سـەر هەڵئەداتەوە، ئەگەریش خەڵکی پێـت نەڵێن و بە

ناوچاوتیا نەدەنەوە خۆت هەســـــتی پێ ئەکەیت و خۆت سەرکۆنە ئەکەیت و خۆت سزاوار ئەبینیت.

بە هەڵدێرێکەوە وێسابوو کە کات برێ جار ژێر پێی خاڵی ئەکرد. هەموو شـتێک بە هێڵێکی نادیار پێکەوە پەیوەسـتن، هەموو ڕووداو و دەرد و ئـازارێـک کراوە بە پەتێکەوە، پەتی بیر کردنەوە، ڕابردوو تەزبێحێکە. برێجـار وەک تەزبێحێک کە کرابێت بە پەتێکەوە و هەموو شـــــتێکت لە جێی خۆیدا و بە دوای یەکدا لە بیرە. برێ جاریش پچڕاوە، وەک تەزبێحێکی چڕاو ڕووداوەکان و دەرد و ئازارەکانی خۆتت لێ ون ئەبێت و نایاندۆزیتەوە، وێڵیت و سەرگەردان بە دوای ئەو مـــوورووانەدا، بە دوای ڕابـــردووتـــدا کە تەزبێحێکی پچڕاوە.

مرۆڤ برێ جار تـاســــەی دەردەکـانی خۆی ئەکـاتەوە، تـاســــەی تەنیـایییەکانی خۆی، چێژ ئەبات لەوەی کە ئەو کەسێکە ئازاری چەشتووە گورزێکی باشـە بە دەستییەوە بۆ گێڕانەوە. گێڕانەوەی دەرد و ڕەنج لە نێوانی بەهێزی و ڕەزالەتدا ئەتهێڵێتەوە و بەرزەخێکە، بەرزەخی ڕا و بڕیاری خەڵک. مرۆڤ هیچ کات چێژ لە کەسێک نابات کە لە خۆی

زیاتر ئازاری چەشتبێت، ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەر کەسێک، تەنانەت ئەیەوێت لە ڕێگەی ئازارەکانییەوە خۆی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنێت. مرۆڤ لە بەرابەری کەسێکی ئازارچەشتوودا هیچ قسەیەکی بۆ وتن نییە. بەردەوام بە دوای ئازارەکانی خۆیدا ئەگەڕێت، بە دوای شکستەکانی خۆیدا، لە مێژوودا بە دوایدا ئەگەڕێت، مێژوو کە جێگای هیچ سەرکەوتنێکی تیا نەبۆتەوە و هەموو شتێک دۆڕاوە تێیدا، دۆڕاو بە نسبەتی کات. دۆڕاندن و شکست کە ئەکرێت یەکێک لە قۆناغەکانی سەرکەوتن بێت، شایەت خودی سەرکەوتن بێت، سەرکەوتن بە نسبەتی زیاتر دڵنیاییی خۆت، دڵنیایی لە وتوویرەکانی مێشکت، لەوەی کە هەڵە نەبوویت و هیچ سەرکەوتنێک بوونی نییە، لانی کەم سەرکەوتنی گشتی.

مێژوو تاسەی شکست و خیانەتەکانی خۆی ئەکاتەوە بۆیە شکست ئەخواتەوە. ئەوەیە دوای ماوەیە ڕایەیت و دایەی بە برین و ئازارەکانی خۆت، کە ئەگەر هیچ شتێک ڕوو نەدا دڵتەنگی لەوەی کە بۆ هیچ شتێک ڕوو نادا. شتێک ڕۆشتووە لە گیانتدا، ئازار، ئازاری چێژ بەخش.

ڕابردوو لە گیــان و دەروونی مرۆڤــدایە، لە نــاختــدا، شـــاریاوەس، خۆشـــت ئەویێت، بەڵام داهاتوو لە دەرەوەی تۆس تەنیا گومانێکە، شـتێکی دەرەکی. ڕابردوو خەرمان و شـــەنوکەوکردنی کاتە، کاتی بەدەســـتهێنراو، بەشـــی تۆ لە کات و ژیان، لە هەڵســـــوکەوتەکان، چاڵی و بەرزییەکانی کــات، تێپەڕین و تێنەپەڕینی، خێرایی نێوان مێڵەکــانی کـاتژمێر کە لە هەمووانـدا مەودایەکی یەکســـــانی هەیە و خێرایی تێپەڕینەکەی لە هەر کامانا جیاوازە.

وەک من کە هیچ کات لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گەورەبوونمان نەئەکەوتە یەک، ڕیش دەرهێنـانمـان، بـاڵق بوونمـان، بڕێ جار ١٧ ساڵەیم لە ٢١ ساڵەییا ئەزموون ئەکرد، چەن ساڵ پانزە ســـالە ئەبووم و گەورە نەئەبووم، کە گەورە ئەبووم بیســـت و دوو ســـاڵم تەمەن بوو، ئەکرێت هەژدە ســـاڵەییم نەبووبێـت، نیمە، نەمبووە. بڕێـک لە ســـــــاڵەکـانی تەمەن نەهاتوون، غایبن، بە مەرگی کەســـێکەوە ئەو ســـاڵەشـــم مردووە، ئەکرێـت لە حەفتـاد بەو لاوە ئەزموونیـان بکەم، ناهاوسەنگی کات کە پیری و باوکایەتیم لە سێزدە ساڵەییا

ئەزموون کرد. ئەو ســـــاڵانە هەســـــتم بە تەمەنی خۆم نەکردووە کون و دەلاقەکانی کاتن، غار و ئەشـــکەوتەکانی کات و تەمەن تا بتوانم لەو کونانەوە بۆ ســـــاڵەکانی ترم بگەڕێم و بڕوانم. منداڵیم نەبووە بەم تەمەنەی ئێســـتامەوە لەدایک بووم.

کات کە برێ جار بە ســـــرکی ئاســـــکێکەوە بەنێو ژیان و لەشـــــت و هەموو ڕووداوەکاندا تێئەپەڕێ و لە چاو نوقم ئەبێت، بڕێجاریش بە مەنی گایەکە کە لە نزیکەوە دەســـــت بە شاخ و سەر و لاملیدا دێنیت و ئەیخورێنی. بە دەستەوە نەمانی کات و زەمەنی هەنووکە، ئەو کات و زەمانەی کە تەنیا هی خۆتە و لە دەســـــتت داوە، هەر خۆت ماویتەتەوە و هەر خۆت و تەنیا. چارەنووســـــی تاڵی ئەوەی کە کوڕی دەوران و زەمانی خۆت نەبیت، ئەو جۆرە کەســـــانە لە هەموو شـــــوێنێکدا ئەناســـــرێنەوە. زەمان و کات کە تەنیا لەگەڵ ڕۆڵە و کەســـــە نزیکەکـانی خۆیـا و هەنووکەدا پەیوەنـدی هەیە و هەر کـات بیەوێـت جێـت یەڵێـت و لە بازنەکە و هەنووکە ئەتکاتە دەرەوە و سـووک و بێبایەخت ئەکات، ئەتکاتە مردوویەک، کات، تەنیا کاتی زیندوو.

کات کە ویسانی بۆ نییە و هەر کە ویسا ئەمرێ، تێئەپەڕێ و ئەچێت بێ گوێدان بە باروودۆخ و تەمەن و کێشـــــە و گرفتەکانت، تێئەپەڕێ و ئەچێت بێ ئەوەی هیچ کەســـــێک مافی ئەوەی هەبێت داوای مافی خۆی و سوود و قازانجی لێ بکات. تەنیا شتێکە دیموکراتە و تەنیا شوێنێکە دادگای نییە و پڕە لە یەکسانی و مافی هەمووان وەک یەک ئەدا و ئەیخوا.

کات کە وەسەر یەک ئەکەوێت شکڵ ئەگرێت وەک شەو و ڕۆژ، لەو وێنانەدا لاپەڕەی خۆی ئەداتەوە، کە ســـەرەڕای چەندین جار بینینەوە و چەن پات بوونەوەی ئەو ســـاتانە هێشتا ناتوانی تێبگەیت و لە سرپوترِی سەر دەربهێنیت، کە بۆت نەناســـراوە و بەڵەوی نیت، کە تۆ کار گەڕان پیاســـە خوێندنەوە و قســـــەکردن ئەکەیتە گۆچانێک تا بتوانی بەو ســــاتانەدا تێپەڕێی، بەڵام ناکرێت ئەگەر دوێنێ ئۆقرەت گرتبێت ئەمڕۆ لە عەســــردا هەر بەو کارەی دوێنێتەوە بێئۆقرە و نائارامی، کات تێناپەڕێت و گێژولوولت ئەدا، هەر ســـاتێکی نەناســـراوە و ڕوون نییە بە کام ســـەر و شـــکڵەوە دەرئەکەوێت و وەک کام دێوەزمە ڕووبەڕوت

ئەبێتەوە. تا زیاتر لە زەمەن و کات ببیتەوە، زیاتر لێت ئەبێتە تارمایی و ڕووداو و حاڵەتەکان و ڕێکەوتەکان لە خۆیدا ون ئەکات. کات کە بەشـــــی هەڵهاتووی دەروونی خۆتە.

چیتر بووبوونە دوو هـاوڕێ لەو هـاوڕێیـانەی کە لە خەڵکی ئەشـاریتەوە هاوڕێت بن بەڵام لە ژێرەوە، لە دڵەوە بیری لێ ئەکەیتەوە و هاوڕێتە. ئەیشـــاردەوە و بە نهێنی ئەچووە بینینی، خۆی لە چاوی دەوروبەری ئەشـــاردەوە کاتێک ئەچووە بینینی، کاتێک ئەگەڕایەوە. چون ئەیزانی کە کرێکارەکان چۆنن، چۆن و چ شـــتانێک جێگای ســـەرنجە بۆیان.

کرێکـارەکـان کەســـــانێکی تیژن زوو بە هەڵە و عەیـب و عـارەکـانی دەوروبەریان ئەزانن، بە پووڵی گیرفانی یەکتر، هیچ شـتێک لە دەستیان دەرناچێت لە دوورەوە کەسـانێکی گەمژە دیارن بەڵام تەنیا پێویســـتە چەن ڕۆژێک لەگەڵیان بژییەی، ڕەگ و ڕیشـــەت دەریەنن لە ســـیر تا پیازتەوە ئەزانن، وا هەســـتەکەی کە پێت نازانن، کە گەمژەن، لەو

کاتەدا وەک کەوێک وەهای کە سـەری بە ناو پاپۆکەی خۆیدا و کەڕە گەڵادا کردبێت، چوون خۆی کەس نابینێت وا هەسـت ئەکات ڕاوچییەکەشـی ئەو نابینێت. وەهای بە خۆشـاردنەوەکەت گاڵتە ئەکەن، بەو شـێوە بوویتەتە نەچیرێکی باشـتر بۆیان، مرۆڤەکان زۆر باش ئەناسـن کە چکارەن هەموو شتێک ئەزانن، هەموو کەسێک ئەناسن، لە سیاسـەت و سـیاسـییەوە بگرە تا شـاعر و نووسـەر و گـانـدەر، بە ڕوانینەکـانیـان ئەیـانـدۆزنەوە، ئەوانە گێج فزوولەکانی ژیانن، مەترسیدارن، کرێکارەکان مەترسیدارن بە ئەندازەی خاوەن کارەکان مەترسـیدارن، بە ئەندازەی کاربەدەس و سـەرمایەدارەکان. هەموو شـتێک ئەزانن هەموو فەن و فێڵەکانی ژیان. تەنیا کێشـەیان ئەوەیە کە هیچ ورە و ئیرادەیەکیان نییە، هیچ دوژمنێکی تریـان نییە جگە لە خۆیان. هیچ پاڵپشـتییەکی مەعنەوییان ناوێت، هیچ پشـتگیرییەک، پێیان وایە ئاش کار ئەکا و چەقەنە سـەر خۆی یەشـێنێت. ئەوان فێر بوون کە دوژمنی هیچ دۆخێک نەوێسـنەوە، هیچ دۆخ و هەلومەرجێک بەکاریان نەهێنێت، چوون ئەوان لە تەواوی حاڵیاندا، لە تەواوی ئەو کاتانەدا کە خەڵکی لە بیریان چۆتەوە، خۆیان لە بیریانە، هەمیشـە

لە بیریانە کە ئەوان کرێکارن. کرێکارانی خواپەرەســـت، لە خواترس و هەلپەرەســــــت، شـــــوکرانەبژێر و نوێژکەر، کرێکـــارانی محـــافزەکـــار و دووڕوو، کە بە خراپترین و پیسترین دۆخ ڕازین.

مرۆڤ تا زیاتر ئاســــتی ژیانی بێتە خوار ڕا بڵیندتر، دڵ گەورەتر و بەهێزتر و هۆشـیارتر  ئەبێت. هەمیشــە وەهان کرێکارەکان گەمژەترینەکەشـیان ڕا و بۆچونێکی دروسـتی لە سەر ژیان هەیە و لەگەڵ کات و شوێنی خۆیدا بە باشی مامەڵە ئەکات.

ئەیشاردەوە، هەوڵی ئەدا لانی کەم کرێکارەکان ئەو نەبینن، مەرجی بینینی ئەوە بوو لە شوێنێک بە یەک بگەن هیچکام لە دەوروبەرییەکـــانی ڕێیـــان نەکەوێتە ئەو شــــــوێنەوە، ســــــەرەڕای ئەوە کە شــــــاری ئەو نەوبوو و کەســــــی تیا نەئەناسی هێشتا هەر ترسی بوو. نەئەبوو سەر دەربهێنن لەم بـــاســــــە، ئەگەر بیـــانزانیـــاییە بە شــــــێوەی پووڵ دەرهێنانەکەی دڵنیام شۆڕشێک ڕووی ئەدا.

ئەیشاردەوە وەک چۆن پێشتر زۆربەی حەز و خولیاکانی خۆیی شاردبووەوە، نووسینی شێعرەکانی شاردبووەوە،

قسەکانی، بیر و باوەڕەکانی، حەز و ئارەزووە جنسییەکانی، خۆیی ئەهێنایەوە یەک و ئەترسا، شەرمی ئەکرد، شەرم لەوەی کە خۆیشی بڕێک جار پڕبەدڵ پەشیمان ئەبوو لە کردنی کارەکانی. ترس لەوەی کە خەڵکی هێشتا بە زۆربەی خەیاڵ و بیر و ئارەزووەکانیان نەزانیوە وەها لەگەڵی هەڵسوکەوت ئەکەن، ئەگەر بۆیی پێ ببەن چی ڕوو ئەدا؟

ئەیشاردەوە، هەموو شتێکی ئەشاردەوە، هیچکات نەگەشتبووە ئەو دڵنیاییە لە کارەکانی خۆی، ناکرێت بشوترێت لەبەر دڵنیانەبوون ئەیشاردەوە، بەڵام کۆمەڵگا و خەڵکی، دەسەڵات و عادەت و هەموو شتێ نایەڵن بگەیتە دڵنیایی، بە تایبەت لەو تەمەنەدا تەنیا گومانێکیت، گومانێک و بەس. کاتێک ئەڵێم گومانی بوو، بە وشەی دوودڵ تێمەگەن، لە قسەکانیدا بەردەوام ڕق و قینی خۆی لە ئینسانی مورەدەد و دوودڵ دەرئەبڕی، ئەوانەی کە کارێکی گەورە و ڕێگایەکی گەورە بە ترس و دوودڵییەوە هەڵئەبژێرن، بە ڕێز و ترس و شەرم و دوودڵییەوە داوا و مافەکانی خۆیان لە کەسانی سەرتر لە خۆیان ئەکەن. یا

ئەوانەی ترس و شــەرم ئەکەن لە پیشــاندانی ڕوخســاری ڕاســــتەقینەی خۆت، ترس لە ناســـین و ناســـاندن و تەریقبوونەوە لە دایک و بنەماڵەی خۆت، لە شار و گوند و وڵات و زمانی خۆت، تەواوی هەوڵت ئەوە بێت ڕوخساری خۆت لەوان جیا کەیتەوە. هەموو شتێک لە مێژوودا ئەوان کردوویانە کەسانی مورەدەد و دوودڵ، کەسانی ترسنۆک و شــەرمن، ئەوانەی کە دەربەســی ڕەفتاری گوێگرەکانیان ئەبن، خــائنن ئەوانەی ڕێگــایەک بە ترس و دوودڵییەوە هەڵئەبژێرن، بەرپرســـیــارن لە هەموو شـــکســـتە سەرشۆڕەکانی مێژوو.

جـۆرێــک بـوو کە بەردەوام بەردەنــگ و هــاوڕی و دەوروبەرییەکــانی بێمنەت ئەکرد، پێی خۆش نەبوو هیچ کەس ببێتە دەنگ و ڕەنگ و دەســـت و قاچی ئەو، هیچ لاپەڕە و ڕۆژنامە و تیڤییەکی نەئەویســت و پێی وابوو کە هەموو جێگە و کەســێک داگیر کراوە و پشــتگیریکردن و هاودەنگی و هاتنەدەنگی ئەو کەســانە لە ســەری جۆرێک شوورەیی و سەرشۆڕی بوو.

ئەتوانم بڵێم وەسواس و دڵەڕاوکێی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەڵێی بەوپەڕی دڵنیاییەوە کارەکانی ئەکرد. لەو تەمەنەدا هەموو شتێک ئازارت ئەدا چ ئەو کارانەی کە بە دڵی خۆت ئەیانکەی چ ئەوانەی بە دڵی کۆمەڵگا. نازانیت بە دڵی کۆمەڵگا بجووڵێیتەوە یا بە دڵی خۆت، کۆمەڵگا و خەڵکی کە برێ جار بە کار و کردەوەکانیان حەقەلسکووتت پێ ئەدەن، باج ئەدەن و بەزەییت پێیاندا دێتەوە، تا بە دژیان نەخوێنیت و نەجووڵێیتەوە.

لە کاتی قســــەکردندا چاوەکانی دوو مەشــــخەڵی ئاور بوون، دوو مەشــــخەڵی ئاور لەو ئاورەی کە لە ناخیا بوو لەو دوو کونەوە ئەهاتنە دەر، دوو بڵێسە، وەک ئاورێک کە لەنــاو قووڵی تەنوورێکەوە بێتە دەر، لەو دوو چــاوە قووڵەوە ئەهاتنە دەر، قووڵ وەک دوو چاوی کونەبوویەک، بەڵام نە بە ســـرکی چاوی پەلەوەرێکەوە، ڕوانینە درێژ و قورس و تەمبەڵ و مـانـدووەکەی، دوو گلێنەی مەنـگ و وێســـاو، کە هیچ کاتێک هەســـتت پێ نەئەکرد لە ڕێگەی چاوەکانییەوە بیر بکاتەوە، قوون چاوەکانی چرچ بکات بۆ بیرکردنەوە یــا برۆکــانی بهێنێتەوە یەک، یــا لە ڕێگەی گوێکانییەوە ببیســێت و تا ئەو ڕادەیە هەســتیار بێت. دوو چاو کە برێک جار وەک خێل و لار ئەهاتنە پێش چاوت و کە لێی ورد ئەبوویتەوە دوو چاوی ڕێک و ئاسـایی بوون،

کە لێی ورد ئەبوویتەوە ئەترسای، ئەترسای شتێک لە ڕێی چاوەکانییەوە بقۆمێت، کە چاوی لە سەرت ئەبڕی وەک ئەوەی تاوانبارت بکا بە شتێک، یا بە شایەتی تاوانێکت بگرێت، چاوی دائەخستەوە وەک ئەوەی لێت نائومێد بووبێت یا بۆ تاوانبارە سەرەکییەکەی خۆی ڕوانیبێت.

جەستەیەکی ڕەش و لەڕ و لاواز، جەستەیەک کە واژۆیەک بوو لەسەر تەواوی قسەکانی، واژۆیەک کە لەسەر پەڕەیەکی پیس و دڕاو کرابێت، واژۆیەک بوو لەسەر پەڕەی مێژوو، لەو پەڕانەی کە ئەوەندە لێیان بێزاریت و هەوڵی خۆ ڕزگارکردن ئەدەی لە دەستیان و حەز ناکەیت هیچ کات لە ژیانتا بیبینیت. بێزارکەرن ئەوانەی هەموو شتێکت بە بیر یەننەوە، وەک ئەوەی لە شوێنێک بیت و لە دەرکەوتن و هاتنی کەسێک بترسیت و ئەو لە ناکاو دەربکەوێت و بێت، و بڕێک لە قسە و حەقیقەتی تۆ داگیر بکات بۆ خۆی. هەمیشە دەرکەوتنەکانی بۆ خەڵکی لەناکاو و زیادی بوون، لەوانەی کە ژیان هەوڵەدات لەسەر پەڕەی خۆی بیانسڕێتەوە و بۆی ناسڕێتەوە، ڤیرووسێک، پرسیارێکن لە تەواوی ئەو

شتانەی کە هەن و ئەوترێن، بڕێجار بوونی بڕێک حەقێقەت و قسـەی کەسـێک ئەکەنە گومان و بڵقی سـەر ئاو لات، بێزارکەرن بەتـایبەت ئەگەر لە دەمی خۆشـیانەوە ئەم پرسـیارەت لێ بکەن، ناتوانیت لە دەمی ئەم کەسـانەوە بیبیسـیت و گوێی لێ بگریت، لیێت کەم ئەبیێتەوە، لیێت کەم ئەکاتەوە.

لەوانە نەبوو کە بە چاوەکانت بتوانی سەبووری و دڵی بدەیتەوە، ڕوانینەکانتی تەریێق ئەکردەوە، قسـەکانت، دەم و لیێو جووڵاندنەکانت، ڕیێگە ڕۆشـتن و جل لەبەرکردنەکانت، بە جۆریێک کە نەتئەزانی چۆنی ڕازی بکەیت، بڕێ جار تەواوی هەوڵت بە نهێنی بۆ ڕازیکردنی ئەو بوو، ڕیێک کردبوویتییە ئەو تاوانبارەی کە هەموو تاوانەکانی دنیا ئەو کردوویەتی ئەمە بوو کە هەمووانی وا لێ کردبوو کە دە هێندەی تر بسووتیێت و ببیێتە کۆڵۆ بەزەییت پیێدا نەیەتەوە، جیێگایەکی بۆ بەزەیی پیێداهاتنەوە نەهیێشـتبووەوە، ڕق و قینی لێ ئەباری و بە کەسـەوە شـەتڵ نەئەبوو، پردی پەیوەنـدیی ئەو لەگەڵ کەسـەکـانی دەوروبەر دنیـادا ڕووخـابوو، ئەو مرۆڤەی نـاخی مردبوو، ئەو مرۆڤەی کە

بەئاسانی ڕادێت لەگەڵ کێشەکان و ئەبێتە بەشێک لێیان، لەگەڵ هەڵە و کەموکووڕییەکان. جگە لە دڵرەقی و نەبەخشین هیچی تری لێ چاوەڕوان نەئەکرا، نابوورن و لە بیری ناکەن ئەو کەسانە، لە لای ئەو مرۆڤی لێبوردە مرۆڤی ترسنۆک و خۆ بە کەمزان بوو، لە هیچ ڕەفتارێکت نەئەبوورا و شەن و کەوی چکۆلەترین ڕوانین و هەڵسوکەوتەکانتی ئەکرد. بە دەم بە چاو بە دەست، بە پێکەنین درۆت بکردایە لێی قوتار نەئەبوویت و بە سەریەوە ئەتیگرت.

دەموچاو و ڕواڵەتێکی ڕەش و لاواز کە بەتەواوی پڕ بووبوو لە ڕەشی و تاریکییەکانی ژیان، ڕواڵەتی، ڕۆح و گیانی کێشراوی بوو. ئەو دەموچاو و ڕواڵەتەی کە بێقەڵغان هەموو شتێکی ئاشکرا ئەکرد. هەموو تیرێک بەر ئەوێ ئەکەوت. هەرچەنێک بیویستایە هیچ شتێک بە زماندا نەهێنێ و ڕوانینەکانی دابخا و شتێک بشارێتەوە، ڕوخسار و ڕواڵەتی ئەبووە ئەو شوێنەی کە تۆ لەوێ بە هەموو شتێ ئەگەشتی، هەموو ئەو دەرد و ڕەنجانە لە هەر شوێن

و جێگا و کات و زەمانێکدا ڕووو بدات، تەنانەت خۆیشـــت هەموویت لەبیر کردبێت لە دەموچاو و ڕوانین و ڕواڵەتدا ئەمـێـنـێـتەوە و کـۆ ئەبـێـتەوە، ژووری بــایەگــانـی و ئەرشـیڤکردن، ئەو دەموچاوی خۆی کردبووە ئەو ژوورە، هەموو شتێکی لەویا کۆ کردبووەوە.

لەو کەســـانە بوو کە ماوەیەک زۆر لێی تێئەگەشـــتی و هەموو کێشـەیەکیت قەبووڵ ئەکرد، هەموو ئەوانەی ئەیوت بە ڕاستت ئەزانین بەڵام جۆرێک درێژەی بەو باسە ئەدا و دەســـهەڵگر نەبوو کە خۆیشـــت بە دژی ئەوێســـایتەوە و بەقوربانی دەستی ئەو کەسـە ئەبووی کە وەها دۆخێکیان بۆ خولقاندووە.

شــــایەت ئەمە پەیوەندی بە جۆری ڕەفتاری ئەوەوە بووبێ کە هەموو کەســـێکی ئەکردە دوژمن لە خۆی، ئەو کەمتـاقەتییەی بووایە. بەڵام لە لایەکی تریشـــەوە مرۆڤ تەنیا بۆ ماوەیەک ئەتوانێ حەقیقەت دەوام بێنێت، هەڵیبگرێ و بڕوای پێی هەبێت. تەنیا ماوەیەک ئەتوانی قورس و قایم و بە شـەرەفەوە بژی، دواتر بیانوویەکی چکۆلەت پێویستە

بۆ لادان و دابڕان، حەقیقەت ماندووکەرە و درێژخایەن و پێداگر، مرۆڤ دوای ماوەیەک لەو قورس و قایمییەی یەتە خوار و لەسەر هەموو شتێکی خۆی پیرتر و شلتر ئەبێتۆ.

تەنیا ئەتوانم بێژم لەسەری کەسێک بوو گول، لەڕ و لاواز و لانەواز بوو، کە شایەت هەر ئەو ناحەز بوون و ڕواڵەتە بێڕەنگوڕووەی بووبێت وای لە خەڵکی کردبێت زۆر بە گرنگی نەزانن و ڕەحات چاوی لێ بپۆشـــن. چاوەکانی چووبوونەوە بە قووڵا و دەموچاوی پڕ لە چاڵی و بەرزی و قوپـان، تەوێڵێکی بەرز و قۆقز، کـاتێـک لێی ورد ئەبوویتەوە کە بەتەواوی وێنـای بکەیـت و بێژیـت وەهـا ڕوخســـار و دەموچاوێکی هەیە، ئەوکات زیاتر مژ ئەبوو ئەو ڕوخســـار و دەموچـاوەت لەبەرچـاو ون ئەبوو، لە جێگەیەک نوقم ئەبوو و خۆی ئەشـــاردەوە. پێنەئەکەنی تا زیاتر خۆی پیشـــان بدات، هەمیشـــە تارمایییەک، ســـڕ و ڕازێک لەو دەموچاوە تەماوییانەدا هەیە خۆی ئاشـــکرا نـاکـات، لەگەڵ هەموو ئەو بێزارکەرییـانەدا ئەوەنـدەش بە دڵەوە ئەنیشـــن و هێشـــتا پێت وایە شـــتێک ماوە تا تێیدا بیدۆزیتەوە و ببیبنیتەوە، لێی ورد ئەبوویتەوە، وردە وردە

لێی ورد ئەبوویتەوە بە خۆتت ئەوت ئەو هەموو ڕەشـبینی و گومانە لە مێشـــکیدا چی ئەکات. لێی ورد ئەبوویتەوە و بە خۆتت ئەوت کە بۆ واز لە هیچ شـــتێک نایەنێت و ئەو بیر و بۆچوون و ڕق و قینەی خۆی لەبیر ناکات. لێی ورد ئەبوویتەوە لە پاڵ هەموو ئەوەی کە دژایەتی وەها ژیانێکت ئەکرد لەگەڵی دواتر بە خۆتت ئەوت و بیرت ئەکردەوە کە ڕاس ئەکات و کەســێکی بەهێزە کە کۆڵ نادات و ناتوانێت هەڵەکـانی خۆی و دەوروبەر و چـارەنووس لەبیر بکـات. مرۆڤ زۆرینەی ئەو شـــتانەی لە بیریان ئەکات و بیریان پێ نـاکـاتەوە لە ترســـا ئەیکـات، هەڵـدێـت لێیـان و داخوازییەکانی خۆی وردە وردە کەم ئەکاتەوە، وردە وردە ژیان و ماڵت لە حەشـــارێک زیاتر هیچی لێ نامێنێتەوە. ئەڕوات و خۆی بە شتانێکی ترەوە سـەرقاڵ ئەکات، گەلێک شـــتی تر ئەکاتە بنەما بۆ خۆی و هەوڵی بۆ ئەدات، وەها هەوڵی بۆ ئەدات کە بۆ خەڵکی ئەبێتە بنەمـا و ڕێگە بەڵام بۆ خۆی هیچ کات ئەو جێگە ناگرێتەوە.

بیرت ئەکردەوە و ئەتوت بۆ وایە کـاتێـک کەســـێـک ڕووبەڕوو بە سـەریدا نەهاتووە و دەسـت و لاق و سـەری

نەشـــــکاندووە، کە هیچ کەســـــێک ڕووبەڕ مـاڵی تـاڵان نەکردووە و ســـــکاڵای لە تـاکەکەســـێکی دیـاریکراو بۆ کێشــەیەکی دیاریکراو نییە، دوژمنێکی بەرچاو و ناسـراوی نییە، لە چی دەناڵێ، کام کەسیان لە بنەماڵەکەیان کوشتووە و ئەم خوێنە بۆ خۆش نـابێ. لە تەمومژی باســــەکانیدا تارمایی و ناڕوونییەک بەســــەر ڕووناکی و زمان پاراویدا قورســــایی ئەکرد. دوژمنێکی دوورەدەســـــت و تۆقێنەر، ســــاوێرێک، هەموو دوژمنە نزیک و بەرچـاوەکانی لێ کردبووە سـێبەر و قوربانی. لە باتی جەسـتەیەکی شـین و مۆر و کوژراو و بریـندار، ژیـانێکی بریـندار و کەلەلا و لەپێکەوتوو و کوژراوی ئەنا بەردەســـتت، لە کێشــــە و دوژمنێک ئەدوا کە ئەکرا نە کێشە و دوژمنی تۆ بە تەنیا و هیچ کەسێکی تری دیاریکراو بن.

کاتێک لە ماشینەکەدا لە پاڵییەوە دائەنیشت لەو ماشینانەی کە هیچ کات لە نزیکەوە نەیدیبوون و دەستی پێیانۆ نەگرتبوو. لەو کاتەدا زیاتر لە هەمیشە تەنیا ئەکەوت، کاتێک ئەنووسم هەمیشە باسم لە تەنیاییەکی قووڵە، وشەی "هەمیشە" بەردەوام لە خودی وشەی تەنیاییش لە لام تەنیاتر بووە، ئەو کاتانەش کە لەگەڵ تەنیایی نەهاتووە هەر تەنیا بووە.

هەمیشە وەهابوو بۆی، غوربەت و تەنیایی تەنیا ئەو وڵاتە نەبووە کە وڵاتی ئەو نییە تێیدا لەدایک نەبووە، غوربەت لە لای ئەو تەواوی ئەو کەرەستە و ماڵ و باڵەخانانە بوون کە لە گەورەبوونی ئەوداجێگەیان نەبووە و بەکار نەهێنراوە، لەنێو ماشینێک کە تا ئێستا نەیدیبوو، سوار نەبووبوو تێیدا غەریب و نامۆ بوو. غوربەت ئەکرێت دیتنی

کەسێکی تینووی پارە بێت کە بەردەوام بە دوای پووڵ و کاردا هەڵبێت، غوربەت هاوڕێ نزیکەکانی خۆتە. قسەکانی ئەوان وڵاتێکی ترە لە داهاتوودا.

خەیاڵەکانی دەستیان ئەکرد بە لەتوکوتکردنی لەشی، هەر بیرێ و بۆ شوێنێکی ئەبرد، پارچە پارچەیان ئەکرد، هەر پلێک و ئەندامێکی لە شوێنێک بوون. ڕوانینەکانی ماق، وەک ئەوەی چاوی هاتبێتەوە یەک و گلێنەکانی نەتوانن تێیدا بجووڵێن، ماق لەوەی کە نەیئەزانی بۆ کوێ بڕوانێ، هەوڵی ئەدا لە ڕوانینەکانی خۆیەوە ڕێگایەک بۆ هەڵهاتن بدۆزێتەوە، وەک کەسێک کە لەناو وێنەیەکدا بێت و بۆ دەرەوەی وێنەکە بڕوانێت.

شەرمی ئەکرد شەرم، خۆی لەنێو ماشینەکەدا ئەهێنایەوە یەک و ئەوەندەی تر چکۆلە ئەبووەوە، وەک ئەوەی لە لەشە لەڕ و لاوازەکەی خۆی شەرم بکات و تەریق ببێتەوە. وردە وردە لەنێو لەش و ڕابردووی خۆیدا خۆی بشارێتەوە، وەها بوو، وەک ژیژگێک کە لە ترسدا سەر و ئەندامەکانی بباتەوە ناوە و لە تۆپەڵێک دڕک زیاتر هیچی لێ نەمێنێتەوە. وەهان ئەو کەسانەی کە خوویان بە خۆیان

گرتووە، کە لەنێو خۆیـانـدان، لە دەروونی خۆیـانـدا، لە ڕوانینی خەڵکەوە هەر ئەو تۆپەڵە دڕکەیان لێ ماوەتەوە.

خۆی ئەهێنایەوە یەک و شـــەرمی لە دەســـت و قامک و مووچی باریکی خۆی ئەکرد و ئەیشاردەوە، هەوڵی ئەدا لە شــوێنێک دایانبنێت کە ئەو نەیبینێت و بەرچاوی نەکەوێت، دەســتەکانی ئەبوونە بار و زیادی بە ســەریەوە نەیئەزانی لە کوێ دایبنێت و بیشـــارێتەوە، قـاچ و کەوشـــەکانی ئەشاردەوە و هەوڵی ئەدا لە دروسترین حاڵەتدا دابنیشێت. هەموو ئەمانەی بە دزییەوە و دوور لە چاوی ئەو ئەکرد.

بیری ئەکردەوە ئەگەر ئێســتا کەســێک لەماڵەوەیان لەنێو ئەو ماشـــینەدا بیبینێت، چۆن بیر ئەکاتەوە، کەســـێک لە دەوروبەرییەکەی بیبینێت، لەنێو ئەم بیرانەدا بوو تـاقوفیق هەر تاوە و کەسێک بە ڕوویدا ئەهات و لە دڵەوە ئەترسـا و دائەچڵەکا. بیریشـی ئەکردەوە کە کێ چووزانێ چ باسـە، تەنانەت هیچ کەســـیش بڕوا بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەی نــاکــات، دەبووە یەکێـک لەو هەزاران چیرۆکە بــاو و گێڕدراوانەی کە گوایە فلان کچ و ژنی دەوڵەمەندی تارانی حەزی لە فلان کرێکـاری کورد کردووە و بە مـاشـــینی

گرانبەهایەوە بە دوایدا هاتووە و  بردوویەتیوە ماڵەوە و پێشنیاری بەشی کارگا و ماڵ و داراییەکانی پێ داوە بەو شەرتەی ببێتە هاوبەشی ژیانی...

بە خۆیشـی ئەوت گریمان ئەم خەڵکە بۆی برد بەم کارە و منیش گێڕامەوە کێ ئەم چیرۆکە بەو بارەکەیا تێناگات کە ئەو منی بە پووڵ سەندبێت و کردبێت، تەنانەت لە مێشکی خۆیشـمدا ئەم بارەی نزیکتر و جێگای باوەڕترە، هەمیشـە ئەو مەترسـییەم هەبووە، بۆیە باشـترە بۆ عەزەڵ بێدەنگ بم، بە گێڕانەوەی خۆم خۆڵم بەسـەر خۆما کردووە. دڵنیابوو لە هەمووان زیاتر بنەماڵەکەی ئەو گومانەیان لێ ئەکرد، و بە خێراترین شـێوە دەسـتیان لێ بەر ئەدا و پشـتیان خاڵی ئەکرد، هەر کە ئەوەشـیان پێی بووتایە بە هیچ شـت و شـێوەیەک بەرگری لە خۆی بۆ نەئەکرا و بە سەریدا ئەسەپا و قەبووڵی ئەکرد. بەڕاسی ئەکرا هەر شت و عارییەکی بەسـەردا بسـەپێنن و بە دەمییەوە بنێنن، هەموو ناو و ناونیتکە و عەیب و عارێکی لێ ئەهاتەوە. مرۆڤ ئەتوانێ لە حەقیقەت و ڕاسـتییەکی تاڵ زیاتر بەرگری بکات تا شتێکی هەڵبەستراو و بە دەمەوە نراو.

ئەو لە سـنووری زڕان و ڕسـوایيا بوو، بەم کارە هەموو سنوورەکانی ناخی خۆی شکاندبوو، خۆی بۆ خراوترينی خراوترين ئاست دانابوو، تێکشکابوو بەم کارە.

زۆر جار نە تەنيا پێم وايە خنکاوم بەڵکوو زايەبووم و لە دەسـچووم، تەنانەت لە قسـەکردن لەگەڵ کەسـانی بەرامبەريشدا بە چکۆلەترين قسە و جووڵەی لێو و چاو و دەمی، يا لچ هەڵقورتانێ باشترين لێکدانەوە و قسە و باسم ئەبەنە ژێر پرسـيارەوە و پشـت گوێی ئەخەن، تا زياتر بمەوێت ڕوونی بکەمۆ زياتر زايە ئەبم و لە دەس ئەچم، ئەمە لە حاڵێکدايە حەق لای منە، حەقی زايە. وەها بوو ئەم جۆرە بيرکردنەوە و قسـە و نووسـراوە و شـێعرانە تەنيا پێويسـت بوو کەسـێکی تر بيوتايە و بيبوايەت، کەسـێکی سـەردەمی هەنووکە کە هەموو کەرەستەيەک ماڵ و وڵاتی ئەو بووايە. بە دڵنيـاييەوە بەرزترين جێگـا و ڕێگـايـان بەدەسـت ئەهانی و ڕێزيان بۆ دائەنرا، بەڵام لە زمانی منەوە لە تورەهاتێکی بێسەر و بەر زياتر هيچی تر نييە.

لە ژيـانيـدا بەبێ ئەوەی ڕووداوێکی تـايبەت بۆی ڕوو بـدات بە هێمنی وردە وردە ژيـان بەرەو نزمی و نزمتری

ئەبرد، بەبێ هیچ شکۆیەک ژیابوو، بۆیە ئەیویست شتێک ڕوو بدات تەنانەت ئەگەر شتێکی خراویش بێت، بەڵام هەر ڕوو بدات تا ئەم ڕووداوە لە بڕێک لە بیرەوەری و ڕووداوەکانی ڕابردووی بپارێزێت، ئەم کارەسات لەو کارەسات بپارێزێت، ئەویانت لەبیر بباتەوە، تا خەڵکی ناونیتکە و ڕەقە کۆنە و خاڵی لاواز و لان زەبوونییە کۆنەکانت لەبیر ببەنەوە. لەبیر بردنەوە، تەنیا لەبیر بردنەوە. تا بەشکوو بەم شێوەیە ئەمەی هەم لە مێشکی خۆی هەم لە مێشکی خەڵکیدا سڕیبێتەوە، بەڵکوو ئازار و ڕادەی قورسی ئەم شکستە لە قورسی ئەوانەی ڕابردووی کەم کردبێتەوە. تاوان پەردە بەسەر تاوانا بکێشێت.

کاتێک کە لە ماشینەکەدا دانیشتبوو، ماشینە مودل سەرەکەی، لەو ماشینانەی کە تەنیا بە دەستی خەڵکەوە بینی بووی هەزار جار بیری لە شێوە ژیانی خاوەنەکانیان کردبوو، سەرنجی ڕواڵەت و هەڵسوکەوتی خاوەنەکانیانی دابوو. لەو ماشینەی کە تەنیا لە تەلەڤیزیۆنەکاندا دیبووی، بیری ئەم قسەیەی باوکی کەوتبوو؛ کەم بخۆن و کز بنیشن. پێی وتبوون خۆتان لە دەوڵەمەندەکان دوور بگرن

کاتێک ئەچیتە ماڵیان نازانی چۆن دابنیشـــــی، کە دێنەوە ماڵت نازانیت چۆن بەخێرهاتنیان بکەیت، ئەترسی بەباشی نەتکردبێت، شـــــەرمەزاریانیت، بەرزە پێیان ئەوێســـــیت و نازانی چۆن دابنیشـــــیت. لەو ماشـــــینەدا نەیئەزانی چۆن دابنیشـێت، گیانی مێلوورەی ئەکرد، مەبادا لە ماشـینەکەیدا خراو دانیشـــــتبێت و ئەو پێی بزانێت، وەک کەســـــێک کە یەکەم جاری بێت جگەرەی بە دەمییەوە نابێت و وابزانێ هەموو کەس وەک خۆی ئەزانێت کە ئەوە یەکەم جگەرەیە بە دەمییەوە ناوە و ناشـــــییە لە کێشـــــانیدا. لەو ماشـــــینەدا نەیئەزانی چی بکات و چۆن دابنیشێت دنیای لێ هاتبووەوە یەک و جێگاکەی تەنگ بوو وەک ئەوەی کە لەنێو چاو و ڕوانینی ئەو کەسەدا دانیشتبێت. نەیئەتوانی لە چاوی خۆی دەرباز بکات و لە ڕوانینەکانی ڕزگاری ببێ، هەمیشە وەها بوو خەڵکی زۆر بەئـاســـــــانی ئەیـانتوانی بە ڕەفتـار و هەڵســـــوکەوت و ڕوانینەکـانیـان لێی ببەنەوە و هەر بە چاولێکردن شەرمەزاری بکەن.

تۆ کەمی، هەمیشە کەمی لە بەرابەری ئەواندا، تەنانەت ئەو کـاتـانەش خۆت لە بەرابەریـانـدا بە کەم نـازانیـت، لەو

کاتانەشدا هەر کەمی، زۆر کەمتری کە ئەوان ئەیانەوێت وا دەربخەن خۆیان لە تۆ بە زیاتر نازانن. قورسایی و سێبەر و هەیبەتی ئەوان هەمیشـــە بەســـەر ســـەر و هەموو کارەکانتەوەیە. تۆ کەمی. هەمیشە کەمی.

ڕۆژی یەکەم کە وتبووی ئەڕۆم هەموو ماڵەوە نابەدڵ بووبوون، هەمیشـــە جێهێشـــتن و ڕۆشـــتن لەو شـــوێن و خـاکەی کە تێیـدا لەدایـک بوویـت و تێیـدا ژیـاوی دڵێکی ئەوێـت وەکوو بەرد، چ بۆ خۆت چ بۆ ئەوانەی لەگەڵـت بوون بەجێیـان ئەهێڵێ. بەتـایبەت چوون بۆ وڵاتێکی تر و بێئاگایی لە دۆخی ئەوێ و ملنان و ســەربەخۆ ڕۆشــتن و خۆ دانە دەســـــتی چارەنووس. هەڵاتن لە دۆخی مـاڵەوە، کارکردن و دوورکەوتنەوە ســەرەڕای تەواوی ناخۆشــی و سەختییەکانی بۆ ئەم سەفەرێک بوو، کرێکار و هەژارەکان تەنیا مەگەر وەها هۆکارێک لە جێگای خۆیان بیانجووڵێنێ و لە شـــار و گوندەکانی خۆیان زیاتر شـــوێنێکی تر ببینن، مەگەر کار و نەخۆشـــینی بنەماڵەکەی بوونایەتە هۆی ئەو ســــــەفەر و بینینـانە. لەم دەرد پەنـا بەیتە ئەو دەرد، خۆ

ڕزگارکردن لە قورســـــی ئەو ئازارە، مرۆڤ بڕێ جار بە تەنیا بێت ئاسانتر خۆی لەبەر قورسی ئازارەکاندا ئەگرێت، هەڵدێی تا نەدۆڕێی لە بەرابەری ڕەنج و ئازارەکانی خۆت و دەوروبەرتدا، تا بەشــێک لەو ئازارە لەگەڵ خۆتدا ببەیتە شــــوێنێکی تر. ڕوانینێکی دۆڕاوی دایکت ئەتوانێت تۆش بدۆڕێنێت، ڕوانینەکانت بدۆڕێنێت و بتکوژێت، هەڵئەهات و ئەچوو وەک کەسێک کە مردوو یا نەخۆشێکی لە لا بێت و نەوێرێـت بۆی بڕوانێـت، نەیئەوێرا لە نزیکەوە لە دۆخی خۆی و مـاڵەوە بڕوانێت. ئەو جـانتـایە کە داینـابوو هەڵی بگرێت و بیبات وەک تەرمێک بێدەنگ لەویا کەوتبوو، وەک تەرمێک لەویا بۆگەنی کردبوو و هەمووان ڕوانینەکـانیـان لێی هەڵ ئەهات و بە دڵتەنگی و ئازارەکانی خۆیان نزیکی ئەکردنەوە، ئەو جــانتــا بووبووە خــاڵی هــاوبەشــــی خەمەکانیان، هەموو خەمەکانیانی تیا کۆ بووبووەوە، دایکی بەدەم گریانەوە بۆ ئەو تاوانە ئەگەڕا کە ئەمڕۆ تووشــــی ئەم سـزا قورسـەی کردووە، بۆی ئەگەڕا، لە لای خوا بۆی ئەگەڕا، دایکی کە جگە لەو چەن منــداڵە و خوایەک کە هەموو تاوان و سزاکانی ئەوی کۆ کردبووەوە کەسی تری شک نەئەبرد، هەژارەکان وەهان تەنیا ئەیانەوێت ڕۆڵەکانی

خۆیان بپارێزن، ئەوان کەســـــی دیکە شـــک نابەن جگە لە خۆیان، لە منداڵەکانیان.

بەڵام دواتر دەستەنگی و ناچاری هەمووانی ڕازی کردبوو، بەبێ ئەوەی کە بە دەم بڵێن بڕۆ، وتبوویـــان پێی بڕۆ، ناچاری ڕێگەی پێدابوون کە بۆ لەوێش مەترسیدارتر بڕوا، کە پێشـــــتر چوو بوو، ناردبوویان. دەســــــتەنگی ناچارت ئەکات بە کردنی تاوان، تەنانەت تاوان دژ بە خۆیشت.

ئەو ڕۆژە پێش چوونی، بێدەنگی و دڵتەنگییەکی قورس لە ڕوخســـــاری هەموویاندا دیار بوو وەک ئەوەی ئاگادار بن کە لەوێ ڕووبەڕووی چ کارێک ئەبێتەوە. مرۆڤ بە کـام مەبەست و وزەوە بە دوای کاردا ئەچێت گرنگە، پووڵەکەی بۆ چ ڕێگا و قوربەسەرییەک خەرج ئەکات گرنگە.

ئەو کاتەی لە ماڵ چووبووە دەر هەموویان چاویان پڕ لە ئاو بووبوو، چاوی براکەی کە لە گۆمێک ئاوی لیڵ ئەچوو، زۆر بە کورتی ماڵاواییـان لە یەک کردبوو بە تەنیا یەک دوو وشــە، زیاتر لەوە نەیانئەتوانی و سـەریان دائەخست، ڕوانینی یەکیان پێ هەڵنەگیرا، ســــەریان دائەخســـــت کە گریانی یەکدی نەبینن. وەک ئەوەی کە هەموویان شــاهدی

تاوانێک بن کە لەوێ ڕوو ئەدا، لە ڕوانینی هەموویاندا ئەو ڕاز و تـاوانە ئەبینرا و بەســـەرداخســـتن لە یەکتریـان ئەیانشـاردەوە، وەک ئەوەی بە ڕوانینەکانیان ئەمانەتێک بە یەک بدەن، ئەمانەتێک بپارێزن. مرۆڤ ســەخترین دەرد و ئـازارەکـان بە خۆیەوە تەحەموڵ ئەکـات، بەڵام هەر ئەو تـاوان و دەرد و ئـازارانەی خۆی لە کەســـێکی تردا بۆ ڕاناگیرێت، لە دەرد و ئازارەکانی خۆت هەڵنایەی بەڵام لە هی دەوروبەر بە خێرایی هەڵـدێی، وەک ئەوەی کە لە چـاوی ئەودا ئەو هەموو ئـازارەی خۆت ببینی، مـاڵەوە بووبوونە ئـاوێنەیەک بۆ ئـازار و دەردەکـانی، ئـاوێنەیەک، ئـاوێنەیەکی شـــکـاو. کە هەر لەتێکی دەردێکی پیشـــان دابووەوە. بە وەســـتـان لەســـەر ڕوانینەکـانی یەکتر چـاوەکـانیـان زووتر ســـەرڕێژی ئەکرد. لەو مـاڵەدا هەر کامەیان و لە گۆشـەیەک دائەنیشت وەک زەوییەکی وشک و ڕەق کە شـەقار شـەقار بوو بێت و بێئاوی کردبێتیە چەن تیکە و لە یەک جیا بووبێتنەوە. وەک کۆمەڵێک ڕا و تەگبیر و پلانی شکست خواردوو.

کاتێک کە لەســەر مەیدانەکە دائەنیشــت نەیئەزانی چۆن بەو خەڵکە تێبگەیەنێت کە ئەو زیـاتر لە هەر کـامەیـان پێویســــتی بە پارە هەیە، بە کار هەیە. نەیئەزانی چۆن بە هەمووان بڵێت کە ئەو پووڵەکەی بۆ چ شـتێک پێویسـتە و چەندی پێویســــتە. هیچ کات لەســــەر تێرییەوە کارێکی نەکردبوو، لەو کەسـانە بوو کە تاقە ئەسـتێرەیەکیشـیان بە ئـاســــمانەوە نییە، نەیئەتوانی زۆر داوای کـار لە خەڵکی بکــات، لەو دۆخەی ئەودا ڕەفتــارێکی ئــاســــاییش بۆ دۆزینەوەی کـار و ڕێگـاچـارە جۆرێک لە ڕێگـاچـارە بوو، ئەبووا بیشــارێتەوە چی لە پشــتی هێنانی ئەوەوە بۆ ئێرا هەیە، بە باسکردنی زیاتر خۆی ئەشکاند وەک ئەڵێن کلکی خۆی ئەخسـتە مشـتیانەوە، زیاتر دەسـتیانی ئاوەڵا ئەکرد، تێئەگەشــــتن کە ناچارە بەم دۆخەوە بە کەمترین نرخیش کـار بکـات و ڕازی ببێت، جگە لەمە ئەیزانی کە ڕوانینی ئەوان وەها نییە بۆی، پێشـــی خۆش نەبوو کە باســـی ئەو بـارودۆخە تـایبەتەی خۆی بۆ کەس بکـات و هەوڵ بـدات بەزەیی و ڕەحمی ئەوان بەدەســــت بێنێت، و گـایی بەو دۆخەی خۆیەوە بکات، ئەو لە هەر حـاڵێکدا ئەبووا کـاری بکردایە ئەوەش پێویســــتی بەوە نەبوو لەوە زیـاتر بچێتە

ژێر منەتی کەسـەوە، جۆرێک دەسـت درێژکردنەوە بوو لە بوون، لە شـتێکی نادیار. دەسـت درێژکردنەوە و پاڕانەوە لە دەروونی خۆت تکایە ئەم دۆخەش دەوام بێنە بە هەر جۆر و هەر ڕێگـای پـارە دەرهێنـانێکەوە بێـت، بە هەر پـارەیەک بێت، گرنـگ نییە تۆ بۆ خۆتی نـاکەیـت، ئەمەت لەبەر خۆت نەکردووە، تەنیـا بیکە، تکـایە هەڵمەیە، هەر ئەوە، هەڵمەیە، لە دەروونی خۆی ئەپاڕەیەوە وەک ئەوەی هەموو ماڵەوە و خوشکەکەی بەو نەخۆشـین و زەلیلییەوە بێتە بەردەم و ناخی و لەسـەر چۆک بکەوێت و بگریت و لێی بپاڕێتەوە، کەسـێکی ئاوا لە نـاخیدا کەوتبوو و لێی ئەپاڕایەوە و ئەگریا و ئەیوت بیکە، تەنیا تۆی کە ئەتوانی هیچ جۆرە شتێکت بۆ گرنگ نەبێت.

ژیان ئەوەی هەڵبژاردبوو تا زۆری خۆیی پێ تاقی بکاتەوە، بە شان و قۆڵی ڕابردووەوە و بە سـەر و ملی داهاتووەوە لە بەردەمیدا وێسابوو.

هەمیشـە وەها بوو، لە هەموو شـوێنێک هەر کات ئەڕۆشـتە دەرەوە ئەم هەسـتەی لا دروسـت ئەبوو خۆی

وەکوو بەندییەک ئەبینی کە هاتبێە حەوشەی بەندیخانەکەوە و بیەوێت هەوایەک بخوات و خۆی بە خۆر بدات، وەک ئەوەی هاتبێتە حەوشــەیەکەوە، حەوشــەیەکی زۆر گەورە. بۆ هەر کوێیەک ئەچوو تەواوی ئەو کەســانەی ئەیبینین و ئەو قســـانەی ئەیبیســـتن لەگەڵیدا ئەهاتنەوە مێشـــک و ژوورەکەی، بە ڕوانین هەڵی ئەگرتن بەو ڕوانینەی کە هەموو شتێکی پێوە ئەلکا.

کارکردن و تێکەڵبوون بۆ ئەو زۆر ئەســـتەم بوو، بەڵام ناچار بوو، بە وەها بیرکردنەوەیەکۆ زۆر ئازاری ئەچەشت. کێشـــەکانی ژیان و بنەماڵە و دەوروبەر ناچارت ئەکەن، دوودڵـیـت لەوەی کە بـیـکەی یـا نە، ژیـان جـۆرێـک تاقیکردنەوەیە. ئەیکرد، ئەو کارانەی ئەکرد کە لەبەر خۆی نەیئەکردن، بە دڵنیـاییەوە بۆ خۆیی نەئەکردن، بۆیە هەڵەکانی بە تەنیا هەڵەی ئەو نەبوون، هەموان دەستیان لە کارەکانی ئەودا هەبوو، بەخت و شـــانس و هەلەکانی ســـەرکەوتن بەخت و شـــانس و هەلەکانی خۆت نین، تۆ دەستت لە هیچ شتێکدا نییە، تەنانەت لە بەدبەختی و ئازار و کەســـەرەکانی خۆتدا، لە ســـەرکەوتنەکانی خۆتدا، هیچ

کارێک بە تەنیا کاری خۆت نییە هەموو کارێک کراوە تا خۆت لە خۆت بسێننەوە، ورە و باوەڕت لێ بسێننەوە، تۆ تاک نیت، هیچ کاتێک تاک نیت، تۆ تەنیا دەمارێکیت لە دەمارە خوێنبەرەکانی ئەم کۆمەڵگا، تۆ تەنیا دەمارێکیت بۆ زیندووهێشتنەوەی واتا لە هێندێک وشەدا، زیندووهێشتنەوەی هێندێک وشە و بەها و کوشتنی خۆت.

ئەم جۆرە بیر و تێگەشتنە وەهای لێ کردبوو کە لە تەواوی ئەو کارانەی ئەیکرد پەشیمان بێت، لە هەموو شتێک، لە ڕۆشتنە دەرەوەکانی، لە بینینی کەسەکان، بە تایبەت لە پێکەنینەکانی خۆی پەشیمان بوو، دواتر کە لە پێکەنینەکەی تەواو ئەبوو وەک ئەوەی کە پێکەنینەکەی حەوت درگای لە سەری داخستبێت، ئەیبردەوە دوورترین سووچی تەنیایی خۆی، وەک ئەوەی هەر قاقایەک پاڵێکی پێوە نابێت و بە دەروونی خۆیا خستبێتیە خوار.

هیچ هیوا و ئامانج و ئارەزوویەک سوکنایی پێ نەئەبەخشی، هیچ ئاسۆیەک، وەک نەخۆشیێکی لێ هاتبوو کە چیتر سڕکەرەکانی وڵامی ئازارەکانی نەدەنەوە و خۆی

بە خۆیی زانیبێت کە ئیتر چارەسەرێکی بۆ نییە، ئەوەت بە ڕوونی لە چاوەکانیا ئەبینی. تەواوی کارەکانی بەبێ هیچ ئامانجێکی تایبەت کردبوو، بۆ هیچ ئاسۆیەک، بۆ گەیشتن بە هیچ شتێک نەیپێوابوو، بەڵام دواتر شتێکی لە مەودا و کارەکان و ژیانی خۆی ئەویست، ئەبووا شتێک ببووایە.

هیچ کات لە دانیشتن و وێسانی خۆیا ئازاد نەبوو، خۆی لە باوەش ئەگرت کە دائەنیشت وەک ئەوەی کە ڕابردووی خۆی لە باوەش گرتبێت و بە ئازادکردنی خۆی ڕابردووی ئازاد بکات و هەمووان ببینن، هەموان بەو شێوەیە لەشە لەڕ و لاوازەکەیان ئەبینی، زیاتر بەرچاو ئەکەوت، ئەو لەشەی کە زمانحاڵی بەشێک لە ژیان و ڕابردوو و ئێستای بوو. جۆرێک بوو هەمیشە توند دەستی بە خۆیەوە گرتبوو وەک ئەوەی بە شوێنێکی بەرزەوە بێت و چاو لە خوارەوەی خۆی بکات و چاوی ڕمۆڵە بکات و خەریک بێت بکەوێتە خوارەوە، بکەوێتەوە ڕابردووی خۆی. بیری ئەکردەوە و ئەترسا، برێ جار نەیئەتوانی بڕوا بکات کە تا ئێرە ئەم شوێنە لەم ژیانە، ئەم شوێنە بەرزە بە تەنیا هاتووە.

وەهام لێهاتبوو کە ئەمویست سەر لە هەموو کارێکی دەربهێنم، بە تەواوەتی بیناسم، تەنیا لە زمانی خۆیەوە نەمناسیبێت، لەو تاک و ترووکە کەسەی لەوەیٚ ئەویان ئەناسی بپرسم کێیە؟ چۆنە؟

لە هەر کەست ئەپرسی و دەمی ئەکردەوە پرسیار بوو بۆیان بۆ لەگەڵ وەها کەسێک قسە و هەڵسوکەوت ئەکەیت، عەیبە تۆ لەگەڵ کەسانی وەهادا بگەڕێی، نەتناسیوە، ئەوە هێشتا نەتناسیوە چ ئاوی ژێر کایەکە، گورگە لە پێستی مەڕدا، تەنیا ئەوە، نەتناسیوە، هێشتا نەتناسیوە. خوا تا کێو نەبینێت بەفری تیٚ ناکات، حەقی خۆیانە، ئەگەر وەها نەبووایەن خەڵکیان ئەخوارد، بە خەڵکەوە داناکەون بەرەک و داوێنی خواشیان گرتووە، لە ژیانیاندا چوار شوکرانەی خێریان نەبژاردووە، ئەگەر

مردن، ئەبێ لە ســـەلوێنکیشـــا بنێژرێن، گولن گول. ئەوەی خوا پێی خۆش نەبووبێت کردوویانە، بەشیان هەر ئەوەیە، کەس لە خوا باشـــتریان ناناســـێت، ئەمانە گەر دەســـیان بگاتەوە دەمی خۆیان مەگەر ئێمە ئەم وڵاتە چۆڵ بکەین، کەمە بۆیان، خوا دێرگیرە و ســـــەختگیر، ئەمانە پەند و عیبرەتەکانی ژیانن.

خۆیشـــــی وێڕای ئەو بێباوەڕییە قووڵەی کە تێیدا بوو، خەریک بوو باوەڕی ئەکرد کە خەریکە ســـزای تاوانەکانی خۆی ئەدرێت لە بەرابەری ئەو بێباوەڕی و تاوانانەی کە لە بەرامبەری خەڵـک و خوادا کردوویەتی. خوا خەریکە جۆریک ســـــزای ئەدا، تۆڵەی لێ ئەکاتەوە،خوای قەهار، خوای جەبار، تەنـانەت بۆ جاری هەزارم ئەوە بە دڵیدا ئەهاتەوە کە ئەم جۆرە پووڵ دەرهێنانە بۆ چارەســــەری نەخۆشی خوشکەکەی کارتێکەری نەرێنی ئەبێت و وەزعی خراوتر ئەکات. خوای دێرگیر و ســەختگیر نەک هەر خۆی خوشـــــک و برا و بنەمـاڵەکەشـــــی بە گونـاحی ئەوۆ ئەســـووتێنێ، گوناحی ئەو هەموویان ئەگرێت، ئەو شـار و گوندە ئەگرێت و حەوت ماڵ ئەم لای و حەوت ماڵ ئەو

لای و حەوت شـــــار ئەم لای و حەوت شـــــار بەو لایۆ بەشداره لە گوناح و بە نزیکی لەگەڵ ئەو گوناحبار ئەبێت، هەموویان ئەبێت وڵامدەر و بەهەڵوێست بن لە بەرامبەری خوای ساحێب هەڵوێستدا.

لە هەموو شتێک کەوتبووە گومانەوە، سەختی و تەنگانە لە هەموو شـــتێک ئەتخاتە گومانەوە، لە هەموو شـــتێک پەشـــیمانت ئەکاتەوە، تەنانەت لە حەقێقەت و ئارەزووە گەورەکانی خۆیشـت پشـت ئەکەیت، هەموو خەون و هیوا و ڕاسـتییەکت لە بەرچاودا بچووک ئەکاتەوە و پشـتی لێ ئەکەیت.

تێریـان نەئەخوارد لە دەرد و ئـازارەکـانی، هەموو شـــتێکیان بە کەم ئەزانی، تا بیانتوانیایە بەربەســـتیان لە بەردەمیان دائەنا، هەموویان دەســـبەیەکییان کردبوو، گەر بۆیان بکرایە لەو ماڵەش دەریان ئەکردن، کاریان لە کاریان جیا ئەکردەوە، دووری، بە هەموو شـــێوەیەک دووری و خۆلادان و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان، ئەم خەڵکە ئەگەر لەســـەر هیچ شـــتێک لەگەڵ یەکتری تەبا نەبووایەن بێتەگبیر و ڕاوێژ بۆ هەموو شـــتێک لەســـەر

ئەوان تەبا بوون، بەپێی یاسـایەکی نەنووسـراو و نەوتراو، منداڵی ناو بێشـکەکانیشـیان ئەو تفە کرابووە دەمییانەوە، و پێویســـــتی بە وتن و دووبارەکردنەوە نەبوو لە ناویاندا. یەک هەڵوێسـت، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە زیانی خۆشـیانی تیـا بووایە هەر ئەیـانکرد. دڵیـان پـاکبوونەوەی بۆ نەبوو، بگرە بە نەخۆشـــین و نەبوونی و مردنیشـــیـان ڕازی نەئەبوون، هەموو شـــــتێکیان بە کەم ئەزانی بۆیان. ئەگەر کەسێکیان لە کێشە و نەخۆشینێکی ڕزگاری ببووایە دواتر ئەیانوت خوا ساحێب بەزەییە، ڕەحمان و ڕەحیمە، فاتێح و کەریمە. خوای خاس و خراپە، خوای کافر و موســـڵمانە، خوای گیاندار و بێگیانە و ئاگادار لە خشەی مار و مێروانە.

یەکێک لە ترسە هەمیشەییەکانی، قسەی خەڵکی بوو لە سەری. چی لەسەر ئەڵێن؟ چۆن ئەیناسن؟ ترسی لە زمان، بەڕاســـی ترســـی لە زمانی خەڵکی هەبوو، هەمیشـــە بە جۆرێک ئەیویســـــت دڵیان بەدەســـت بێنێتەوە، دڵێک کە خۆیشــی نەیئەزانی بۆ لێی شـکاوە، تاوانێک کە نەیکردبوو بە ســـەریدا ســـەپا بوو و خۆیشـــی قەبووڵی کردبوو و نەیئەتوانی بەرگری لە بێ تاوانی خۆشـی بکات، بێ ئەوەی

بزانێت کام تاوانی کردووە تاوانبار بوو. هەمیشـــە لابردنی گومانی تاوانێک لەســـەر خۆت بە ئەندازەی قورســـکردنی تاوانێک لە ســـەرت ئەســـتەمە، هێشـــتا تاوانەکەت کردبێت ئاسوودەتری، ئازاتر، بەڕێزتر، بەهێزتر کە لەو کاتەدا لانی کەم تاقمێک خەڵکت هەر لە دەور کۆ ئەبێتەوە.

کاتێک کە زۆر بێدەســـــەڵاتیت زمانی خەڵکیت بۆ گرنگ ئەبێت، هەموو شـــتێکیانت بۆ گرنگ ئەبێت، یەکەم خاڵ و دەســـتپێکی کۆیلێتیت لێرەوە دەســـت پێ دەکات، چاوەڕێی ئاوڕێکیت لە کۆمەڵگای خۆت، قســـــەیەک. قەبووڵکردن و چاوپۆشـــــی لە تاوان و ڕەفتارەکانیان، پێکەنین بە دەم ناخۆشــترین قســەکانییانەوە، لە پاڵیدا بە شــێوەیەکی زۆر حیز و ژیرانە قەبووڵــت کردووە کە بەزیوی. دواتر وەک شـــــاعر ئەبیتە کۆیلەی کۆمەڵگـــای خۆت، کۆیلەی بەردەنگەکانت، ڕەخنەگرەکانت، ئەو قەڵەمانەی لە دوای تۆوە ئەنووســـــن، تەواوی هەوڵت بۆ نووســـــین جۆرێک قەرەبووکردنەوەی ئەو شــتانەیە. بوویتەتە مرۆڤدۆســتێکی دۆڕاو.

مرۆڤەکـان وەهـان هەر لە منداڵییەوە ئەتترســـێنن تـا لە ڕێگـای ترســـەوە هێـڵ و خـاڵە لاوازەکـانی دەروونـت بدۆزنەوە، لە ترســـەوە ڕێگایەک بۆ هاتنە ناو دەروونت بکەنەوە، ئەیکەنەوە و دێن، پێ بەســەر هەموو ئەندامەکانتا ئەنێن، بەسەر هەموو حەزەکانتا، خەیاڵ و خولیاکانتدا.

نـازانم شـــایەت قینی خەڵکی لە ئەو بۆ ئەوە بوو کە بە ڕەفتار و قسـە و ڕوانینەکانی بە بیری ئەهێنایەوە ڕەفتار و قســـە و ڕوانینەکـانی خۆیـان، وەک ئەوەی کە بە بیری نەخۆشـــێکی بێنیتەوە کە نەخۆشـــیت و نەخۆشـــینەکەت چارەســـەرێکی بۆ نییە. ئەبێت تەنیا هیوا بدەیتەوە پێیان وەک کەســـێکن کە لافاوێک خەریک بێت بیانخنکێنێت و بۆ ڕزگارکردنی خۆیان دەس بە چڵێ پووشیشەوە بگرن. هەر جۆرێک بوو شـــتێک لە ناخیا بوو، لە ژیانیا بوو کە ئەو خەڵکە بۆی تەحەموڵ نەئەکرا و ئەوەنـدە پێی تووڕە ئەبوون، ڕەفتارێک کە ئەنقەســـت نییە و هۆکارێک دیار و تایبەتی لە پشـتەوە نییە و بە شـێوەی خۆڕسـک دێت، قینە و بوغزە و بە هیچ ڕەفتار و قســەیەکت داناشــاریەت و لە

ناختا ناســـڕێتەوە، و خەڵکی ئەیبینن و بۆی پێ ئەبەن و دووریت لێ ئەگرن.

ڕێگە نەبوون بۆ هەڵهاتن و ئەوەی کە بزانن هەر لێرە ئەمێنیتەوە، لە بەردەســـتیان، شـــاخ بە کارەکانیان ئەکات، ڕێگە نەبوون بۆ هەڵهاتن بۆ هیچ شـــوێنێک، لە بنەماڵە و کۆمەڵگاوە بگرە هەتا لەمپەرەکانی کات و تەمەن، هەر تاوە و هۆکـار و بیـانوویەک ئەتهێڵێتەوە. تـا دواتر خۆت کە ئەبیتە بەربەســـت لە بەردەمی خۆتدا، کە جیاوازییەک لە بەینی ئێرە و ئەوێ بۆت نامێنێت، دۆڕاویت، دۆڕاندووتیان و بە دوای چکۆلەترین بیانوو لە خۆتدا ئەگەڕێی بۆ مانەوە. کاتێک ئەو شـــوێنەی کە تێیدای لە دەســـتی ئەدەی هەموو شـوێنەکانی دنیات لەدەست داوە، شـوێنێک نییە لەم سـەر عەرزەدا شـــوێنێکە لە دەروونتدا لە دەســـتت داوە. لە بەردەســـتیان ئەمێنیتەوە و کلکت ئەپێون، ئەم جارە بە ئیمانی خۆیان کا زبرە و وردی ئەکەن، وردت ئەکەن.

لە دوای مـــاوەیەکی زۆر زانیـبووی کە ئەبێــت لە بەرامبەری ژیـاندا بەهێز بێت، کـاتێک ئەوەی زانیبوو کە ڕووخابوو. چکۆلەترین هەوڵیشـــی بۆ گەڕاندنەوە بۆ ژیان پەنجەی بۆ ئەکێشـــرا و ئەیانوت کە ئەوە خۆیشـــی لە هەمووان زیاتر  هەوڵ ئەدات. پەنجە بۆ هەموو شـــتێکی ئەکێشـــرا، ئەو زەم و قســـانەی پشـــت ســـەری ئەوترا ئەیبیســـتەوە، لە شـــاعر و ڕووناکبیر و کرێکار و عەوام و مەلاوە بگرە هەر یەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە دەسـتیان بە ڕووخــانی ئەکرد، مرۆڤەکــان لە هەر ڕەنــگ و تیرە و باوەڕێک بن هەموویان ســەر و بنی قوماشــێکن. زۆرینەی ئەوانەی پشـت سـەری ئەوترا و ئەو دژایەتییانەی کە ئەکرا بۆ ئەوە بوو کە لەم تەنگــانەیەدا بە هــانــایەوە نەچن، هۆکـارێکیـان بووبێت بۆ یـارمەتی نەدانی، هۆکـاریـان بۆ

ئەهـێنـایەوە، مەلاکـان لە حەدیـس و قـورعـانەوە، ڕووناکبیرەکان لە فەلسەفە و ئارمانەکانیانەوە، کرێکارەکان بە ئاوماڵی و قینە کۆنەکانیانەوە، تەنانەت بگرە لە نێوانی بنەماڵەکەشـیا پەراوێز خرابوو، ئەوانیش زۆر لە خەڵکی باشتر بۆیان نەئەڕوانی، هێشتا کاریان پێی بوو. بە ڕوونی ئەو جیاوازییەی لە ڕوانینەکانیانا هەسـت پێ ئەکرد، ئەو جیـاوازییەی لە هەڵسـوکەوتی دایکیـا لە بەینی خۆی و خوشک و براکانیا هەست پێ ئەکرد، ئەو فەرق و جیاوازی دانانەی بە ئێسک و خوێن هەست پێ ئەکرد. بە تایبەت لە ماوە و کاتگەلێکی دیاریکراو و تایبەتدا کە ئەم خەریک خوێندن بوو و کارێکی ئەوتۆ یا لانی کەم لە چەن وەرزێکا بێکار بوو، یا زیاتر ئەو لەوێ نەبوو کە وەک ئەوان ئەو هەموو دەرد و نەهـامەتییە لە نزیکەوە بچێژێـت و تێی بچەقێت، لەو کاتانەدا ئیتر زۆر بە ڕوونی ئەو شتە ئەبینرا. لە تەمەن و ماوەیەکدا ئەوە تا ئەوپەڕی بێزاری و ڕسوایی ئەیبرد، تەنانەت خەڵکی ئەوەیان پێ ئەوت کە تۆ کوا چاوت لەو منالانەی ترتان ڕەشـتترە کە بە دوای خوێندنا ئەچی ئەفەنی، زوڵم لەوان ئەکەیت، ئەمەیـان ئەوت تـا فەرق و جیاوازی و ڕەق و قین بخەنە بەینمانەوە و خوشـک و

براكـــانم ئەو ڕوانینەیـــان لە ســـــەرم ببێــت. بە هەموو واتایەكییەوە زۆڵ بوو زۆڵ.

تەنیا ڕەنج و ئازاری بۆ مابووەوە، ڕەنجی هەتاهەتایی و هیچی تر. دێرە، هەمیشـــە دێرە بۆ گەڕانەوە، بۆ ژیان، هەر كاتێك دەســــــت پێ بكەیت بەشـــێكیت دۆڕاندووە، ژیان هەمیشە شتێكی كەمە، كەم. گەڕانەوە بۆ ژیان كە هەمیشە دڵێكی ئەویســــت وەكوو بەرد، نەیئەتوانی پشــــت بكات لە هەموو ئەو كەس و شـــــتانەی لە دەرەوەی ژیـانن، ئەو شــــتانەی كە هەســــتیان پێ ئەكەیت و هەن و بوونێكی بەرچاو و زینوویان نییە، ســـێبەرێكن كە بە مل تاریكیی ژیاندا كەوتوون، هەن و نابینرێن، نابینرێت و چاو و گوێ و هەموو ئەنـدامەكـانـت هەســـتی پێ ئەكەن، وەهـایە هەستكردن بە حەقێقەت و ژیان وەك هەستكردن بە ترس. جێهێشتنی هەموو ئەمانە بێبەزەییانە بوو بۆی.

بڕێ جـاریش ئەگەڕایەوە دنیـای خۆی و بەزەیی بەو خەڵكەدا ئەهاتەوە، لە ناخەوە ئەیوت وێڵكە با دڵخۆش بن، بە هەر شـێوەیەك بێت. دوودڵ بوو كە ئایا خەڵكی ئاگادار بكاتەوە لەو نەخۆشـــــی و مەینەتی و دەرد و ئازارانەیان؟

ئەترسا کە ئەگەر خەڵکی ئاگادار بن لە تەواوی شکستەکانی ناخ و ژیانیان لەوانەیە خراپتر لەمەش ڕوو بدات. دواتریش لە دڵەوە ئەیوت کە تۆ بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە، تۆ کە هیچ سـرکەر و ئاسـۆ و ئارەزوویەکت نەماوە. ئەوان منداڵەکانیان هەس کە پێی دڵخۆش بن، برا و خوشکەکانیان، دواتر قەوم و خێڵ و تایەفەکانیان، بڕوانامەکانیان، دواتر خاک و نەتەوەکەیان، دین و ئیمانەکانیان، خوایان هەیە، پشـت و پەنا هەمیشـەییەکەیان. کار و پیشـە و پێگەیان هەیە کە پێی دڵخۆش بن.

بڕێ جار ئەم خۆی نە، کێشە و گرفت و سەرلێشێواییەکانی ناو ژیان و بنەماڵە دەسی کۆتا ئەکردنەوە لە سەرکوتکردن و خواردنی ئەم، ژیان ئەوانیشـی کولۆکوت کردبوو هەر وەکوو ئەم، ژیـان بێبەزەییە و تەڕ و وشـک پێکەوە ئەسـووتێنێ، کافر و موسـڵمان، خاس و خراپ. بەڵام ئەم خۆی لە گێژی ئەدا عەیب و عـارەکـانیـانی بە ڕوویـانـدا نەئەهێنایەوە، لە دڵەوە ئەیوت شـایەت ئەگەر بزانن کە من بەم هەموو کەموکووڕی و سـەرلێشـێواییەیانم زانیوە لەوانەیە بشمکوژن.

نەیئەزانی؟ بەڕاســـتی نەیئەزانی بەزەیی پیایاندا بێتەوە یا ڕقی لێیان بێت؟ برێ جار وێڕای ئەم هەموو ناســـین و قســـەکردنە لەســـەر ئەم خەڵکە لە دڵەوە ئەیوت بەڕاســتی نازانم ئەم خەڵکە کێن؟ چۆنن؟ بەڕاســـتی نەیئەزانی. تەنیا پێویســتە دۆخ و دەرفەتێکی تازەیان بۆ هەڵبکەوێت، ئەبینی چۆن ئەبنە کەســـی ئەو دۆخە. تەنیا پێویســـتە ئەو دۆخە تازە هێزی هەبێت، هێزی بەڕێز.

هەر کاتێک لە لای ئەگەڕایەوە هەستی بە وەڕزییەکی زۆر ئەکرد، لە خۆی بێزار بوو، حەزی ئەکرد ئیتر چاوی بە چاوی نەکەوێتەوە، لە دڵەوە بڕیاری ئەدا کە ئیتر ئەم کارە ناکاتەوە و بەیانی ئەڕواتەوە سەر مەیدانەکە و بە دوای کارێکی تردا ئەگەڕێ، بەڵام نەئەچوو هێزێک ئەیگێڕایەوە. وردە وردە ئەشترسا کە خووی بەم کەسە گرتبێت، ئەو کە تا ڕادەیەک ئەو شتەی تیابوو ئەوەی کە بە شێوەیەکی زۆر خراو خووی بە دەوروبەری و کەسە نزیکەکانی ئەگرت و، ئەیشاردەوە لێیان کە چەندە گرێدراویانە، بە چکۆلەترین قسە و جووڵەیان ئەڕەنجا و تووڕە ئەبوو و، لە ناخەوە خۆی ئەخواردەوە، تەواوی کاتە بەتاڵەکانی بە بیرکردنەوە لەو کەسانە بەسەر ئەبرد. نەیئەزانی کە بۆ ئەوەندە کەسێکی گرێدراو و وابەستەیە،

وەها کە بیری ئەکردەوە بە خۆیشی ئەوت کە ئەو کەسانە ئاگایان لەم هەستەی ئەو نییە و بۆیان گرنگ نییە، ئەم بیرکردنەوە و لێکدانەوانە لە جێدا هێندەی تر تووڕە و بێئۆقرە و بێتاقەتی ئەکرد، جۆرێک کە عەرز بە خۆیەوەی نەئەگرت. نەیئەزانی کە لەگەڵ خۆی چی بکات کاتێک کە زەنگی بۆ لێ ئەدا وڵامی نەئەدایەوە، کاتێکیش خەبەری نەبووایە و نەیپرسیایە هێندەی تر بێتاقەت و تووڕە ئەبوو، گووشییەکەی هەڵئەگرت کە پەیوەندیی پێوە بگرێت و نەیئەگرت و دای ئەنایەوە، کاتێک ئەم داڵغە و بیرانە دایگرتبوو، بیری کەوتبووەوە کە چەندین ساڵ پێش ئێستا لەو کاتانەدا کە خوێندکار بووە لە بەشی تەندروستیی ڕۆژنامەیەکدا خوێندبوویەوە کە خواردنی ڕۆژانە یەک مۆز ئینسان هێور ئەکاتەوە لە ژیاندا، ئەو ڕۆژنامە و وتارەی کە ئەو کات زۆری پێ پێکەنیبوو، بەڵام ئێستا ئەیویست هەڵێت و بڕوات لە بازاڕدا مۆزێک بسێنێت و بیخوات، یەکڕا تەواوی ئەو زانیارییەی لە لا دروست بوو و خۆی سەرکۆنە ئەکرد کە بۆ وەها شتێکی پەراوێز خستووە. بیری ئەکردەوە کە دوایین مۆز کە خواردوویەتی کەی بووە، سەری با ئەدا، ئەهاتەوە بیری و بەرچاوی کە لە

کوێی ئەو شـار و بازاڕە نامۆیەدا مۆزی دیوە و نرخەکەی ئەهـاتەوە پێش چـاوی و ئەیوت نـاکرێت یەک مۆزیش بە تەنیا ئەو هەموو کون و کەلێن و تووڕەییە پڕکاتەوە.

بیری ئەکردەوە ئەگەر بڕۆمە ســــەر مەیدانەکە و بەیـانی زوو وەک ئەوەڵ بەیــانی بەدوامــدا بێــت و من لەنــاو خەڵکەکەدا بم چی بکەم، دێت، باوەڕکەن دێت، دێت و ئەو کاتە دووبارە لەگەڵی ئەکەومەوە. دەســــهەڵگر نییە، ئەبێت بڕۆم، لەم وڵاتە بڕۆم. بیری ئەکردەوە و ئەترسـا و ئەیوت کە ئەو لە کوڕی کاربەدەس و بەرپرســانی ئەو شــارەیە، کوڕی ئەوانەی کەوا مەیتەر و پاســەوانیان هەیە، لەوانەی ســەر و سـمێڵیان ڕەش ئەکەن و لە تەلەڤیزیۆنەکاندا قســە ئەکەن، بە دەم بێژەرەکـانەوە پێئەکەنن و ئەیانەوێت وەک کەسانێکی ڕووخۆش خۆیان نیشان بدەن، بەڵام بەو شێوە زیـاتر گرژ و مۆن و ڕەزاگران و زایە ئەبن. لەوانە زیـاتر کەســـی تر نەبوو، لەوانەی کە باوکیان شــۆڕشــگێڕ و دەوڵەمەند و پیاوکوژ و سیاسی و کاربەدەس و دڵسۆز و خائین و هەموو شـــتێکی ئەو وڵاتەیە. شـــایەت ئەمیش وەکوو بـاوکی هەمەکـارەی ئەو شـــارە بووبێـت و بە

زیادیشەوە سمێڵیشی نابێتە بانی تەواوی ئەم پیشانەوە، ئەویش زۆڵی ئەو شۆڕش و خەباتە بوو، ئەو شۆڕشەی کە بە دزییەوە لە داگیرکەر و دوژمنانی کوردەوە کەڵی گرتبوو، بەڵام دواتر بە ئاشکرا زابوو، ئەو شارە هەمووی زۆڵ بوو، زۆڵی کەوتووی شۆڕش، ئەو خاکە زۆڵی کەوتووی ئەو خاکەی پێش خۆی بوو، ئەو شار و وڵاتەی کە کۆسی کەوتووی من بوو، کۆسی کەوتووی ئارەزوو و خەیاڵاتی من، ئەو شارە و ئەو شۆڕشە و ئەو وڵاتە بە تەواوی ئاڵا شەکاوەکانەوە تیایا، بە تەواوی بێژەری تەلەڤیزیۆنەکانیانەوە، کاسب و ئاسایش و ڕۆشنبیر و بیرمەندەکانییەوە، هەموو ئەو شارە بە تێکڕا لە سەیتەریەکدا پەساپۆرت و ناسنامەکەیان لە دەس من دەرهێنابوو و تووڕی دابووە سەر شەقامێکەوە، وەک ئەوەی تەواوی دڵخۆشی ئاوات و ئارەزووەکانمی دەرهێنابێت تووڕی دابێتە سەر ئەو شەقامەوە، لە دەسی هەموو کوردی ڕۆژهەڵاتیان دەرهێنابوو، دەستی من نوێنەر و دەستی هەموو رۆژهەڵات بوو، لە دەس تەواوی کرێکارەکانی دنیایان دەرهێنابوو، دەستی من نوێنەر و دەستی تەواوی کرێکارانی دنیا بوو، تەواوی ناسنامە و

پەســــــاپۆرتەکـانی دنیـایـان توورِ دابوو، ئەو وڵاتەی کە بووبووە وڵاتێک نەمئەناســــییەوە، ئەو شــــۆڕشــــەی کە بووبووە شـۆڕشـێک، من نەمئەناسـییەوە، سـلێمانی هەموو خەونەکانی منی کردبووە بڵقی ســەر ئاو، هەموو هێماکانی شــــۆڕش، هەموو ئەو حەقیٚقەت و واتـا و بەهـایـانە لە دەروونی هەر کوردێکـدا بوو بە دەم ئـاویەوە دابوو، ســلێمانی زۆڵی کەوتووی هەموو شــارەکانی کوردســتان بوو، و هەموو شــتێکی لە دەســـتمدا دەرهێنابوو توورِی دابووە ســەر شــەقامێک، ســلێمانی بووبووە دارەمەیتێک و ســــووکـایەتی بە تەرمی بێگیـانی من ئەکرد، و ئەیوت ڕۆژهەڵاتی لە برسـا مردوو و حیز، هەمووتان لە پشـیلەی برســی ئەچن، هەموو ڕۆژهەڵات حیز و پشـیلەی برسـییە. ئەو شــارەم نەئەناسـییەوە وەک کەسـێک کە سـاڵەها بێت نەمدیبێت گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتبێت، وەک کەسێک کە تاریفێکی زۆرت بیســـتبێت و کاتێک بیناســــیت وەها نەبێت، وەها نەبوو هیچی لە خۆی نەئەچوو. پێشــــتر لە دوورەوە هەســـــتم بەو نامۆیە نەئەکرد لەگەڵی، پێم وابوو ســـلێمانی باوەشــێکی ئاوەڵایە، هیچ کات تا ئەو ئەندازەیە بێزار و نامۆ و خۆم بە دوور نەزانیبوو لەو خەڵکە، لەویٚ

بوو بیرم کەوتەوە من لە کوێم و ئەم خەڵک و شـــۆڕش و حەقیقەت و واتا و بەهایانە تا کوێ چوون، ئەو حەقیقەت و بەهایانە کە ئەوانیش حەزیان لە سەفەر و گەڕانە.

بیری ئەکردەوە پێش تەواوبوونی ماوەی پەســاپۆرتەکە بڕواتەوە چی بە ماڵەوە بڵێ، ماڵەوەی لە کارەکەی دڵنیا کردبووەوە، تەنانەت پووڵەکەشیان حەسێو کردبوو و ماتڵ بوون بە ئەوەندە پارەوە بگەڕێتەوە، خۆیشـــــی بیری لە خوشکەکەی و نەخۆشین و پێویستی پووڵەکە ئەکردەوە و نەیئەزانی چی بکات و چ بڕیارێک بدات. لەو کاتانەدا کە لە ماشـینەکەدا لە لای دانیشـتبوو ویسـتبووی بە شـێوەیەک باســی ڕابردوو و ژیانی خۆیی بۆ بکات، باســی ئەوەی بۆ بکات کە ئەم پووڵەی بۆ چی گەرەک تا شـایەت بەم شێوە لەگەڵ کەسێک ڕاوێژی کردبێت و ئەم گوناحی باسنەکردنە تۆزێک ســووک بووبێت لە ســەر شــانی. بڕێ جاریش لە بیری خۆیدا ئامادە بووبوو کە باســـی هەموو شـــتێکی بۆ بکات. شـــایەت بە قســـــە و دەردەدڵەکانی درگایەکی بۆ چوونە ناو ژیانی ئەو کردبێتەوە و ســـەری لە زۆر شـــت دەربهێنایە کە بۆ ئەم نەزانراو و سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام

بۆی نەئەوترا و لەو ماشـــینەدا تەنیایی ئەوەندەی تر ئەیگووشی و بێدەنگی ئەکرد و ناخی خۆیی ئەخواردۆ.

دەســـهەڵگری نەبوو هەر کە لە لای ئەگەڕایەوە وەک ئەوەی هەست بە بیر و وەڕزییەکانی ئەم بکات بەوەی کە بڕیاری داوە نەچێتەوە بۆ لای، دەستی بە زەنگ لێدان بۆی ئەکرد، نە زەنگێک و نە دوان، گووشـــییەکەی لێ ئەکوژاندەوە و وەک هەمیشـــە لە ســـەر تەختەکەی پاڵ ئەکەوت، لەو کاتانەدا ڕوانین و هەڵسـوکەوتەکانی ئەو ئەهاتنەوە بەرچاوی، ڕوانینە ســـووک و میهرەبانەکانی، ڕوانینە بێغەل و غەشـــەکەی کە لە ڕوانینی حەیوانێک ئەچوو، حەیوانێک کە چاوەکانی نە ترس لە نەخۆشـــین و ژیـان و مەرگی تیـایە، چـاوەکـانی هیچی تیـا نەبوو، ڕوانینەکانی تەنیا بە دوای چێژێکدا وێڵ بوو و هیچی تر. بەزەیی پێیدا ئەهاتەوە و لە دڵەوە ئەیوت ئەو هیچ تاوانێکی نییە، منیش هیچ تاوانێکم نییە، بەڵام دوو بێتاوان خەریکی کردنی تاوانێکی گەورە بوون.

بیری ئەکردەوە و ئەیوت ناکرێت ئەم ڕوانینە ســـووک و ساکارە کە ئەو ڕادەیە دڵی ئینسان ئەبات کوڕی کەسێکی

وەها بێت، نابێت ئەو وەکوو ئەو خەڵک و ئاســـایش و سیاسی و ڕۆشنبیرانە چاو لێ بکات. ناکرێت ئاگری بوغز و قینەکانی ڕابردووت، ئاگری هەژاری و کەموکووڕییەکانی ژیان، تانە و تەشـــەرەکان جۆرێکت لێ بکات کە تەڕ و وشـــک پێکەوە بســـووتێنیت، ئەبێ جیاوازییەک دابنێیت و هەمووان وەکوو یەک ســـەیر نەکەیت. لە دەروونی خۆیدا ئەیقیڕانـد ئـایـا جیـاوازییەک لەم بەینەدا هەیە؟ لە بەینی ئینســـاندا بە تەواوی ســـەردەمەکانییەوە، وڵامێکی نزم و پتەو و ماندووی بە خۆیی ئەدایەوە کە نە، نییە. بڕواکردن بەو جیاوازییە واتای مەرگی بیر و ڕابردوو و ژیانی بوو.

بەڵام لە زماندا لە لای خەڵکی پێش هەرکەســێ ئەیوت ئەم قامکانە چوونیەک نین. کاتێکیش ئەو کارەی لەگەڵی ئەکرد و دواتر ئەگەڕایەوە بیری ئەوە بە مێشـــکیدا ئەهـات کە گوایە بەم کارە جۆرێک تۆڵەی لەم کەســـانە کردۆتۆ، لە دەوڵەمەندەکان. بەڵام خێرا هەســـتێکی بەهێزی دەروونی دڵنیای ئەکردەوە کە نە تەنیا هەســـتی تۆڵەکردنەوەی لەو کارەدا نییە بەڵکوو زیاتر ئەو کەسەی وەک هاوڕێ ئەبینی و بگـرە بەزەیشـــــی پـێـیـدا ئەهــاتەوە. ئەیـوت ئەگەر

تۆڵەکردنەوەس بۆ بە جێگای ئەوە کە هەســـــت بە هێز و ڕەحات بوون بکەم بۆ هەســـــت بە لاوازی و بێزاری و سەرلێشێوای زیاتر ئەکەم.

برێ جاریش وەها کە لەســــەر تەختەکە کەوتبوو، لە ڕوانین و ڕەفتارەکانیا جۆرێک سـووکایەتی بە خۆی ئەدی و ئەوەنـدەی تر خۆی ئەخواردەوە، ئەو ڕوانینە بێترس و ســــاویلکانەی ئەو کە هیچ دەرد و ڕەنج و خەفەتێکی تیا نەبوو شـێتی ئەکرد، پێی وابوو کە ئەو بۆتە کۆیلەی پیاوە دەوڵەمەندێک و نە تەنیا کرێکار بگرە قەحبەشە.

بیری ئەکردەوە و بەزەیی پێیدا ئەهاتەوە، ئەو کەســـانە کە وەهان تەنیان، تەنیا. بەزەیی پێیدا ئەهاتەوە و شـــەیتان و گونـاح لە ڕێگەی بەزەییەوە بە ســــەریدا زاڵ ئەبوون، شەیتانی مەزڵووم. هەر لە دوای جاری ئەوەڵ کە پەشیمان بووبوو لە کـارەکە و بڕیـاری دابوو نەگەڕێتەوە بۆ لای بەزەیی گێڕابوویەوە، بەزەیی کە جۆرێک حەزە بۆ ئەوەی کەســــی جێگەی بەزەیی وەها ببینی، جۆرێک حەز کە تا ئاخری تێبگەی، تا ئاخری زەبوونی ببینی، بە دەستی بهێنی هەموو نهێنییەکانی ژیانی ئەو کەســە، هەر کەسـێک تا ئەو

کاتە سـەرنجڕاکێش و خۆشـەویسـت و هاوڕێ و جێگای بەزەییە تـا لە هەموو شـتێکی تێئەگەی، هیچ شـتێکی شـاریاوەی لەلا نامێنێت و سـەر لە هەموو شـتێکی دەریەنیت، ئەو کات وەک شۆڕوشێک وەهایە کە بە سەریدا زاڵ بووبێتی و سـەرکوتت کردبێت و بە دەسـتت هێنابێت، ئەو کات بگرە لە بەرچاویشـتدا سـووک ئەبێت و دووری لێ ئەگری، خاڵی بەهێزی هەر کەسـێک حەشـاردانی بیر و هزر و پلانەکانی داهاتوویەتی بۆ ژیان، کەسـێک کە کەمتر سـەری لێ دەربهێنن لە کۆمەڵگـادا بەڕێزتر و بەهێزتر چـاوی لێ ئەکرێـت. هەر چیم ئەکرد نەمئەتوانی سـەر دەربهێنم و تێبگەم و مەبەسـتی ئەو کەسـە بزانم. جۆرێک چێژ و حەز بوو کە نەیویستبوو بە تەنیا جێی بهێڵێت.

تەنیایی وەهایە دوو جۆر مرۆڤ دروست ئەکات، یەکێکیان زۆر بەهێز و خۆڕاگرە و سەر بۆ هیچ گشتیبوونێک نەوی ناکات، ئەو جۆرەکەیان مرۆڤێکی بێتاقەت و لاواز کە پەنا ئەباتە هەموو مەترسییەکانی ژیان جگە لە چۆڵەوانییەکانی ناخی خۆی، تەنیایە و ئەترسـێت و لە خۆی هەڵدێت و بە کەس ناگات.

تەنیایی وەهایە بە هیچ شـــتێک پڕ نابێتەوە، تا هەوڵ بدەی پڕی کەیتەوە، گەورەتری ئەکەیـت. ئەبێـت بێســـیـت، لە بەرامبەریدا بێسیت، بەهیز  بیت و ڕێگەی هیچ جووڵەیەکی نەدەیتێ.

جۆرێـک بوو کـاتێـک ئەیویســــــت ڕابردووی خۆی بگێڕیتەوە لەم قسەوە ئەپەڕییە ئەو قسە، هیچ قسەیەکی بە کۆتا نەئەگەیاند، وەک ئەوەی لەناو ئەم کێشەدا کێشەیەکی تر ڕوو بدا، لاڵ ئەبوو لە گێڕانەوە بە دەســـــت بە چاو بە گوێ ئەیگێڕایەوە و بۆی نەئەگێڕایەوە، ژیـان خەونێکی ئاڵۆزە و ناگێڕیەتەوە. لەو کەســـــانە بوو کە کاتێک خۆی ئەگێڕایەوە خۆی لە بەرچاوی گوێگرەکەی ئەخست، مرۆڤ هەرکات شـــــتێک بە تاســـــەوە بگێڕێتەوە لە گێڕانەوە و ڕووداوەکە کەم ئەکـاتەوە و لە بەرچـاوی گوێگرەکەی ئەخات. هەر کاتێک زۆر بە حەز و تاســـــەوە هاوڕێیەتی کەســـــێک بکەیت لە چەمکی هاوڕێیەتیت کەم کردۆتەوە و خۆت لە بەرچاوی ئەخەی. لەو کەســـــانە بوو کە بە هۆی حەز و دلســـۆزی زۆر بۆ هەر هەســـتێک دواتر بە خۆیدا

ئەشـکایەوە و هەسـتی بە هەڵە و تاوان بەرامبەر بە خۆی ئەکرد.

وەها بوو هەر کاتیش لە لای کەسـیـێک خۆی ئەگێڕایەوە، باسـی ڕابردووی ئەکرد دەس بەجێ پەشـیمان ئەبوو لە گێڕانەوەکەی، هەمیشـە لەگەڵ خۆی بڕیـاری دابوو کە تێکەڵی هیچ قسـە و باسـێک نەبێت، کاتێک تێکەڵ ئەبوو و قسـەی ئەکرد دواتر پەشـیمـان ئەبوو لە کارەکەی. بە جۆرێک کە تا ماوەیەک لە ئەلف تا بێ، لە پێویسـتترین وشـەکانی ژیانی ڕۆژانەیش بە دەمیدا نەئەهات، جۆرێک سـزای خۆی ئەدا و بە هیچ شـێوەیەک حەزی نەئەکرد ئەو کەسـە ببینێتەوە کە لەگەڵی قسـەی کردووە، بیری نەمابوو کە چی گێڕاوەتەوە لەو کاتانەدا وەک ئەوەی کە مەسـت و سـەرخۆش بێت، سـەرخۆشـی گێڕانەوە، دواتر نەیئەزانی چی وتووە، وەک ئەو کـاتـانەی کە ئەینووسـی و لەبەر سـەرخۆشـیی نووسـین نەیئەزانی چی نووسـیوە. وەک کەسێک کە بە قسە هێرش بکرێتە سەری و بۆ بەرگری لە خۆی نەزانێـت کە چی ئەڵێـت و چۆن بەرگری لە خۆی ئەکات، هەر لە خۆیەوە شـتانێک بڵێت کە خۆیشـی حەزی

لێیان نییە و باوەڕی پێیان نییە. نەیئەزانی، هیچ شـــتێکی نەئەزانی، واتای ئەو وشـــانەی نەئەزانی کە ڕابردووی پێ ئەگێڕایەوە، ژیان درۆیەک بوو کە بوون لەگەڵی کردبووی، درۆیەک کە هەر تاوە و بە جۆرێک ئەیگێڕایەوە.

پەشـیمانی، پەشـیمانی و خۆ بە کەم و تاوانبار زانین و ســـەر شـــۆڕی، هەموو کەســـێک لە خۆت بە زیاتر و سەرکەوتووتر زانین، تەنانەت ئەو کرێکارە زیرگن و چڵکن و بۆگەنانەی ناو هوتێلە کۆنەکەش، بیستنی لاف و گەزاف و تانەکانیان، لاف و تەشەری ئەو ترسنۆک و سواڵکەرانە، ترس، تەنانەت ترس لەو ترســنۆکانەش. ئەوانە کە ناتوانن ڕیپۆقی قوونی چاوەکانیشـیان بشـۆن، کرێکارە دەمبۆگەن و دیانڕزیوەکان، قیزەون و کۆنەدڕەکان، پاژنە قلێشاوەکان، ئەوانەی پشتدەس و سەرپێیان گەمڕەی کردووە و لەسەر پشتی کیسەڵی کۆن ئەچن. کاتێک ئەتەوێت کارێک یا باسی شـــتێک بکەیت ئەوانە بەرت پێ ئەگرن، تەنانەت بتەوێت کارێک بۆ خۆشـــیان بکەی یا داوای مافەکانیان بکەی گـاڵتەت پێئەکەن و بە دەرفەتێکی ئەزانن خۆیـان بە دەوڵەمەند و دەســـەڵاتدارەکاندا هەڵبواســـن، ئەوەندەی کە

ئەوان لەگەڵت سەخت ئەیگرن، ساحێبەکانیان نەرمترن، ئەوانە هەمیشە کاسەی لە ئاش گەرمترن، ئەوانە کە بۆ بە فازڵاوی سەرەشۆرگەی یەکدییۆ ئەکەن، دەرپێی ژنەکانی یەکتر ئەدزن، ئەوانە کە هیچ شتێکیان بۆ دۆڕاندن نییە، هیچ شتێک لە دەروونیانا نەماوەتۆ تا بیدۆڕێنن و بیکوژن.

بیرکردنەوە لە وازهێنان و گەڕانەوە، بە دەستەوەدانی ئەو شتە نهێنییەی بە نهێنی دوای کەوتووی، بە دەستەوەدانی ئەو شتەی بە دەستەوە نییە. ئەو دۆخەی کە خۆت تێیدای دروست نییە و ئەوانەیش ئەوان ئەیکەن هەڵەیە، ئەوەی کە ناتوانی بە ئاشکرا بڵێی چیم ئەوێ و خویشت نەزانی چیت ئەوێ.

خۆکوشتن و جێهێشتنی هەموو شتێک، تا لە شوێنێکەوە بەرت بە ڕوودانی گرتبێت تا ببیتە پینەیەک لە پینەکانی مەرگ و ژیان، خۆکوشتن کە درووماتی جارێکی تری ژیان و مەرگە، خوکوشتن، ناوبژیوانیکردنی نێوانی مەرگ و ژیان.

چەندین جار بڕیاری خۆکوشتنی دابوو، شوێنی و جۆری بۆ هەڵبژاردبوو، بڕێ جار کاغزیشی نووسیبوو، کاتێک

ئەگەشـــتەوە ئەو شـــوێنانە و ئەو کـاغزانە بەپەلە لێی هەڵدەهـاتن، ڕوانینی لە ســـەری هەڵدەگرت، هەوڵی ئەدا لەگەڵ کەس نەڕواتە ئەو شوێنانەوە، تەرمی ئەوی لێ بوو، لە هەر شـــوێنێک و چەندین جار چووبووەوە ســـەر تەرمەکانی خۆی، کە دەســـتی ئەدا کاغزەکان لە یەک دوو ڕســـتە زیاتری بۆ نەئەخوێنیایەوە، تووڕی ئەدا و لە خۆی تەریق ئەبووەوە، ئەگەر خۆم بکوشـــتایە گاڵتە بە هۆکاری خۆکوشـتنەکەم ئەکرا، هیچ کاتێک نەیئەتوانی هۆکارێک بۆ خۆکوشـتنەکەی بنووسـێت، مرۆڤ خۆیشـی نازانێت بە چ هۆکـارێـک خۆی ئەکوژێـت. بە هەر هۆکـارێـک خۆی بکوشـــتایە گوندییەکان گاڵتەیان پێ ئەکرد، ئەیزانی کە ئەوان چۆن بیر لە خۆکوشـــتنەکەی ئەکەنەوە، تەواوی هەوڵی ئەوە بوو کە ئەو ڕایەیـان بگۆڕێـت کە من بەو هۆکارانە خۆم نەکوشـــتووە، بە تەنیا هۆکارێک کە خۆی نەکوشـــتبوو ئەو هۆکارانە بوو کە ئەیانهێنایەوە لەســـەر خۆکوشـــتنەکەی، بۆ هیچ هۆکـارێکی تـایبەت خۆی نەئەکوشـــت، نـاتوانی خەڵکی تێبگەیەنیت کە لەبەر هیچ شتێک ئەو کارەت نەکردووە، ماندوو بووی، تەنیا ماندوو.

هیچ چارەیەکی نەبوو چ کوشتنی خۆی چ کوشتنی دەوروبەرییەکانی، بیری لە کوشتنی ئەوانیش کردبوۆ، پێی وابوو ئەبێت کارێکی وەها بکات تا باوەڕ بە بوونی بکەن، تا ئەوەندە نەوێرن سەرشاخ و بەربینی بگرن، گاڵتە بە جەستە لەڕ و لاواز و مەچەکە باریکەکانی بکەن. ئەیویست بێتە دەرەوە و هاوار بکات هاوار. بە هەموو هەڵسوکەوتەکانیان عاجز بوو، باوەڕی بە هیچ شتێکیان نەمابوو، کاتێک ئەبوونە جێگای باوەڕی کەسێکیش قینی لەو کەسەش هەڵئەگرت. هیچ غیرت و ورە و ئیرادەیەکی نەمابوو، کەوتبووە داوەوە، بۆسەیان بۆ دانابوو، ژیان بۆسەی بۆ دانابوو، بە وشە و ئاوات و ئامانج و واتاکان بۆسەی بۆ دانابوو، کەوتبووە داوی وشە و واتا و ئامانج و ئارەزوو و خەونەکانەوە، گیرابوو، دیل بوو دیل. نە توانای کوشتنی دەوروبەرییەکانی هەبوو نە کوشتنی خۆی، بووبووە داهۆڵێک، داهۆڵێک بۆ کردنی کارەکانی ڕۆژانەی ماڵەوەیان، کارەکان بە جۆرێک بووبوونە سڕکەر و دەرمانێک بۆی، خۆی پێوە سەرقاڵ ئەکردن و کات تێئەپەڕی، شەوانەش لە تاوی ماندوویێتی زوو خەو ئەیبردەوە.  تەواوی هەوڵی ئەوە بوو کە کارکردن تاوێک

لە بیرکردنەوە بیپارێزێت و لەبیری بچێتەوە و کای کۆنەی خۆی بە "با" نەکات، بەڵام نەبوو هیچ کار و پیشـــە و ئارەزوو و داهاتوو و دڵخۆشـــییەک نەبوو تا لە دەســـتی بیرکردنەوە ڕزگاری بکات. بڕێ جاریش خۆی بە پاڵەوانی ژیانی خۆی ئەزانی و ئەیوت لە چییەوە خۆم کرد بە چ بوونەوەرێک، ئەوانەی گاڵتەیان پێ ئەکرد هیچ کامیان نەیانتوانیبوو وەک ئەم خۆڕاگر بێت، شـــایەت بەو گاڵتەکردنە ویســـتبێتیان بیشـــکێنن و لە شـــوێنێک دەس هەڵبگرێت، ئەوەی ئەو کردبووی بە ئەوان نەئەکرا، ئەوانەش کە نەیکردبوو بە هیچ کەس نەئەکرا، بڕێ جاریش کە لە کێشـــەیەکی قووڵ ڕزگاری ئەبوو ئەوێســـا، وەک ئەوەی گەشـــتبێتە ســـەر لووتکەی شـــاخ و تەپۆڵکەیەک، ئەوێســـا و چاوێکی خێرای بە ڕابردوو و کێشـــەکە و شـــاخەکەدا ئەگێڕا و لێی ورد ئەبووەوە و بیری ئەکردەوە بەو کاتانەی ڕابردوو وەک ئەوە بوو کە بە ناو ئەشکەوتێکی تاریک و پێچا و پێچا هاتبێت و هیچ شـــتێک نەیەتەوە بەرچاوی و بیری نەیەتەوە، ترس و هەســـتی نامۆیی بە نســـبەتی ئەو ڕابردووە داگیری ئەکرد. لەوێ ئەیدی کە ئەوەندەش ســـەرلێشـــێواو و داڕما و ڕووخاو نییە کە

توانیویەتی ئەم دۆخە تێپەڕێنێت، لەوێ کە ئەوێسا ئەیبینی کە دەسەهەڵگری هیچ شتێک نەبووە، نە ئارەزوو و ئامانجەکانی خۆی نە کیشەکانی بنەماڵە و ژیان. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەستی داڕمان خێرا بەسەریدا زاڵ ئەبوو و هەستی بە هەزار لاوازی لە دەروونی خۆیدا ئەکرد.

لەبەر چاوی هەموو کەسێکدا ئێسکقورس و ڕەزاگران بوو، تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەم تۆزێک دڵی پێیان ئەکرایەوە و ئەیتوانی تۆزێک لەگەڵیان کێشەکانی ژیان و بنەماڵە و مێشکە ئاڵۆزەکەی خۆی لەبیر بکات، ئەوانەی کە تۆزێک لە خۆی بە نزیکی ئەزانین، ئەوانیش ئەمیان ڕەت ئەکردەوە، دەستیان لە ڕوویییەوە ئەنا، دەستی نهێنییان، ئەو کەسانەیان هەڵئەبژارد کە بە تەواوی دژی بیرکردنەوەکانیان بوون، ئەو کەسانەیان هەڵئەبژارد کە ئیستعداد و حەزی کۆیلە بوونیان بوو. نەیئەزانی چۆنیان تێبگەیەنێت، نەیئەتوانی دەس بە ڕووخانی ئەم هەموو خەڵک بیر و باوەڕ و هەڵوێستە بکات و ڕەخنە بگرێت، شی بکاتەوە کە ئەوانە چەندە لە ناوەوە و ژیان و

ڕابردووویاندا کۆیلە و جاش و بەرژەوەندیخوازن، بەڵام لە ڕواڵەتدا و لە جێگەی گەرمدا چەندە دەمیان گەرم ئەبوو و چەندەیان باس و باتەتی باشیان ئەسووتان و بە لاڕێیاندا ئەبرد، ئەوانەی باش ئەناسـی؛ پێشـمەرگەکانی شـەراب، کومونیسـتەکانی ناوگەڵان، شـۆڕشـگێڕانی مەسـتی، شـەهیدەکانی کونیاک. بۆ دەرکەوتنی ئەم کەسـانە تەنیا زەبر و زەنگ و ژیانێکی سەختتر پێویستە تا دەربکەوێت قولی ڕەش و سپی لە بوارا. لەم کاتانەدا ئەبێت بپاڕێیتەوە کە ئەو دۆخی زەبر و زەنگە درێژە بکێشێت تا ئەم کەسانە دەربکەون و پێویسـت بە وتن و باسـکردنی تۆ نەکات. ئەوانیش درۆ بوون، هەموو کەسـێک درۆیە. ئەیزانی کە دەوروبەری و هاوڕێکانی هەمیشـە بە نهێنی بەشـێک لە قسـە و باسـەکانیان لێ ئەدزییەوە و ئەیانبوارد لە بەشێک لە دانیشتن و بە یەک گەشتنەکانا. ئەو بڕوا تەواوەیان پێی نەبوو کە کەسـێک بەم پێگە و کەسـایەتییەوە بتوانێت کارێکی جیددی بکات و بنووسـێت. بە خۆیان ئەوت کە قسـە و نووسـراوەکانی لە خۆی ناچن و بڕواپێکردنی ئەسـتەمە، ئەمیان ئەیوت کە ئەم قسـانە لە فڵان کەس و مەجلیسـەوە فێر بووە، ئەویان ئەیوت کە ئەم قسـە و

نووســـراوەنە لە فڵان نووســـەری دزیوە. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هیچ مەجلیس و هـاوڕێ و نووســـەر و خـاس خوایەک نەبوو کە ئەم ئەوەنە جیدی ببینێت کە دەردەدڵێک، باســـێکی جیدی، یا نووســـراوە و شـــێعرێکی خۆیانی بۆ بخوێننەوە، هەموو کەســـێک لە خۆی بە خوارتری ئەزانی بە خۆیدا ئەپەرمایەوە وەکوو شـــاگرد و بەردەســـت و ســـەگی خۆی چاوی لێ بکات. هەموو بیر و ئـامـانجێک درۆیە، ئەوەی خۆیشـــی درۆیەک بوو، ئەمـانە بوو کە خستبوویە گومان لە خۆیشییەوە.

هەمیشــە وەهابوو چ لە کاتی ڕۆشــتن و ســەفەرا چ لە کاتی گەڕانەوەیا شەوانە خەو نەیئەبردەوە و تا دەمەوبەیان دڵەڕاوکێ و خەم و خەیاڵ و خۆشـــی و هەموو شـــتێ پێکەوە و ئاوێتە داگیری ئەکرد، هەر تاوە و بیر و خەیاڵێک ئەیبرد، هیچ داڵغە و خەیاڵێک وەک ئەوانەی ناو جێگە و خەو زڕاوی تۆقێنەر و دوور و درێژ و نامۆ نین و ناتوانی بەری پێ بگری. ئەتباتە ترســناکترین جێگەکانی ژیان، لەو کاتانەدا زۆر تەنیای ئیتر خەویش لە خۆی ئەتکاتە دەر، بیر لە تەواوی کەموکووڕییەکانت ئەکەیتۆ و لەو کاتەدا یەنەوە ناو بیرت، بڕێ جار زەمان بە ئەنقەســت ســووکت ئەکات، ئەو کاتانە چ زەجرێکی نامۆ و ئەبەدییە. بەبێ ئەوەی بزانێ خەو ئەیبردەوە بەڵام خەوی ئەو کات و شــەوانە ســووکە و قووڵ نابێتەوە و تێیدا ناحەســێیتەوە، کورت و کاتییە. تەنیا چاوەڕێی کاتێکی تێپەڕێ، ئەو جۆرە چاوەڕوانییانە گەشـــتێکە بە ناو کاتدا، کات لە خۆیدا

ئەتهێڵێتەوە، تێیدا ئەبەسـیت، نە ئەتوانی پاڵی پێوە بنێیت نە ئەتوانی ڕاییبکێشـی، چاوەڕوانییەکە لەنێو خودی کاتدا، کات ئەو شار و وڵاتەس کە معمار و میرزا و ئەندازیار و بەنای هەر خۆت بوویـت، لەوێـدا لە دەسـڪـاری تەنگەبەر و شارەکەی خۆت ئەترسیت. لە ئەشکەوتی خۆت.

ئەمە تـایبەتمەنـدیی هەموو کرێکـارەکـانە لە سـڵاو و مـاڵاوایی و خواحـافیزیـدا زۆر لەگەڵتا گەرم ئەیگرن، بەڵام لە پێکەوەبوون لە گەڵیاندا جگە لە سـەرباری هیچی تریان نییە.

زەختی ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی بۆ ڕۆشتن، ئەو بێقەراریە وای لێ ئەکات نییەی هیچ نەبات و هەسـت بە تێری بکات. هەر لە کـاتی ئەو ڕۆژانەی پێشـوودا کە زوو لەگەڵ کرێکارەکان هەڵئەسـا، ئەمڕۆیش هەر لەو کاتەدا خەبەری بووبووەوە، ئەو ڕووداوە چووبووە ناو ڕۆح و جەسـتە و خەو و هەموو جێگایەکییەوە و دایئەچڵەکاند، خەوی شپرز و هەستێکی نەناسراو دایئەگرت کە هەر سەعاتە و جارێک لە خەو ڕائەچەنی، ئیتر ئەو قورسـایە سـواری بووبوو، وەک دەردی گولی لە کۆڵی نەئەکەوت، پەلەی ئەکرد کە زوو بڕوات شـایەت بەو شـێوە لە ملی ببێتەوە و ئیتر

خۆیشــی کەمتر بیری لێبکاتۆ. هەڵســانەکەی تەنیا پەلەیەک بوو بۆ زوو دەرباز بوون، ئیتر ئەبووا بچووایە، ماوەکەی تەواو بووبوو، ئەبووا بچووایە ئیتر، تەواو، پازدە ڕۆژەکە تەواو بووبوو، کەم نییە پـازدە ڕۆژ، زۆریش نییە، تەواو بوو ئیتر ئەبووا بچێت.

خۆی کۆ ئەکـاتەوە چـاوێـک بە دەور و بەر و تەختەکەدا ئەگێڕێت، دەسـتێک لە گیرفانەکانی ئەدا، چاوێک لە جانتاکە ئەکا، چاوێک ئەگێڕێت بەوانا کە لەوێن، لەو ڕوانینانەی کە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی خۆی و هەمووان ئەکرد، وەک ئەوەی هەسـت بکا بەشـێک لە خۆی لەوێدا جێهێشـتووە و نـاتوانێ بیبینێتەوە و بە دوایـدا بگەڕێ، یەک دوو خول ئەخوات و بە دەم ڕۆشتنەوە بەپەلە خواحافیزی ئەکات.

ئەو فێنکی و ســــووکییەی هەوای دەم و بەیـانییە، ئەو شـــــارەی هێشـــــتا خۆر و گەرما و هەڵپەی کار و بازاڕ نەیشــێواندووە خۆشــییەکی چکۆلە ئەخەنە دڵی مرۆڤەوە، تۆزێک ساق ئەبیتەوە و هەست بە سـەرخۆ بوون ئەکەی، شـــتێکی تـازەس، بینینی خۆر هەڵاتن هەمیشـــە تـازە و نـاوازەیە، لەو کـاتـانەدا مرۆڤ زیـاتر تەحەموڵ ئەکرێت و ئەتوانی قەبووڵی یەکدی بکەن، لەو کـاتـانەدا دڵت نەرمتر

ئەبێت و زۆر خۆت بە نزیکتر ئەبینیت لەگەڵیان تا کاتەکانی تر، لە سروشت و بوون و هەموو شتێ.

لەو کات و ساتانەدا ئەکەویتە ناو ئەو ساوێرەوە کەوا ئەو ڕێگـا و بیرکردنەوە و دەمەوبەیـانی و شـــوێنە تـازە و خۆرهەڵاتن و چۆنێتیی مرۆڤ لە تەواوی حاڵەتەکـانیـا بە تایبەت لە دەمەوبەیانیدا، کاتێک تەنیایە و پەیوەندی تەک کەســا نییە جگە لە خۆی، ئەو هەوا تازەیەی هەڵی ئەمژێ و بەڕێدا ئەڕۆی، واهەســـتەکەی تەواوی ئەمـانە ڕێگـای ڕاســـتەقینەی دۆزینەوەی حەقێقەت و ژیـانە و تۆ تەنیـا کەسـی ئەمەت هەسـت پێکردووە و ئەزموونت کردووە، تۆ خۆت ئەمەت دۆزیوەتۆ و بە سڕی خوا و بوونت زانیوە لە کـاتی خۆرهەڵاتن و ڕۆژ بوونەوە، بەڵام هەموو ئەمـانە لە بیرێکی پڕ و پووچ زیــاتر هیچی تر نییە و بە هیچــت نــاگەیەنێ، مـرۆڤ بەردەوام پێـی وایە زۆر ڕووداو لە حەقێقەت نزیکی کردۆتۆ و لە هەموو شـتێ تێگەشـتووە و پوختە بووە، بەڵام هەر ئەو کەســانەن کە خۆیان بە نزیک ئەزانن لە حەقێقەت و ژیان و ڕاسـتی و زۆر شـتیان دیوە، هەر ئەوانەن زۆرترین هەڵە ئەکەن و هەموو شـتێ کەتمان ئەکەن، مرۆڤ زۆرینەی ئەوانەی بیریـان پێئەکـاتەوە و

ئەیانبینێ و ئەیان کات لە چەن ڕووداو و بیرۆکە و شـــتی پووچ زیاتر هیچی تر نین و بە هیچت ناگەیەنن.

بەپەلە خۆی ئەگەیەنێتە ئەو پاسانەی کە بەرەو سنوور سوار ئەکەن یا باشترە بڵێم بەرەو شارانی سەر سنوور ســـوار ئەکەن، ئەو شـــۆفیر و کەس و شـــوێنانەی کە نەشـــتدیبێتن بەبێ هیچ هێما و ئاماژە و تابلۆیەکا ئەتوانی بیاندۆزیتەوە و بیانناســـیتەوە. نەک ئەوانەوا هەســـتەکرد هەموو خەڵکی ئەو شارەشی دیوە و ئەیانناسێت و پێشتر لە جێگایەک بینیونی. لە لای ئەو یەکێک لە تایبەتمەندیاکانی دەســـەڵات ئەوەیە کە ســـڕوتڕی خۆی بشـــارێتەوە و سڕوتڕی ئەم خەڵکە لە یەکدی ئاشکرا بکات. سڕوتڕی ئەو خەڵکە ئاشکرا کرابوو، ئەو خەڵکە کە ئیتر وات هەستەکرد ئیتر هیچ شـــتێکیان نییە کە شـــاریاوە بێت، کاتێک کۆمەڵگا هیچ شـــتێکی شـــاریاوەی نامێنێت و ڕوون ئەبێتەوە هێزی خۆی لە دەس ئەدات، وەهم و ترســـی نامێنێت، تا زەمانێک زیندووە کە ئەوەندە ڕوون نەبێت و هەر ئەگەرێکی لێ چاوەڕوان بکرێت. کۆمەڵگایەکی مردوو، کۆمەڵگایەکە وەک

ئەو چەپاڵە دەســـــە وایە و لە خاس و خراپ پێئەکەنێ و ئاوێتەی هەموو شت و قسەیە ئەبێ.

تا زیاتر پێ هەڵئەگرێت دەنگێکیش زیاتر بەرەو پیری ئەوەوە دێــت و لێی نزیــک ئەبێتەوە دەنگێــک کە لە چایخانەیەکەوە دێتەدەر، دەنگێک کە ئەو هەستەت پێ بدات وەک ئەوەی کە تۆ لە شــــەڕدا بووبێتی یا لە جێگەیەک هێنــدە لەم ژیــانە دوور کەوتبێتەوە، کە ئەو گۆرانییە بتگێڕێتەوە ناو چەقی ژیان، بیرت بخاتەوە مەرگ و ژیان، ئەویش ئەو دەنگەی تــایەر تۆفیق کە لە ئــارامیــدا بەرەو مەرگ پەلکێشـــت ئەکات و لە شـــەڕ و پرتووکانی ڕۆح و کــات و ژیــانــدا ئەتگێڕنەوە نــاو چەقی تەمەن و ژیــانی ڕاستەقینە، ئەتگێڕنەوە ناو سەنگەری خۆت.

بەبێ ئەوەی هێشــتا هیچ مســافرێکی تر هەبێت بە تەنیا لەنێو ماشـــینەکەدا دائەنیشـــێ و چاوەڕێ ئەکات و ئەو دەنگەی تــایەر تۆفیق لێی نــابێتەوە. خۆی لە دەنگەکە ئەدزییەوە وای هەســتە کرد بەو کارەی کردوویەتی پابەند نەبووە بەو دەنگ و بیر و کەســـانە، بەو ڕەســـەنایەتییە، مرۆڤ لە گێژاودا ڕەســـەن و ڕەگەزی خۆی لە بیر ئەکات و بۆی گرنگ نامێنێت، هیچ لەوانەی کە پێتەوە ئەتناسـن بە

خۆتەوە ناهێڵی، بێ ئەوەی بە دەم بیڵێی حاشات لە هەموو شـــتێ کردووە. ئیتر ئەو لای دابوو، وای هەســـتەکرد لای داوە و ڕووی نەبوو و شەرمەزار خۆی بە شایستەی ئەوە نەئەزانی جارێکی تر گوێی بۆ بگرێتەوە.

تووڕە بوو، لەو کاتانەدا تووڕەی کە تۆ هەموو شــــتێ لە ناخی خۆتا بڕووخێنی و نەیهێڵی و لێی دوور بکەویتەوە، ئەو واتا و مۆرک و ڕەســــەنایەتییە هەر ئەمێنێت و پێت ئەگەنەوە، لە گۆرانییەکدا بێت، لە ڕووداوێکدا بێت، لەو شــــوێنەی کە تۆ هیچ چاوەڕوان نیت لەوێدا یەخەت پێ ئەگرنەوە و زیندوو ئەبنەوە، لەو کاتانەدا پێت خۆشــــە کە تەواوی ژێرخانی ئەو واتا و ڕەســــەنایەتی و حەقێقەت و بیر و باوەڕانە بفرۆشیت و نەمێنێت بۆ هەمیشە.

مســـافرەکانی تریش دێن، ماشـــینەکە پڕ ئەبێت و بەڕێ ئەکەون، باســــەکان گەرم ئەکەن، لەو باســــانەی کە بەو قەنـــاعەتەو ئەگەیەنن مرۆڤی ئەم ســــەردەمە مرۆڤێکی هۆشیارە و وەک ئەوانەی پێش خۆیان نین تا ڕەشوسپی لە یەکـدی جیـا نەکەنەوە، خۆیـان بە خۆیـان ئەڵێن کە هۆشـــیارن، ئەمیان بەویان ئەڵێت، مرۆڤی ئەم ســــەردەمە

تەنیا شـــەڕیان لەگەڵ یەکتری لەســـەر زانیاری زیاترە لە بەرابەری یەکدا. وەک ئەوەی زانیـاریی زیـاتر پەیوەنـدی ببێت بە ســـوودی زیاتر و دەســـکەوتی زیاتر و پێگەی زیاترەوە.

لەنێو ئەم باسانەدا ئەو نادیارە دێت و هەڵی ئەلووشێت و ونی ئەکات و ئەیباتەوە ئەو دنیا نهێنییەی خۆی و لە ناخەوە ئەڵێت ئەمەیە ئەو شـــار و هەرێمە ئازادە، کوا ئازادی؟ کـامەیە؟ چۆن چـاو ئەکرێ بـا چـاوی کەم و بیگێڕمەوە، ئەبێت بە چیدا وڵاتێکی ئازاد و داگیرکراو لە یەکدی جیا بکەیتەوە، مرۆڤی کۆمەڵگای ئازاد چۆنن و بە چییەوە ســەرقاڵن و قســە و باســیان کامەیە، جیاوازییان لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگـای تواوە و داگیرکراو کـامەیە. مرۆڤی ئازاد چۆن و بە چی بیر ئەکاتەوە.

گریمان دوو کەس یەک دەرد و خەمی هاوبەشـــیان بوو، خـۆ یەک بەرژەوەنـدیـی هـاوبەشـــیـان نـیـیە و بەرژەوەندییەکانیان جیایە. گریمان دوو کەس یەک زمان و خاک و ماڵ و گوند و شـاری هاوبەشیان بوو، خۆ یەک بیرکردنەوەی هاوبەشـیان نییە. داینێین کێشـەکان یەک بن

خۆ هەوڵەکـان جیـان، ڕێگـاچـارەکـان جیـان، لێکـدانەوە و هەڵوێست و بۆچوونەکان جیان.

قســـــەکردن و دەردەدڵ و بۆچوونەکانی نە تەنیا لای خەڵکی تەنانەت بە لای خۆیشـــــیەوە جۆرێک بای ســـــک دەرکردن بوو و هیچی تر. ڕاسـت وتراوە قسـە تا نەکراوە گەوهەرە زێڕە، کە کرا زێڕی دەمگێڕە، تەنـانەت زۆر بیرکردنەوە بە زۆر شـــــت لە بـایەخی کەم ئەکـاتەوە، کێشـەیەک کە ببێتە کێشـەی گشـتی و هەمووان دەرکی پێ بکەن، قسـە و گرفتێک کە بکەوێتە دەمی هەمووان و تێکڕا بیکەن، باسی بکەن چارەنووس و چارەسەری ئەو کێشەیە ئەخاتە ناڕوونی و تاریکییەوە. کێشـــەکانی ئەم ســـەردەمە زۆر باســـــکردن و لێکدانەوەیان ئاســـــایی کردوونەتۆ و ڕاهاتنی تەکیاندا ســانا کردۆتەوە. مرۆڤ تا زیاتر لە خۆی بڵێ زیاتر خۆی شــــی ئەکاتەوە، خۆی شــــل ئەکاتەوە و هەموو دەستێکی تێ ئەچێت.

چما قســـەکانم بۆ خۆیشـــم بای ســـک دەرکردنە، مەگەر ئەوانە حەقیقەت و ڕاستی نین، مەگەر هەر بۆ خۆم ڕوویان نەداوە، تا ســـــەر ئێســـک نەیان ژاکاندووم، ئەگەر ئەمانە

نەگێڕیەتەوە ئەبێت چ شـــتێک باس بکرێت و بگێڕیەتەوە، چۆنە کە بۆ خۆیشـــم بێبایەخ بوون، ئەوانەی خەڵک ئەیان گێڕێتەوە گەلێک لەوانەی من کەمترن بۆ بە دەمی ئەوان خۆشە و بایەخدار، بۆ ڕابردوو و ڕووداوی ئەوان ئەکرێتە دەرس و ئەزموون و تەنانەت خەڵکی دیکەش ئەیانگێڕێتەوە، بۆ لە بزن عادەتە و لە مەڕ عیبرەتە.

ئەو قســـە و گێڕانەوانەی من ناڕاســـتەوخۆ کێ و کویا ئەکاتە ئامانج، کێی پێ تاوانبار ئەبێت، چ شـــتێک ئەخاتە مەترســـییەوە کە خۆم پێی نازانم، چما ئێش بە ناخ خەڵک ئەگەیەنێت، من کە لە دەردی خۆم ئەڵێم جگە لە کەموکووڕی و دەردی خۆم کەموکووڕی و دەردی چ کەسێکم خستۆتە ڕوو. ئەو تەقە هەواییە بێسەر بەرانە کە ڕووەو ئاســـمان ئەیانکەم لە کام بەڕ و بەحری نادیارادا ئەکەوێتەوە، لە کام مەبەستا، کە ئەو قسانە هیچ بیستنێک قەرزار نییە و هەموو چۆڵەوانییەکی مەبەستە.

کاتێک چاو ئەکاتەوە بیرکردنەوە وەک گولەیەکی وێڵ تووڕی داوەتە سەر سنوورەوە، سەرسنوور کە بەبێ هیچ هۆیەک لێدانی دڵت خێرا ئەکاتەوە، هیچ تاوانێکت نەکردبێ

هەر تاوانباری و ترسێکت هەیە کە ئەتوانن گیر بە عەرز و عاســـمانت بدەن و تۆ باش نەتوانی بەرگری لە خۆت بکەیت، ســەرسنوور کە بەرزەخی نێوانی دوو وڵاتە، دوو خەڵک، دوو بەرژەوەندیی جیا، دوو شــەریک، سنوور ئەو ناشـــوێنەس کە گوڵە وێڵەکان لەوێ ئەنیشـــنەوە، لەوێ ئەتپشـــکنن، لەوێ کە دوو خاک و وڵات ئاوێتەی یەکدی ئەبن کە ئەمبەری بێ ئەوبەری هەڵ نـاکـات و بوونی نـامێنێت، لەوێ هەموو جمگەیەکت ترســـی تێ ئەزێ و چاوت زەرد ئەبێ و هەنگاوت شـــل و لە بەســـتەزمانێک زیاتر هیچت لێ نامێنێتەوە، ســـنوورەکان بێدەســـەڵاتت ئەکەن و لە هەموو شتێ دات ئەماڵن وەک ئەوەی بفڕێت و بە سەر زەویدا نەچێت.

هەنگاوی گواستۆتەوە، بێکێشـە سنووری تێپەڕاندووە، هیچ ســەرپێچییەکی یاسـای نەکردووە، گەشتۆتەوە خاکی خۆی، گەشـــتۆتەوە وڵاتی خۆی گەر یەک هەنگاویش بێت ئیتر جیاوازی نییە تێی پەڕاندووە و تەواو، تێی پەڕاندووە، بێ کێشـــە ڕەت بوویت بەڵام هەر ترســـێکت لە دڵدایە، هاتوویتەتەوە وڵاتی خۆت، بەڵام هەســتەکەی هێشـتا جیا

نەبوویەتەوە و خاک و وڵاتێکی ترت ئاوێتەس، ســـــنوور ئاوێتەبوون و ڕامووســـــانە، هاتوویەتەوە، بەڵام هێشـــــتا سێبەری وڵاتێکی ترت بە سەرەوەیە و هەستی پێ ئەکەی.

کاتێک ئەو هەیبەت و ترس و نامۆییە ئاوێتەی بووبوو و دەوریان دابوو و ونیان کردبوو بە زەنگی گووشـــییەکەیدا دائەچڵەکێتەوە و ئەکەوێتەوە ســەر عەرز، چاوی لێ ئەکات هەر ئەوە، ژمارەکەی ئەوە، وڵام ناداتەوە و بێدەنگی ئەکات و لە گیرفانی ئەنێتەوە، بە بێدەنگ کراویش هەر هەســـــتی پێ ئەکات کە تا کەی زەنگ ئەخوات، بێدەنگی ئەکات، وەک ئەوەی بیەوێت هەموو شــتێک بیر باتەوە و بە ژێر لچیەوە بکاتەوە.

جانتاکەی هەڵ ئەگرێت، چاوێک لە دەوروبەری ئەکات. ژیان ئاســـــاییە و خەڵکی ڕاهاتوون بە ســـــنوورەکان، نە بۆیان نامۆیە و نە ترســـی تیایە و نە هەیبەتی بۆیان هەیە، زۆر ئاسایی دێن و دەڕۆن و دەنگ هەڵئەبڕن و هەر کەسە و کاری خۆی ئەکات. هێواش جانتاکە هەڵئەگرێ و مل شۆڕ ئەکاتەوە و بەرەو ماڵ و زێدی خۆی بەڕێ ئەکەوێ.